


دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٣١
www. kurdistanukurd.com
شەممە ٢٩ی رەشەمەی ١٣٨٨ ـ ٢٠ی مارسی ٢٠١٠ ـ ١٥٠ تمەن ● ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



**پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان**

کوردستانی



**هەڵەبجە، ژانی بەسۆ**

### خالید عەزیزی لە پەیامی نەورۆزیدا:

# بە جێژنی نەورۆز و بەهارێکی تازە، ساڵێکی نوێ لە خەبات دەست پێ دەکەین


پێشوازی لە نەورۆزی ٨٩ - شنۆ

بەرێز خالید عەزیزی لە پەیامی نەورۆزیی خۆیدا، رووبە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری رایگەیاند کە خەبات لە پێناو دێموکراسی و رزگاریی نەتەوەیی ئەرکی هەموو تاکێکی کوردە و جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانیش دەتوانێ هاندەرێکی بەهێز بێ بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی نەتەوایەتیمان.

سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا رایگەیاند ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستان باوەڕمان بەوە هەیە کە خەبات لە پێناوی رزگاریی نەتەوایەتیی کورد و دێموکراسی، ئەرکی تاك بە تاکی دانیشتووانی کوردستانە بە هەموو چین و توێژو زاراوە و ئایینەکانەوە، بۆیە هیوادارام بتوانین جێژنی نەورۆز کە جێژنی هاوبەشی هەموومانە بکەینە سەرەتا و هاندەرێکی باش بۆ یەکگرتوویی نەتەوەییمان.

خالید عەزیزی هەروەها لە درێژەدا هیوای خواست کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ساڵی داهاتوودا زیاتر لە رابردوو لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران دا بەشدار بن و بە تێکەڵاوی و چالاکیی خۆیان لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران ئەو هومێدە پتر بەهێز بکەن کە کۆماری ئیسلامی شایانی خەڵکی ئێران و کوردستان نیە و دەبێ هەرچی زووتر بڕوا.

دەقی پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لاپەرە ٣ی ئەم ژمارەیەدا بخوێننەوە.

## لە دەروازەی ساڵێکی نوێدا

قادر وریا

بە بۆنەی هاتنی نەورۆزو ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوییەوە، گەرمترین پیرۆزبایی لە گەلی کوردو هاونیشتمانانمان بەگشتی و خوێنەرانی "کوردستان" بە تایبەتی دەکەین. بۆ هەموو ئۆگرانی نەورۆزو نوێبوونەوەو بۆ سەرجەم ئەویندارانی بەهارو جوانی، نەورۆزو بەهارو ساڵێکی خۆش بە ئاوات دەخوازین.

ساڵی ١٣٨٨ بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ خەڵکی ئێران ساڵێکی گرنگ بوون. لەم ساڵەدا دەرفەت و بۆنەی جۆراوجۆر هاتنە پێش کە هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵانی خەڵك هەوڵیان دا بە قازانجی بەرەوپێشبردنی ویستەکانی خۆیان و بە مەبەستی بەربەرەکانی لەگەڵ سیاسەت و بەرنامەو پیلانەکانی بڕیاربەدەستانی رێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی کەڵکیان لێ وەربگرن. دیارە هەڵبژاردنی سەرکۆماری و رووداوەکانی دواتر، زیاتر لە هەر دەرفەت و بۆنەیەکی دیکە، خەڵکی تینووی ئازادی و دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆیان لە بەرامبەر یەکتردا راگرت و، شوێنیان دانایە سەر ریزبەندی و ئارایشی سیاسی لە نێو دەسەڵات و لە نێو ئۆپۆزیسیۆندا. حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی روانینێکی وەك یەکیان بۆ ئەم دەرفەتەو کەڵك لێوەرگرتنیان بە قازانجی هێنانە گۆڕی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان، پتر لە پێشوو لێك نزیك بوونەوە.

گەرچی، نارەزایەتی دەربڕین لە کوردستان لە شکڵ و شێوەی ئەو خۆپێشاندانە گەورانەدا نەبوو کە لە تاران و شارە گەورەکان روویان دا، بەڵام سەرکوت و توندوتیژی لە کوردستان، کەمتر لە بەشەکانی دیکەی ئێران نەبوو. راپێچ کردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی بۆ بەندیخانەکان، بە مەرگ مەحکووم کردن و ئیعدامی بەندییە سیاسییەکان، زەبروەشاندن لە پێشمەرگەو تێکۆشەرانی رێکخراوەسیاسییەکان، کوشتارو راوڕووتی خەڵکی زەحمەتکێش و، جێگیرکردنی حکوومەتی نیزامی و هێرش بۆ سەر سەرەتایی ترین مافەکانی خەڵك، تێکەڵ بە ژیانی رۆژانەی خەڵکی کوردستان بوون. بەڵام سەرکوت و توندوتیژی و حکوومەتی نیزامی، هەر وا کە لە تاران و شارە گەورەکان، نەبوون بە هۆی دامرکانەوەی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو رێژیمە، لە کوردستانیش گیانی بەرخۆدان نەك هەر رووی لە کزی نەکرد، بەڵکوو بەهێزتر بوو. ئەوەی لە چوارشەممە سووری و بەرەبەری نەورۆزدا لە شارەکانی کوردستان و لە ئاستی ئێران دا بینیمان و دەیبینین، شێلگیربوونی خەڵکی وڵاتەکەمان لە سەر خەبات دژی ئەو رێژیمەیان سەلماندۆتەوە.بەم پێیە، ساڵی نوێ بۆ هێزە سیاسییە ئازادیخوازەکان و بۆ خەڵکی خەباتگێڕ، ساڵی تەواو کردنی کارە تەواو نەکراوەکانی ساڵی تێپەڕبووەدەبێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی نوێدا، هەوڵدان بۆ پێکهاتنی کۆدەنگی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و، کەڵکوەرگرتن لە هەلومەرجی نوێی ئێران بە قازانجی بەرەوپێشبردنی پرسی کورد لەم وڵاتەدا، بەگوڕتر لە پێشوو درێژە دەدا.

بەم هیوایە بە هەوڵ و خەباتی هەموو لایەکمان، ساڵی ١٣٨٩ بکەین بە ساڵی بەرەوپێشبردنی هەرچی زیاتری خەباتی ئازادیخوازی لە کوردستان و سەرانسەری ئێران .

## حوکمی ٨٦ کەس لە دەسبەسەرکراوانی خۆپیشاندانەکانی چەند مانگی رابردوو قەتعی بوو



دادگای شۆڕشی شاری تاران رایگەیاند کە ٨٦ کەس لە دەسبەسەر کراوانی خۆپیشاندانەکانی چەند مانگی رابردوو حوکمی قەتعییان بۆ دەرچووە.

دادگای شۆڕشی شاری تاران لە راگەیەندراوێك دا ئەو ٨٦ کەسەی بە هەوڵدان دژی ئاسایشی نەتەوەیی، پڕوپاگەندە دژی رێژیم، ئەندامێتی لە رێکخراوەکانی دژە شۆڕش و بەشداری لە کۆبوونەوەی نایاسایی و... تاوانبار کراوە. تا ئێستا دادگای شۆڕشی تاران ناوی حوکمە سەپێندراوەکانی بەسەر ئەو ٨٦ کەسەدا رانەگەیاندوە.

جێی وەبیر هێنانەوەیە کە هەر چەند رۆژ لەمەوبەر دادگای شۆڕشی تاران حوکمی لە سێدارەدانی بەسەر ٦ کەس لەو دەسبەسەر کراوانەدا سەپاند کە لەگەڵ نارەزایەتیی رێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ رووبەروو بۆوە. هەروەها دەوڵەتی ئەمریکا سەپاندنی حوکمی ئێعدامی بەسەر ئەو ٦ کەسەدا مەحکووم کرد و خوازیاری هەڵوەشانەوەی حوکمەکانیان بوو. تا ئێستا ناوی ئەو ٦ کەسەش ئاشکرا نەبووە، بەڵام دەوترێ یەکێك لەو ٦ کەسە، ئەمیر حوسێن وەلیان، ئەندامی ستادی خوێندکاری میرحوسێن مووسەوییە کە تەنیا ٢٠ ساڵی تەمەنە.

## لە رۆژی چوارشەممە سووری دا خەڵک جارێکی دیکە دژی رێژیم هاتنە سەرشەقامەکان



بە پێی هەواڵ و زانیارییەکان، سەر لە ئێوارەی رۆژی سێ شەممە، ٢٥ی رەشەمە خەڵکی تاران و زۆربەی هەرەزۆری شارو ناوچەکانی ئێران، سەرەڕای دژایەتی کردنی رێژیم، هاتنە سەر شەقامەکان و رێورەسمی چوارشەممە سوورییان بە گوڕتر لە ساڵانی رابردوو بەڕێوە برد.

رێوڕەسمی چوارشەممە سووری، ئەمساڵ لە کەش و هەوایەکی تەواو ئەمنییەتی دا بەڕێوە چوو و لە رۆژانی پێشتریش دا رێبەرانی رێژیم بە دەرکردنی فتوا و هەڕەشە کردن لە خەڵك هەوڵیان دەدا کە پێش بە بەڕێوە چوونی بگرن. زۆربەی چاوەدێرانی سیاسیی پێیان وایە کە چوارشەممە سووریی ئەمساڵ، سیاسیترین چوارشەممە سووریی لە ٣١ ساڵی رابردوودا بووە.

بە پێی هەواڵەکان لە بەشێکی بەرچاوی مەیدانەکانی شاری تاران بە هەزاران کەس خەڵك کۆبوونەتەوە و دژی رێژیم دروشمیان داوە و وێنەکانی خامنەیی رێبەری رێژیمیان سووتاندوە. دەوترێ لە تاران زیاتر لە ١٠٠ کەس دەسبەسەر کراون، بەڵام فەرماندەی هێزەکانی رێژیم لەم پێوەندییەدا تەنیا هەواڵی دەسبەسەر کرانی ٥٠ کەسی پشتراست کردووە.

هەروەها ئاژانسەکانی هەواڵ بڵاویان کردووە کە لە شارەکانی رەشت، ئیسفەهان، ئەهواز، مەشهەد، شیرازو تەورێزیش خەڵك بە شێوەیەکی بەرچاو هاتوونەتە سەر شەقامەکان و دژی رێژیم دروشمیان داوە و لە زۆر شوێنی ئەو شارانەش دا خەڵك و هێزەکانی رێژیم دەرگیر بوون.

## بەڕێوەچوونی رێوڕەسمی چوارشەممەسووری لە شار و گوندەکانی کوردستان



خەڵکی کوردستان بە شکۆیەکی مەزنەوە بەرەو پیلی چوارشەمەسووری و نەورۆزەوە چوون، بەڵام هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە تەقە کردن لە لاوانی کوردستان کارناواڵی خۆشیی خەڵکیان لە خوین گەوزاند.

رۆژی سێشەممە، ٢٥ی رەشەمە ، هاوکات لەگەڵ دوایین چوارشەممەی سەری ساڵ ، خەڵکی کوردستان ئاگریی خۆشییان کردەوە و لە زۆربەی کۆڵان و شەقامەکانی شارەکان دەنگی تەقاندنەوەی یارییە ئاگرییەکان دەبیستران و کوردستانیش وەك زۆربەی شارەکانی دیکەی ئێران بوو بە گۆڕەپانی نارەزایەتیی خەڵک دژ بە حکومەتی کۆماری ئیسلامی.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کە بە "کوردستان و کورد نیوز" گەیشتوون، هەر لەو رۆژە دا لە شاری سنە ١٦ کەس بریندار بوون.

ئەگەرچی دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامی بە پێی لێدوانی سەرۆکی زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی کوردستان رایگەیاندوە کە ئەو ١٦ کەسە بە هۆی ئاوری چوارشەممە سوورییەوە بریندار بوون، بەڵام هەواڵەکان باس لە ئامادەباشیی هێزەکانی رێژیم لەو شارە دەکەن و بریندارەکان بۆ نەخۆشخانەی بیعسەتی شاری سنە گوازراونەوە.

لە شاری سەقزیش ئێوارەی ڕۆژی ٢٥ی رەشەمە رێورەسمی چوارشەممە سوری بەڕێوەچوو و لە زۆربەی کۆڵانەکانی ئەم شارە ئاگر کرایەوە و لاوان و منداڵان بە هەڵکردن و تەقاندنەوەی یارییە ئاگرینەکانی نەورۆزی، پێشوازییان لەم رۆژە کرد. لەو شارەش دا هێزە ئەمنیەتییەکانی رێژیم لە حاڵەتی ئامادەباش دابوون و هەر جۆرە جموجۆڵێکیان خستبووە ژێر چاوەدێرییەوە.

زانیارییەکان لە مەریوانیش باس لەوە دەکەن کە ئەو شارەش لە ژێر چاوەدێریی توندی هێزە حکوومەتییەکان دا بووە و ژمارەیەکی زۆر لە هێزە ئەمنیەتییەکان لە نێو شاری مەریوان دەستیان کردوە بە مانۆر لێدان و هاتوچۆ بە نێو شوێنە گشتیەکان دا.

هەر لەم بارەیەوە لە لاپەرەی ٧ راپۆرتێک بخوێنەوە

## رەوشی نالەباری ٣ی چالاکی سیاسیی کورد لە وڵاتی ئەرمەنستان



بارودۆخی سێ چالاکی کورد لە وڵاتی ئەرمەنستان نالەبار راگەیەندراوە.

سێ چالاکی کورد کە لە هەشت رۆژ لەوە پێشەوە بە نیشانەی ئێعتراز بە ناڕوونیی چارەنووسیان مانیان لە خواردن گرتوە لە رەوشێکی نالەباردا بەسەر دەبەن.

بە پێی هەواڵی رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی کوردستان نگار موردادی، ئەنوەر و خالید مینازادە کە لە سێ مانگ لەوە پێشەوە بە مەبەستی وەرگرتنی پەنابەری لە وڵاتێکی ئورووپاییدا روویان لە ئەرمەنستان کردوە، بە نیشانەی نارەزایەتی بە ناروونی چارەنووسیان لە بەرانبەر نووسینگەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لەو وڵاتەدا مانیان لە خواردن گرتوە.

بەپێی قسەی هاوڕێیانی ئەم سێ کەسە خالید مینازادە کە پێشتر ١٥ساڵ لە بەندیخانەدا بووە لە رەوشێکی زۆر خراپدا بە سەر دەبا.

شایانی باسە کە جگە لە یەك کەس لە رێکخراوەی نێونەتەوەیی لێبوردن تا ئێستا کەس پێوەندیی بەم سێ کەسەوە نەکردوە و کارمەندانی نەتەوەیەکگرتووەکانیش بەردەوام هەڕەشەی رادەستکردنەوە بە ئێرانیان لێ دەکەن .

# بەڕێوەچوونی سمینارێک بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک






**کوردستان:** یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سمینارێکی بە بۆنەی ٨ ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان بەڕێوە برد.

ڕۆژی دووشەممە ١٧ی ڕەشەمە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە سمینارێک لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە یەکێک لە سالۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسیی حدک پێک هات.

لەو سمینارە دا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنان و کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان تێیدا بەشدار بوون ، دوکتور ناسر سیمایی، مامۆستای زانکۆ و ڕاوێژکاری بنەماڵە، باسێکی لەسەر دەروونناسیی بەشداریی ژنان لە جووڵانەوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە دا پێشکەش کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا خاتوو شیرین ڕۆژە، ئەندامی چالاکی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان و چالاکی بواری مافی ژنان ، باسێکی سەبارەت بە بایەخی زمانی زگماکی و ئەرکی دایکان لەسەر زمانی زگماکی و فێرکردنی منداڵان پێشکەش کرد.

شایانی باسە لە بەشێکی دیکەی ئەو سمینارە، پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان بە بۆنەی ٨ ی مارس ، لە لایەن زۆلەیخا جەشنی ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەو یەکیەتییەوە خوێندرایەوە.

# لە ئاڵمان سمینارێک لەسەر خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانەی ئێران، جێگەی کورد لەو سەرهەڵدانەدا، نەقشی ژنان و هەڵوێستی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەچوو

**کوردستان:**

ڕۆژی شەممە، ١٥ ی ڕەشەمە بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتووی ئاڵمان لە شاری کۆلن سمینارێک بە بەشداریی بەڕێزان کوێستان گادانی نوێنەریی حدک و سی لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنووس دوکتور گوڵمراد مرادی، کاک مەنسوور سدقی و کاک ناسر ئێرانپوور بۆ باس و دیالۆگ لەسەر ڕاپەڕینەکانی ئەم دواییانەی ئێران ، جێگەی کورد لەم ڕاپەڕینە ، نەقشی ژنان و هەڵوێستی هێزوکەسایەتییە سیاسییەکان بەڕێوەچوو .

لەم سمینارەدا هاوبەشەدا هەرکام لەو بەڕێزانە بیروبۆچوونی خۆیان باس کرد .

خاتوو کوێستان گادانی لە قسەکانی دا ئاماژەی بە هەڵوێستی حدک لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری و هەروەها ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردن و هەوڵدان بۆ هاودەنگیی لە نێوان هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو بوارەدا و پشتگیریی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە قاو دانی کردەوەکانی حکوومەتی ئیسلامیی دژ بە گەلانی ئێران و بەتایبەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران کرد.

کاک مەنسوور سدقی، لە قسەکانی دا ئاماژەی بە بەربەرەکانیی ٣٠ ساڵەی گەلان دژ بە کۆماری ئیسلامی لەم ماوەیەدا کرد و گوتی بەڵام بەربەرەکانی هەشت مانگی ڕابردوو، زۆرتر ڕقی پەنگخواردووی چینێکی مامناوەندی یە کە لە شارەگەورەکان خۆی نواندوە و خوازیاری بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتە. هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو جووڵانەوەیە ڕێک نیشانەی لە سەرانی کۆماری ئیسلامی گرتوە. بەڕێزیان ئاماژەی بە ڕۆلی کورد بە تایبەتی خوێندکارانی کورد کرد کە بە ویست و داخوازی نەتەوەیی دێنە شەقامەکان.

کاک دوکتور گوڵمراد مرادی لە قسەکانی دا ئاماژەی بە خۆپیشاندانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کردو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئەم جووڵانەوەیە ئاکامی خەباتی ٣٠ ساڵەی گەلانی ئێران و بە تایبەت گەلی کورد دژی کۆماری ئیسلامی یە. بەڕێزیان هەروەها بە زۆر بەڵگەوە ئەو بۆچوونانەی ڕەدی کردەوە کە پێیان وایە کورد لەو سەرهەڵدانەدا بەشدار نیە . لە تەوەرێکی دیکەی قسەکانی دا پێی وابوو کە دەبێ ئێمە بە پلاتفۆرمی کوردی، بەشداری لەهەر چەشنە سەرهەڵدانێک دا بکەین تاکوو وەک شۆڕشی ٥٧ بێ‌کڵاو نەمێنینەوەو خۆمان بە ساحێب و ڕێبەری ئەو سەرهەڵدانانە بزانین .

کاک ناسر ئێرانپوور، لە قسەکانی دا باسی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی سەرهەڵدانەکانی ئەم دواییانەی کردو گوتی کە هیزە سیاسیەکانی کورد نەیانتوانی ئەم جۆرە کە پیویست بوو ، خۆیان دەگەڵ هیزە ئێرانیەکان و بەتایبەت گەلانی دیکەی ئێران نێزیک بکەنەوە. ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد کە بوونی پلاتفۆرمێکی هاوبەشی کوردی مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئەوە کە خۆمان لەناو هەر سەرهەڵدان و جووڵانەوەیەکدا ببینینەوە.

لە کۆتایی قسەکانی دا باسی لەوە کرد کە دەبێ ئێمە تاریفی خۆمان لە دێموکڕاسی هەبێ . بەو مانایە کە لە چوارچێوەی ئەو سیستێمەدا ویستی ئێمە کە لەسەر ئەساسی فیدڕالیزمە دابین بکرێ و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیمان بە دیالۆگ لە گەڵ هێزە ئیرانی و کەسایەتیەکانی ئێرانی هەیە.

# بەڕێوەچوونی سمینارێکی یەک ڕۆژە لە سۆئێد بە بۆنەی ٨ ی مارس




ڕۆژی ٦ ی مارسی ٢٠١٠، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنان، سمینارێک لە لایەن کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات و بەهاوکاری کۆمیتەکانی یەکیەتیی ژنانی سوئێد ، نوڕویژ ، فینلاند و کۆمیتەی حدک لە وڵاتی سوئێد ، لە یەکێک لە سالۆنەکانی شاری ستوکهۆڵم پێتەختی وڵاتی سوئێد، بەڕێوەچوو.

سەرەتا سیمینارەکە بە سروودی یەکسانی دەستی پێ کرد. پاشان کورتە فیلمێکی دیکۆمێنتی کە یەکیتیی ژنان لەسەر ژیانی ژنان ئامادەی کردبوو ، نیشان درا.

لە دووهەمین بەشی ئەم سمینارە دا کۆڕگێڕەگان وتاری خۆیان پێشکەش کرد کە بریتی بوون لە : ئێلزابێت لۆفگرێن لە ئەمنێستی ئینترناسیۆنالی سوئێد، شەماڵ کاوە دوکتوڕای مێژوو، نوشابە ئەمیری ڕۆژنامە نووس، حەسەن مەکارمی ئەندامی کۆمەڵگەی داکۆکی لە مافی مرۆڤی ئێران، سارا محەممەدی پارێزەر، ئێبراهیم نەبەوی چالاکیی سیاسی و تەنزنووس، ئاسۆ ساڵح ڕۆژنامەنووس و ڕەزا کازم زادە دوکتورای دەروونناسی .

ڕازێنەرەوەی بەرنامەکە چەند گۆرانی لە لایەن هونەرمەندی دەنگخۆش "کانی"یەوە بوو. دوا بەشی بەرنامەی هونەری ، نیشاندانی کورتە فیلمێک بوو لەسەر جووڵانەوەی ئەم دواییانەی خەڵکی ئێران.

شایانی باسە کە لەو سمینارەدا، نزیکەی ٣٠٠ کەس بەشدار بوون.

# ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی شەست و چوارەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان




**کوردستان:** دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ٢٤ی ڕەشەمە ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی شەست و چوارەمین ساڵڕۆژی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە یەکێک لە بنکەکانی سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو.

ئەو ڕێوڕەسمە کە بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و جەماوەرێکی زۆر لە کادر و پێشمەرگەکان و هەروەها دانیشتووانی کەمپەکانی سەر بەو حیزبە بەڕێوە چوو، سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و یەک خولەک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە یادی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان کاک کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە نوێنەرایەتیی دەفتەری سیاسییەوە وتارێکی پێشکەشی بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە کرد.

ناوبراو وێڕای پیرۆزبایی شەست و چوارەمین ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات لە سەر دەستی پێشەوا قازی محەمەد و بە هێنانە مەیدانی خێزانی مینا خانمی قازی، گوتی بوونی ئێوە لە نێو ڕیزەکانی خەباتدا و هەروەها بوونی ئەو ژنە چالاکانەی کە لە نێو کۆمەڵگادا یا لە نێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ژنانی کورد دەتوانن بۆ خۆیان و لە سەر پێی خۆیان تا گەیشتن بە ئامانجەکانیان درێژە بە خەبات بدەن.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای جەختکردنەوە لە سەر پشتیوانیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە خەباتی ژنان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان گوتی تێکۆشانی ئێوە دەتوانێ ئێوە بە ئامانجەکانتان بگەیێنێ.

پاشان پەیامی دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە لایەن سوهەیلا قادری، سکرتێری ئەم ڕێکخراوەیەوە خوێندرایەوە. لە بەشێکی ئەو پەیامەدا وێڕای ئاماژە بە بزووتنەوەی ئیستای کۆمەلانی خەڵکی ئێران هاتوە کە ژنان لەو بزووتنەوە ئازادیخوازانە و دیموکراسی خوازانەیەدا کە بە بزووتنەوەی سەوز ناسراوە ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاویان گێڕا و تەنانەت دیمەنی فیداکاری و گیان بەختکردنی ژنان بوو بە دڵتەزێنترین وێنەی سەر شاشەی میدیاکانی جیهان.

لە کۆتایی ئەو پەیامەدا داوا لە ژنانی کوردستان کراوە کە بۆ وەدەست هێنانی ماف و ئازادییەکانیان و بۆ دابین کردنی کۆمەڵگایەکی یەکسان لە داهاتوودا زیاتر بێنە مەیدان.

دواتر پەیامی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن گزینگ نوورانی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی ئەو ڕێکخراوەیەوە خوێندرایەوە.

نێوئاخنی بەرنامەکە بە سروود و گۆرانی و هەروەها چەند تابلۆیەکی هەڵپەرکی ڕازێندرایەوە.

پاشان شانۆیەک بە ناوی " گلۆک" لە لایەن بەشی چاند و هونەری کومیسیۆنی لێکۆڵینەوە و فێرکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە پێشکەشی بەشداران کرا.

بەشی کۆتایی ڕێوڕەسمەکە بۆ نیشاندانی جلوبەرگی ژنانی ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان تەرخان کرابوو کە لە لایەن بەشدارانەوە بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا.ئەو ڕێوڕەسمە لە نێو شایی و هەڵپەرکێی بەشداراندا کۆتایی پێ هات .

# دیداری نوێنەری حدک لەگەڵ ڕاپۆرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پرسی ئەشکەنجە لە ژنێڤ



**کوردستان:** ڕۆژی ١٠ مارس ، د. ئاسۆ حەسەن زادە بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە زانکۆی ژنێڤ چاوی بە دوکتور "مانفرێد نۆواک" ڕاپۆرتێری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پرسی ئەشکەنجە کەوت.

لەو چاوپێکەوتنەدا، نوێنەری حیزب سەرنجی ڕاپۆرتێری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتوەکانی بۆ دۆخی گیراوانی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕاکێشا و داوای لە ناوبراو کرد ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی زیاتر بەو پەروەندەیە ببەخشێ.

نوێنەری حیزب هەروەها پرسی دەستدرێژی لە زیندانەکانی کوردستانی ئێرانیدا لەگەڵ مانفرێد نۆواک باس کرد و بەگشتی پێی لەسەر ئەوە داگرت کە بابەتی دەسدرێژی کردنە سەر زیندانی ، لە ڕێوشوێنە نێونەتەوەیی‌یەکان‌دا هەقی خۆی پێ نەدراوە و پێویستە وەک خۆی و بە جیا ستاندارد و مێکانیزمی بۆ لەبەر چاو بگیرێ.

ڕاپۆرتێری تایبەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پرسی شکەنجە ، وێڕای نیشاندانی ئاگاداریی خۆی لە دۆخی بەندیخانەکانی ئێران بە گشتی و پرسی زیندانییانی کورد بەتایبەتی، ئاماژەی بەو کۆسپ و بەهانانە کرد کە کۆماری ئیسلامی لەپێوەندی لەگەڵ سەردانی ناوبراو بۆ ئێران‌دا دروستی کردوون و بێزاریی خۆی لە سەختیی شوێندانانی موسبەت لەسەر ڕێژیمی ئێران لەو پێوەندییەدا دەربڕی. بەڵام هەر لەو کاتەدا ئامادەیی خۆی بۆ درێژەدانی هەوڵەکانی و سپاردنی کەیسەکان بەو کەسەی کە بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیک‌دا لەو پۆستەدا جێگای ناوبراو بگرێتەوە ، دەربڕی.

لە کۆتایی‌دا ئاسۆ حەسەن زادە لیستێک لە ناوی زیندانییانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە ئێران کە ئەشکەنجە کراون یا ڕەفتاری دڕندانە و نامرۆڤانە و بەکەمگرانەیان لەگەڵ کراوە و هەر ئێستا لە بەندیخانەکانی ئێراندا حوکمی درێژخایەن تێپەڕ دەکەن، ڕادەستی مانفرێد نۆواک "ی کرد.

# پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان

**هاو نیشتیمانانی بەرێز خۆشک و برایانی ئازیز!**

لە لایەن کادر و ئەندامان و پێشمەرگەکان و کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە تایبەتی، بە بۆنەی نەورۆز جێژنی سەر سالی کوردی پڕ بە دڵ پیرۆز باییتان لێ دەکەم و هیوادارم هەموو لایەکمان بە یەکەوە بە جێژن گرتن بەرەو پیری بەهارێکی خۆش بچین.

ساڵی رابردوو وەکوو هەموو لایەکتان ئاگادارن ئێران گۆڕەپانی خەبات و ململانێی کۆمەڵانی بەربەرینی خەڵک لە دژی رێژیمی جەمهووریی ئیسلامی بوو. جموجۆڵی کۆمەڵانی خەڵک لە نێو خۆی وڵات، خەڵکێک کە بۆ ئازادی سیاسی و ئازادیی زێندانیانی سیاسی، ئازادیی ئەحزاب، هەروەها مافەکانی سەرەتایی خۆیان، هەروەها بۆ مافی ژنان هەوڵیان دەدا، بە پەیام و بەشداریی خۆیان لە جموجۆڵەکان، هەم کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانیان بەو قەناعەتە گەیاند کە ئەو رێژیمە بۆ خەڵکی ئێران نابێ، هەم ئەو سیگناڵەشیان بە دنیای دەرەوەدا کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران شیاوی حکوومەتێکی رێک و پێک و دێموکراتیکە کە بەرامبەر بە خەڵکەکەی خۆی مەسئوول بێ.

بەڵام کار و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە جموجۆڵی خەڵک وای نیشان دا کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ قانوون، لەگەڵ یاسا، لەگەڵ ئازادییە دێموکراتیکەکان، لەگەڵ مافی ژنان، لەگەڵ مافی نەتەوەی کورد و لەگەڵ مافی گەلانی ئێران بە گشتی هیچ ئیحترامێك دانانی و لەگەڵی نایەتەوە و ئەو رێژیمە درەنگ یان زوو دەبێ بڕوا.

فاعالییەت و جموجۆڵ و چالاکی کۆمەڵانی خەڵك لە کوردستانی ئێران لە ماوەی ساڵی رابردوودا لە رادەی توانای خۆیان سەرەڕای دەسەڵاتی نیزامیی کۆماری ئیسلامی و حکوومەتێکی تەواو ئەمنییەتی ئەو راستییەیان دەرخستووە کە میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران هەر وەکوو لە مێژوودا نەورۆز بووە بە سەمبوولی جێژن و هەروەها هەوڵ و چالاکی بۆ رزگاری، لەمەو بەدواش بە جێژنی نەورۆز و بەهارێکی تازە، ساڵێکی تازە لە خەبات و جموجۆڵی خۆی دەس پێ دەکا.

هەروەکوو بەهار فەسڵی گۆڕان و تەنەوەعاتە، فەسڵی پێداچوونەوەیە، فەسڵێکە کە ئینسانەکان بە ئێنێرژی بەرەو ژیانێکی تازەتر دەڕۆن و ئیدامەی ژیان دەست پێدەکاتەوە و بە ئێنێرژیەکی زۆرتر تێدەکۆشن کە بەرنامەی ژیانی خۆیان دابمەزرێنن و هەروەها تێدەکۆشن بە شێوەی جۆراوجۆر لە بەرهەمەکانی فەسڵی بەهار کەڵك وەرگرن، دڵنیام هەمووی ئێمە بە یەکەوە و کۆمەڵانی خەڵك لە کوردستانی ئێرانیش بە ئێنێرژییەکی زۆرترەوە لە پێناو مافی نەتەوایەتیی خۆیان و ئازادییە سیاسییەکان کە حەقی خۆیانە چالاك دەبن .

لە مێژووی نەتەوەی کورددا کە نەورۆز هەمیشە دەورێکی زۆری بووە لە دروست کردنی ئەفسانەو داستانەکان و باس لەوە دەکرێ کە ئەو نەتەوەیە بە درێژایی مێژوو هەوڵی داوە و خەباتی کردوە بۆ رزگاریی خۆی. ئەگەر لە رابردوو دا هەمووی ئەو خەبات و رزگاریی نەتەوەی ئێمە، رابردووی ئێمەی تەسبیت کردوە و هۆویەتی ئێمەی تەسبیت کردوە، بەڵام لە هەمان کاتیش دا دەبێ ئەو راستییە قەبووڵ بکەین لە مەیدانی سیاسیدا زەمانێك ئێمە باشتر دەتوانین بە مافەکانی خۆمان بگەین کە لە نێو رێزەکانی خۆماندا یەکگرتوویی و وەحدەتی نەتەوایەتیمان هەبێ، وەحدەتی حیزبیمان هەبێ. کۆمەڵگای کوردەواری لەوەیکە تەنەوەعاتی جۆراوجۆری مەزهەبی و لەهجەیی و ناوچەیی و شارەیی تێدا هەیە کۆمەڵگایەکی جوان و ڕازاوەیە، تەبیعەتەن ئەو تەنەوەعاتە کۆمەڵگای ئێمەی دەوڵەمەند کردووە هەر بەو دەلیلەش فەسڵی بەهار کە فەسڵێکی موتەنەوێع و پڕەنگە فەسڵێکی خۆش و دەوڵەمەندە. ئێمە ئەگەر بتوانین لە تەنەوەعات و رەنگاورەنگی کۆمەڵگای خۆمان کەڵك وەرگرین، دەڵنیام هەمووی ئێمە بە یەکەوە کۆمەڵێك ئینێرژی ئازاد دەکەین و ئەو ئینێرژییانە دەتوانێ هاندەرێکی بە قووەت بێ و لە ئیدامەی خۆیدا دەسەڵاتی نەتەوەیی و خەباتی ئێمە بەهێزتر بکا بۆ رزگاری. بۆیە ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستان تەواو باوەڕمان بەوەیە کە رزگاریی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێران گەیشتنی ئێمە بە مافەکانی خۆمان ئەوە ئەرکێکی نەتەوەیی و ئەرکی هەموو تاك تاکی کۆمەڵگای کوردستان لە هەموو شار و گوندەکان بە هەموو چین و توێژ و بە هەموو مەزهەب و بە هەموو زاراوەکانە. بۆیە هیوادارم جێژنی نەورۆزی ئەوساڵ و بەهاری ئەوساڵ بتوانێ لەمەو بەدوا سەرەتایەکی باش بێ بۆ یەکگرتوویی نەتەوەیی ئێمە و هەمووومان بە یەکەوە ئەو دەسپێکەی کە ساڵی رابردوو لە سەحنەی سیاسیی ئێران و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی هێنیانە گۆڕێ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش لە داهاتوودا بە تێکەڵاوی و فەعالییەت و چالاکیی خۆیان لە گەڵ ئەو گۆڕەپانە پتر و پتر ئەو هۆمێدە دروست بکەین هەموومان بە یەکەوە کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئایەندەیەکی نیە درەنگ یان زوو دەبێ بڕوا .

ئێمە پێمان وایە گەشەی کۆمەڵایەتی لە کوردستان و شعووری نەتەوایەتی و بە گشتی و ئاڵو گۆڕەکانی دنیا و ئەوەیە کە مەسەلەی کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەراست رۆژبەرۆژ پتر دەکەوێتە بەر چاوان بەر نەزەر رۆژ بە رۆژ لە لایەنەکانی جۆراجۆری کێشەی کورد مەجبوور بەوە دەبن کە لە رێگاچارە بگەرێن بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە درەنگ یان زوو لە ئێرانیش ئەو ئاواتە وەدی دێ، ئێمە پێمان وایە کە ئیستا بە بەراوەرد کردن لە گەڵ ساڵی رابردوو لە گەڵ ساڵانی پێشو، دڵنیاین هەموومان بە یەکەوە دەتوانین ئەو هومێدە زورتر بکەین و بە هاوخەباتی و هاودەنگی و بە دروست کردنی بۆچوونێك کە هەمووی ئێمە بتوانین لە پێناو ئەو بیر و بۆچوونەدا رێك بخا و یەکمان بخا و بە یەکەوە کار بکەین و ئاسۆی نەورۆزەکانی داهاتوو خۆشتر بکەین و جێژنی نەورۆزەکانی داهاتوو گەشتر بێ و بەهارەکانی داهاتووی ئێمە رەنگاورەنگتر بێ. بۆیە بۆ جارێکی دیکە لە لایەن حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. هیوادارم هەمووی ئێمە ئەوساڵ لە جێژنی سەری ساڵدابە یەکەوە گوڕ و تینێکی تازەتر بدەین بە نەورۆزی ئەمساڵ گوڕ و تینی ئێمە بتوانێ بە یەکەوە ئەو گوڕو تینە لە مەیدانی خەباتی سیاسی و چالاکی و فەعالییەتی ئێمەدا ئەو ئینێرژیە بەربڵاوانە خڕ بکاتەوە سەر یەك و ئێمە هەموومان بەیەکەوە بتوانین ئەو خەباتە زۆرتر بەرینە پێشێ. بۆ جارێکی دیکە پڕ بە دڵ پیرۆزباییتان لێدەکەم و بەهارێکی خۆش بۆ هەموولایەکتان ئارەزوو دەکەم و هەر سەر کەوتوو بن.



# هێرش بۆ سەرکوردەکانی دانیشتووی بێلژیک لە سەرچی؟

لە سەرەتای مانگی مارس لە هێندێک وڵاتی ئوروپایی هێرشێکی بەربڵاو و رێکخراو بۆ سەر هاونیشتمانە کوردەکانی ئاوارەی دەستی زۆرداریی نەتەوەیی دەستی پێ کردوە. ئەم هێرشە لە وڵاتی فرەنەتەوەی بێلژیک کە بە پێی قاعیدە دەبێ باشتر لە وڵاتانی دیکە گیروگرفتی کوردو گەلانی زۆرلێکراوی دیکە دەرک بکا، بەربڵاوترو بەردەوامتر لەهەموو وڵاتەکانی ناوەندی ئوروپایە. لەو چەند رۆژە دا پۆلیسی بێلژیک چەندین کەسی لە کوردەکانی سەر بە کۆنگرەی نەتەوەیی گرتوون کە لە نێویاندا کەسانی وەک رەمزی کارتاڵ و زوبێر ئایدار لە رێبەرانی کۆنگرەی نەتەوەیی بەرچاو دەکەون.

بێجگە لەوەش، لە بێلژیک تەلەڤزیۆنی ماهوارەیی رۆژ TVکە لە کۆنەوە لەو وڵاتە بەرنامەی بڵاو کردۆتەوە و تا رادەیەکی زۆریش خۆشەویستیی ئەو وڵاتەی لەلای کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان چەسپاندبوو داخراوەو تەواوی دام و دەزگاکانی ئەو راگەیەنە کوردیە دەستیان بە سەر داگیراوە. کار بەوەندەشەوە بەند نەبووەو بە دەیان ماڵ و دوکان شوێنی کەسب و کاری کوردەکانی دانیشتووی ئەم وڵاتە دەستیان بەسەر داگیراوە بێ ئەوەی روونکردنەوەیەکی جێگای قبووڵیش لەو بارەوە بدرێ بە بیروڕای گشتیی کوردو گەلانی مافخوازی دیکە.

بە هیچ جۆر رێی تێناچێ ئەو هەموو خەڵکە بۆماوەی دەیان ساڵ بە بێ ئاگاداریی دەوڵەتی بێلژیک و وەرگرتنی مۆڵەتی مانەوە یان مافی پەنابەری و تەنانەت مافی هاونیشتمانی لەو وڵاتە ژیابن و لە وڵاتی قانوونیشدا ئیمکانی نیە ئەو هەموو ماڵ و دوکان و شوێنی کاروکاسبیە لە ماوەی دەیان ساڵدا دروست کرابێ و وەڕێ خرابێ، بێ ئەوەی پەروانەی پێویستی بۆ لە شەهرداری و دەزگا بەرپرسەکانی دەوڵەت وەربگیرێ، تا بڵێین بە هۆی نەبوونی مۆڵەتی قانوونی دەستیان بەسەر داگیراوە.

کەوایە، بە داخەوە دەگەینە ئەو ئاکامە کە ئەو فشارە بەربڵاوەی بۆ کوردەکان و دام و دەزگاکانی سەر بە کوردەکان هاتوە، چ لە بێلژبک و چ لە وڵاتەکانی دیکە لە سەر داخوازو تەنانەت لە ژێر فشاری دەوڵەتی تورکیە دایە. لە مێژە تورکیە و هەموو دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان دا لە هەوڵدان کە ئەو کوردانەی لە دەستی زوڵم و زۆری وان ناچار بوون نیشتمانی خۆیان بە جێ بێڵن و پەنا بۆ وڵاتانی ئوروپایی بەرن، لەوێش ژیانیان پێ تاڵ کەن و دەرەتانی جموجۆڵی فەرەنگی و نەتەوەیی یان پێ بدرێ. جێی داخە کوردەکان لە کاتێک دا لەنێو جەرگەی وڵاتانی ئوروپایی دا دەکەونە بەر پەلامار کە مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو زیاتر لەهەموو کاتێک لە بێ بەشی و مەینەتیەکانی ئەم گەلە ئاگادارە.

لە پێوەندی دەگەڵ داوای پەیوەست بوونی تورکیە بە یەکیەتیی ئورووپا دا کوردەکان دڵیان بە دوو مەسەلە خۆش بوو. یەکەم ئەوە کە دەیان گوت هەتا دەوڵەتی تورک سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە کوردەکان نەگۆڕێ و زۆر هەنگاوی دێموکراتیکی دیکە نەهاوێژرێ، وڵاتانی ئورووپایی رێگا نادەن تورکیە بەو ئاواتە لە مێژینەیەی بگا. دووەمیش ئەوە بوو ئەگەر تورکیە ببێتە ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا، ئەو دەم مەسەلەی کورد – هەرنەبێ بەشێکی – دەبێتە مەسەلەیەکی ئورووپایی و لە چوارچێوەی دێموکراسی و مافی بەرابەری گەلان دا رێگای خۆی بەرەو چارەسەر کران دەدۆزێتەوە.

کەچی زۆر بە داخەوە دەبینی لەنێو جەرگەی ئورووپای دێموکرات داو بە تایبەتی لە بێلژیک ناوەندی یەکیەتیی ئورووپا و لە دراوسێیەتیی پارلمانی ئورووپا دا هێرشێکی ئاوا بەربڵاو دەکرێتە سەر دام و دەزگا کوردییەکان و ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و وفەرهەنگییەکانی کورانی دانیشتووی ئەو وڵاتە. بە هەق ئەمە دەتوانێ مایەی دڵساردی و ناهومێدی بۆ زۆر کەس لەو کوردانە پێک بێنێ کە بە ئومێدی دوارۆژێکی باشترو بە دەستهێنانی پشتیوانی لە مافە زەوتکراوەکانی نەتەوەی کورد روویان لەو وڵاتانە کردوە.

وێرای بە داخ بوون لەو هەڵمەتە سیستماتیکەی بۆ سەر کورەکان دەستی پێ کردوەو درێژەی هەیە، ئاواتە خوازین هەم دەوڵەتی بێلژیک و هەمیش وڵاتانی هولەند و ئەڵمان و بە گشتی وڵاتانی دیکەی ئورووپایی، هەرچی زووتر ئەو پەلامارە رابگرن، رێگای بڵاوبوونەوەی دووبارە بە بەرنامەکانی رۆژ TV بدەنەوەو ماڵ و مڵک و سامانە دەست بە سەر داگیراوەکان بۆ خاوەنەکانیان بگێڕنەوە. لەوەش زیاتر چاوەڕوان دەکرێ دەوڵەتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا کۆمەگ بکەن و نفووزو دەسەڵاتی خۆیان بە کار بێنن بۆ ئەوەی کوردەکان چی دیکە دوچاری زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانی وڵاتی خۆیان نەبن، تا لە ئاکام دا گیرو گرفتێکیش بۆ ئەو وڵاتانە دروست نەبێ.

پەلاماری سیستماتیک بۆ سەر کوردەکان نەک هەر زیان بە ناوو ناوبانگ و ئیعتباری وڵاتانی ئورووپایی دەگەیەنێ و سەر دەکێشێتە پێشێلکردنی دێموکراسی و پرەنسیپەکانی وڵاتانی دێموکرات و پێشکەوتوو، بەڵکوو دەتوانێ دەسەڵاتدارانی وڵاتانی کوردنشینیش لەسەر درێژەدانی سیاسەتە دژی گەلیەکانیان شێلگێرتر بکا. لەوانەش بگەڕێتەوە دەپرسین داخوا بە قازانجی وڵاتانی ئورووپاییە شەپۆلێکی تازە لە ناڕەزایەتی و خۆپێشاندان و ئاڵۆزی شەقامی شارەکانی ئورووپا بگرێتەوە؟

# لە هەوڵەکانتان بۆ لێک نزیکبوونەوەی دیموکراتەکان پێشوازی دەکەین

لە ١ی مارسی ئەمساڵدا، چەندین بنەماڵەی شەهیدی حیزبی دیموکرات، لە نامەیەکی سەر ئاوەڵا دا، ڕووی قسەی خۆیان کردە هەر دوو دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

ئەم بنەماڵە بەڕێزانە بە سەرنجدان بەو قوربانییە بەنرخانەی خۆیانو گەلەکەیان لە پێناوی حیزبی دیموکراتو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، پێشکەشیان کردوە، بە مافو ئەرکی خۆیان زانیوە نیگەرانیو بە پەرۆشیی خۆیان لەو کەلێنو لێکدابڕانە گەورەیە دەرببڕن کە زیاتر لە سێ ساڵ لەمەوبەر کەوتە نێو حیزبەکەیان. لەم پێوەندییە دا داوایان لە ڕێبەریی هەر دوولای دیموکرات کردوە لەمپەر لە سەر ڕێی پێوەندیی نێوان ئەندامانو بنەماڵەکانیان هەڵ بگرن، کۆتایی بە نەفیو ئینکاری یەکتر بێنن، میکانیزمێک بۆ هەماهەنگیو هاودەنگی لەمەڕ هەڵوێستە گرنگەکانی ڕۆژ پێک بێننو بەتەفاهومو هەماهەنگیو بەرووحی برایەتیو هاوسەنگەریی جارانەوە لەگەڵ ڕووداوەکان مامەڵە بکەن.

پێش بڵاو بوونەوەی ئەم نامەیەی بنەماڵەی شەهیدانی دیموکرات، کەمپەینێک لە لایەن داواکارانی یەکیەتیو یەکبوونەوەی حیزبی دیموکرات وەڕێ خرابوو. بەشدارانو پشتیوانانی ئەم کەمپەینە لە سەدان تێکۆشەر، ئەندامو دڵسۆزی حیزبی دیموکرات پێک هاتوون کە زۆر لەوان هەر ئێستا، لە ڕیزەکانی ئەم دوو حیزبە، بەتایبەتی لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا، تێکۆشانیان هەیە. لە بانگەوازی ئەم کەمپەینەدا، ڕووی قسە کراوەتە سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو داوای لێ کراوە لەگەڵ بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەوێتە دیالۆگو، بەم جۆرە ئەویش بە نۆرەی خۆی، هەنگاو بۆ لێک نزیک بوونەوەی هەر دوو حیزبی دیموکرات، هەڵ بگرێ. دیارە وەک گوتمان ڕووی بانگەوازی ئەم کەمپەینە لە ئێمە نیە، بۆیە لەم دەرفەتە دا وێڕای دەستخۆشیوڕێزدانان بۆ هەوڵی دڵسۆزانەی ئەم بەشە لە خوازیارانی یەکیەتیو یەکبوونەوەی حیزبی دیموکرات، پیمان خۆشە بیروڕای خۆمان لە بارەی نامەی سەر ئاوەڵای بنەماڵە شەهیدەکانی دیموکرات بۆ ئەو بنەماڵانەو ڕای گشتی ڕوون بکەینەوە:

ئێمە بە چاوی ڕێزەوە دەڕوانینە هەوڵی ئەم پۆلە لە بنەماڵەی شەهیدانی سەر بەرزمانو، داوای دڵسۆزانەی ئەوان، بە نیشانەی ئاگایی بەرزو، هەست کردنیان بە بەرپرسایەتی لە ئاست حیزبی دیموکراتو جوولانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانین. سەرنجی ئەوانو هەموو خوازیارانی لێک نزیکبوونەوەی هەر دوو لای حیزبی دیموکراتیش بۆ لای ئەم ڕاستیە ڕادەکێشین کە ئێمە لەم پێوەندییە دا لەسەر سیاسەتو هەڵوێستێک دەڕۆین کە لە ڕۆژی هەوەڵەوە بە ڕاشکاوی ڕامان گەیاندوەو، کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش پێی لە سەر داگرتۆتەوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەو ڕۆژەی کە ناچار کرا بە جیا لە هاوڕێیانی پێشوو، درێژە بە تێکۆشان بدا، ڕای گەیاند: "کاری ئێمە دژایەتیو بەربەرەکانیی سیاسیو تەبلیغاتیو.....دژی هاوسەنگەرانی پێشوومان نیەو لە هیچ مەیدانێک دا دەست پێشخەر نابین".

لەیەکەم بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە دوای ڕووداوی لەتبوون دا هاتوە: "پێویستە هەمووﻻ جۆرێک ڕەفتار بکەین کە زەبر لە یەکیەتیی ڕیزەکانی خەڵکی کوردستان نەدرێو، ئەگەر نەمانتوانیوە لە نێو حیزبی دیموکراتیکی یەکپارچە دا هەوڵەکانمانوەسەریەک بخەین، با ڕیگای ئەوە کە لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی کوردستانی دا پێکەوە کار بکەین، بەربەست نەکرێ".

حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەروا کە لە پێوەندی لەگەڵ هێزو لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، باوەری بە پلۆرالیزمی سیاسیو قەبوولی جۆراوجۆرییەکان هەیە، لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش دا، دانی بە بوونی ئەم حیزبە دا ناوە. بە بڕوای ئێمە قبوولی جۆراوجۆرییەکانو هاوکاری لەگەڵ یەکتر سەرەرای جیاوازییەکان باشترینو گونجاوترین چارەسەر بۆکوتایی هاتن بە پرشو بڵاویی نێوان هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کۆبوونەوەیان لە ژێر چەتری یەکیەتی یا ئیئتلافێکی سیاسیو نیشتمانی دایە. ئەم باوەڕەی حیزبی ئێمە لە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی چاردەیەم دا پێی لەسەر داگیراوەتەوە.

بڕیارنامەی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزب لە چوارچێوەی سیاسەتی گرنگیدان بە لێک نزیکبوونەوەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردو بە سەرنجدان بە ویستی پیرۆزی بوونی پێوەندیو هاوکاریو لێک نزیکبوونەوەی دیموکراتەکان، پێی لەسەر سیاسەتی نەرمو مەنتیقیو بەرپرسانەی حیزب لەم پێوەندییە دا، داگرتۆتەوەو لە ڕێبەریی حیزب داوا دەکا" نابێ هیچ دەرفەتێک بۆ بەرقەرار بوونی پێوەندییەکی سالمو دۆستانەو هاوکاریی دوو قوڵی لەگەڵ هاوسەنگەرانی پێشوومان لە دەست بدا". لەم بڕیار نامەیەدا هەر وەها هاتوە: " هەر وەخت دەرەتانی یەکگرتنەوەی ئەم دوو لایەنە بە پێی پرەنسیپی جێگای پەسندی هەر دوو لا پێک بێ، حیزبی دیموکراتی کوردستان نابێ هیچ دوو دڵی یەکی لەو کارە خەڵک پەسندە دا هەبێ".

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دوای کۆنگرەی چاردەیەمیشەوە لەسەر ئەم سیاسەتە ڕۆیشتووە بە کردەوەش هەوڵی بۆ داوە. بەڵگەنامەیەک کە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی ئێمە لە بانەمەری ١٣٨٨ دا پەسەندی کردوە وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر پێویستیی هاوکاریو هاوخەباتیی نێوان حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تەئکیدو پێشنیاری نوێوە پێویستیی هەبوونی پێوەندیو هاوکاری لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومانی هێناوەتە گۆڕێ. لە پەسەندکراوی کۆمیتەی ناوندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا هاتوە: بە سەرنجدان بەرابردووی هاوبەش، بەرنامەو سیاسەتی وێکچوو لە زۆر بوار داو بە وەبەرچاوگرتنی سەمبولو ڕەمزە هاوبەشەکان، پێویستیی پێوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئێمە لە پێشەوەی پێوەندی لەگەڵ حیزبو ڕێکخراوەکانی دیکە دایە. لەم پەسەند کراوەی کۆمیتەی ناوەندی دا، هاوکاریو هاوهەنگاوی لە بەڕێوەبردنی بۆنەو یادە مێژووییە هاوبەشەکان دا، وەک یەکەم بوار بۆ پێوەندیو هاوکاری ئاماژەی پێ کراوەو، بەڕێوەبردنی پێکەوەی یادی ٢٠ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو وەک سەرەتایەک بۆ پێوەندی و هاوکاری پێشنیار کراوە.

جگە لە بەڵگەنامە ڕەسمییەکانو بڕیارنامەکانی کۆنگرەو پلینۆمەکانی حیزب کە نیشاندەری هەڵویستو بۆچوونەکانی ئێمە لە بارەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو، ڕوانینمان بۆ پێوەندیو لێک نزیکبوونەوە لەگەڵ ئەم لایەنەن، تێکۆشانی ڕۆژانەمان، نیوەرۆکی بلاوکراوەکانمانو بەرنامە ڕادیۆییو تەلەڤیزیۆنییەکانمان، لێدوانو ئاخاوتنی ڕێبەریو بەرپرسانو نوێنەرایەتییەکانی حیزبو، گفتوگۆو دانیشتنمان لەگەڵ حیزبو ڕێکخراوە کوردستانیو ئێرانیو بیانییەکان، دەری دەخەن کە ئێمە لە هەوڵی پێکهێنانی کەشوهەوایەکی ساڵم دابووین. ئێمە بەکردەوە کارمان بۆ جێبەجێکردنی ئەو داوایانە کردوە کە لەم نامە سەر ئاوەڵایەی بنەماڵەی شەهیدان دا هاتوونو، نەک هەر هەوڵو هەنگاوی هیچ دۆستێک بەمەبەستی بوونی دیالۆگو لێک نزیکبوونەوەمان ڕەت نەکردۆتەوە، دەتوانین بڵێین لەم بارەیەوە بۆ خۆمان دەست پێشخەر بووین، ئەگەرچی ئەم دەست پێشخەرییانەمان، جاری نەگەیشتوونە ئاکامی دڵخواز. لێرە دا جێی خۆیەتی بۆ ئاگاداریی بیروڕای گشتی بڵێین، لە دوو ساڵی ڕابردوو دا حیزبی دیموکراتی کوردستان زیاتر لە هەر ڕێکخراوێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوازیارو هاندەری هەڵویستو کردەوەی هاوبەشو کۆدەنگی لە نێو حیزبو ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستانی ئێران دا بووە. هەموو جاریش نەک هەر نیازی هەڵاواردنی هاوسەنگەرانی پێشوومانی نەبووە، بەڵکوو تێکۆشاوە میکانیزمی گونجاو بە مەبەستی بەشداریی ئەو لایەنە لەم هەوڵە هاوبەشانەدا، پێشنیار بکا.

**دڵسۆزانو خوازیارانی یەکیەتیی دیموکراتەکانو یەکبوونەوەی حیزبی دیموکرات!**

ئەگەر نیگەرانی لە وەزعی حیزبی دیموکرات، لە دوای لەتبوونی ئەم حیزبەو دوو کەرتبوونی بە ڕەسمی، بووە بە مایەی بەپەرۆشبوونی ئێوە، ئێمە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆر بەر لەو ڕووداوە، نیگەرانیو نارەزایەتیی خۆمان لە ئاکامەکانی ئەو دابەشکردنە ڕانەگەیەندراوەی حیزب دوای کۆنگرەی سێزدەیەم، ڕاگەیاندبووو، هەوڵی زۆرمان دا حیزبی دیموکرات هی هەمووان بێو بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە تەنانەت دەستەو داوێنی دۆستانێک لە دەرەوەی حیزبیش بووین. بەڵام وەک دیتتان ئەم هەوڵانە بەداخەوە بێ ئاکام مانەوە. ئێستا ئەوە زیاتر لە سێ ساڵە تێکۆشەرانو ئەندامانی حیزبی دیموکراتی یەکگرتووی جاران لە دوو ڕێکخراوی جیاواز داو، بە ناوی جیاوازەوە خەبات دەکەن. ئەگەر لەم سێ ساڵە دا، ئێمە هەمووکات پێشوازیمان لە بیری لێک نزیکبوونەوەو پێویستیی هەبوونی پێوەندیی دۆستانە کردووەو تەنانەت بیری یەکبوونەوەشمان هیچ کات وەﻻ نەناوە، لەم باوەڕەمانەوە سەرچاوە دەگرێ کە لەتبوون ویستێکی داسەپاوو ڕووداوێکی نەخوازراو بووو، ئەگەر زۆرایەتیی ڕێبەریی ئەو کاتویستبای ، دەکرا پێشی ئەم ڕووداوە تاڵە بگیرێ. ئێستاش کە جارێکی دیکە پێشوازی لە داوای یەکیەتیخوازانەی ئێوە بنەماڵەی شەهیدانو سەرجەم دڵسوزانی تەباییو خوازیارانی یەکیەتیو یەکبوونەوەی دیموکراتەکان دەکەین، لە تێگەیشتنمان بۆ پێویستیی بوونی تەباییو یەکیەتیو هاوکاریو هاوخەباتی لە نێو هێزە خەباتگێڕەکانداو هەست کردن بە بەرپرسایەتی لە ئاست داهاتووی بزووتنەوەی کوردەوەیە. پێمان وایە ئەگەر دانانی بەیەکترو ڕێز گرتن لە لایەنی بەرامبەر، دانانی بەرژەوەندی گشتیو نەتەوەیی لە پێش بەرژەوەندی ڕێکخراوەیی، وەلانانی عەقلیەتی خۆبەتەوەر زانینو هەستی پاوانخوازی، بەسەر هەموو لایەکمان دا زاڵ بێ، جگە لەوەی هەموو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانن لە چوارچێوەی هاوپەیمانەتییەک دا یەک بگرن، هەر دوو لایەنی دێموکراتیش دەتوانن لە فەزایەکی سالم دا هەنگاوی پێویست بەرەو یەکخستنەوەی بنەماڵە گەورەکە هەڵێننەوەو بە ئاکامی دڵخوازی بگەیەنن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سێ ساڵی ڕابردوو دا نیشانی داوە کە لە ئاستی نێوخۆیی و ئێرانو جیهان دا، لە گەشە کردنو بەرەوپێشچوون دایەو، هیچ هێزیک لە موعادیلاتی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، ناتوانێ حیسێبی بۆ نەکا. بەڵام توانا و پۆتانسیەل و پێگەی حاشا لینەکراوی حیزبی ئێمە، لە جیاتی ببێتە مایەی لە خۆبایی بوونمانو گوێنەگرتن لە ویستو داخوازو چاوەڕوانیی خەڵکەکەمان، بە پێچەوانەوە، هاندەرمانە بۆ مایە لە خۆ دانان بۆ بەدیهێنانی چاوەڕوانییەکانی خەڵک و ڕێزگرتن لە بەرژەوندی نەتەوەییوگشتی.

بەهیوای بەرەوپێشچوونو سەرکەوتنی ئیرادەی سەرجەم خوازیارانی تەباییو یەکیەتیو لێک نزیکبوونەوەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتیو هەردوو حیزبی دیموکرات بە تایبەتی.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٢ی ڕەشەممەی ١٣٨٨**
**٢٠١٠/٣/١٣**

## بەشداریی هەیئەتێکی حیزب لە کۆبوونەوەی گرووپی کاری کورد لە خانەی پارلەمانی بلژیک دا

**ناوەندی هەواڵ-** بلژیک بە گوێرەی هەواڵێک کە لە بەشی پەیوەندییەکانی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بە دەستمان گەیشتوە،

ڕۆژی چوارشەممە ٣ی مارس هەیئەتیکی چەند کەسی لە هاوڕێیانی حیزببە سەرپەرستیی هاوڕێ کاوە ئاهەنگەری بەرپرسی پێوەندیی حیزب لەگەڵ پارلمانی ئوروپپا لە کۆبوونەوەیەکی گرووپی کاری کوردان، لە خانەی پارلەمانتارانی بلژیک دا بەشدارییان کرد.



لە تەوەرێکی کاری کۆنفڕانس دا بەشی ڕۆژهەلاتی کوردستان خرایە ئەستۆی هاوڕێیانی حیزبی و لەو بەشە دا هاوڕێ کاوە ئاهەنگەری جگە لە پێشکەش کردنی باسێکی تێروتەسەل سەبارەت بە دۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستان و ئێران، ڕوناکیی خستە سەر بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان و بزوتنەوەی سەوز لە ئێراندا. لە بەشیکی دیکە ئەو سمینارە دا باس لە بەشداریی چالاکانەی نوینەرانی گەلی کورد بە تایبەت لە ناوخۆی ولاتەوە لەو جۆرە کۆبوونەوانە دا کراو بڕیار درا بخرێتە تەوەری کارەکانی داهاتووی خانەی پارلەمانی بلژیکەوە.

جیگەی باسە بڕیار درا کە لە ساڵی ٢٠١٠ی زایینی دا کۆنفڕانسێکی بەرین بە دەستپێشخەری و هاریکاریی ئینستیتۆی کورد لە بلژیک و چەندین سێناتۆری پارلەمانی ئەو وڵاتە، لە یەکێک لە هۆلەکانی خانەی پارلەمانی بلژیک دا، سەبارەت کە کێشەی گەلی کوردستان ڕیک بخرێت.

## بەڕێوەچوونی ڕۆژی ٨ ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان لە شاری لینشۆپینگ



بە بۆنەی ٨ ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان کۆمیتەی هاوکاریی کۆمەڵە کوردیەکان بە پشتیوانیی هێزە سیاسیەکانی شاری لینشۆپینگ سمینارێکی چەند کاتژمێرییان بۆ کوردەکانی دانیشتووی شاری لینشۆپینگ

بە بەشداریی بەڕێزان خاتوو شیرین ڕەشیدپووری و دوکتور خالید خەیاتی پێک هێنا. سەرەتا لە لایەن کاک جەلال خۆشکەلام بەخێر هاتنی ئامادەبووان و کۆرگێرەکان کرا.

پاشان خاتوو شیرین ڕەشیدپووری چالاکی بواری ژنان و پسپۆرو شارەزا لە بواری کۆمەلایەتی دا خۆی بە ئامادەبووان ناساند و باسەکەی خۆی لە سەر چۆنیەتی ژیانی ژنان و کچان لە جیهاندا باس کرد و هەروەها ئاوڕێکی لە یاسا کۆن و نوێیەکانی سەدەی بیست و سەدەی نوێ دایەوە و بەشێک لە یاسا تایبەتیەکان کە پەیوەندیان بە ژیانی ڕۆژانەی ژنان و کچان لە ولاتانی دواکەوتوو و هەروەها چەند ولاتێکی دیکەی ئوروپایی دا بۆ ئامادەبووان شی کردەوە. بەشێکی دیکەی وتەکانی خاتوو شیرین تەرخان کرا بوو بۆ مافی یەکسانی لە کۆمەلگا دا و بە تایبەت لە نێوان ژن و پیاو دا، بۆ ئەم بەشە چەندین خالی گرینگ و هەستیاری لە چۆنیەتی مامەلەکردن لەگەل یەکتر بۆ بەشداربووان باس کرد.

پاشان کۆڕگێر دوکتور خالید خەیاتی مامۆستای زانکۆ لە شاری لینشۆپینگ، خۆی بە ئامادەبووان ناساندو بابەتی ئامادەکراوی خۆی پێشکەش کرد، بەرێزیان سەبارەت بە پەنابەران و کۆچبەران لە هەندەران و ژیانی تاراوگە نشینی و ڕۆلی ژنان و کچان لە تاراوگەیی دا بە وردی قسەی کرد، بەشێکی دیکەی باسەکەی تەرخان کرا بوو بۆ زولم و زۆری و چەوسانەوە لە بواری کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و ڕەگەزی لە ولاتانی جیهانی سێهەم دا. خۆ پێگەیاندنی ژنان و کچانی کورد لە ولاتانی دەرەوە و بەرچاو ڕوونی ئەوان لە ئاست ڕووداو و کارەسات و دابو نەریتە کۆنەکانی کۆمەلگای کوردەواری و هەروەها هەست بە بەرپرسایەتی ژنانی کورد لە دەرەوەی ولات لە ئاست فێربوونی زمان، خۆ ڕێکخستن لەگەل کۆمەلگای نوێ و دۆزینەوەی هۆیەتی نەتەوەیی و ڕەگەزی و ئاشنا بوون لە گەل کێشەی تایبەت بە ژنانی بە بەرزی نرخاند و گووتی کە ژنان بە گشتی ڕۆلێکی سەرەکیان لە پەروەردە کردنی نەوەی نوێ و ئەندامانی بنەمالەکانیان دا هەیە و بە هێنانەوەی کۆمەلێک بەلگە لە نێو باسەکەی دا سمینارەکەی دەولەمەندتر کرد. دوای ئەم برگەیە، ئامادەبووان زۆر چالاکانە لە باسەکانی هەر دوو کۆڕگێر دا بەشداریان کرد و بە دەر برینی بیروڕای خۆیان و پێشکەش کردنی هەندێک پێشنیار و تێبینی باسەکانی ئەم سمینارەیان دەولەمەندو کراوەتر کرد.

# گوتاری پیاوسالارانە، گوتاری زاڵ بەسەر جووڵانەوەی ناسیۆنالیستی و سەوزدا

شەماڵ کاوە

ئاماژە:
ئەم وتارەی بەڕێز شەماڵ کاوە، لە کۆنفڕانسێک دا کە ڕۆژی ٨ی مارسی ئەمساڵ لە ستۆکهۆلم بەڕێوەچوو، پێشکەش کراوە. ئەوەی بتوانین لەم ژمارەیەی "کوردستان" دا کەڵک لەم وتارە بە پێزە وەربگرین ناچار بووین بە داوای لێبووردن لە بەڕێز شەماڵ کاوەو لە خوێنەران، چاوپۆشی لە "دەسپێک"ی ئەم وتارە بکەین کە تەرخان کردبوو بۆ شیکردنەوەی چەمکی جووڵانەوە.

ئایا دەتوانین بڵێین کە ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دیاردەیەکمان بە ناوی جووڵانەوەی ژنان هەیە؟ وەڵام من نەرێنییە. نا، من پێموانییە ئێمە بتوانین ئیدیعایەکی وا بکەین. چونکە ئێمە ئەگەرچی لە کوردستاندا کۆمەڵێ ڕێکخراو و ئەنجومەن و بنیاتی جۆراوجۆرمان هەیە، بەڵام لە نێوان ئەم گرووپانەدا، هاریکارییەکی کردەوەیی ئەوتۆی ڕێکخراو و سیستماتیک نییە؛ ئەجێنداکانی ئەوان یەک نییە؛ ئەوان خاوەنی کردێکی ڕێکخراو و هاوبەش نین؛ تەنانەت گرفتێکی هاوبەش و زۆر جاران کێشەیەکی هاوبەشیش پێکەوەیان گرێ نادات. پێوەندی نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکانی ژنانی کورد و ناوەوەی وڵات فرە لاوازە. لە ئاستی ڕێکخراوەییشدا، زۆر جاران ئەم پێکهاتانە، زیاتر فۆرمێکی ئیدارییان هەیە. دیارە ئێمە ژمارەیەکی بەرچاوی NGOمان هەیە، بەڵام بوونی هەندێ کۆمەڵە و ڕێکخراوە بەتەنیا جووڵانەوە ساز ناکات.

کە دەڵێم دیاردەیەک بە ناوی جووڵانەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نییە، حەز دەکەم هاوکات ئەوەش بڵێم کە لە بەراوەردێکی سەرپێیی مێژووییدا، کۆمەڵگای کوردی دوای شۆڕش بە هۆی جووڵانەوەیەکی بەرفرەوانی سیاسی، گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە و ژنان وەک بەشێکی بەرچاو و جددی چالاکییەکان و خەبات لە هەموو بوارەکاندا دەوریان گێڕاوە. بەتایبەت ئێمڕۆ ئێمە بۆ یەکەمجار شایەدی سەرهەڵدان و سازبوونی ژمارەیەکی

> **زەحمەتە ئێمە جموجۆڵ و چالاکییە حوقووقی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی ژنان لەم دوو دەیەی دواییدا، وەک پاشکۆ، یان تابعێکی جووڵانەوەی نەتەوەیی لە قەڵەم بدەین**

زۆر کۆمەڵەی سەربەخۆ و ڕێکخراوی ناحکومین لە کوردستاندا. سەرەڕای هەموو گرفت و لەمپەرە قانوونی و سیاسییەکان، ژنان لەم بیست ساڵانەی دواییدا توانیویانە بۆ یەکەمجار لە کوردستاندا، کۆمەڵە و ڕێکخراوەی تایبەتی خۆیان درووست بکەن. ئەم دیاردەیە نە تەنیا نابێ بەکەم بگرترێ، بەڵکوو دەبێ وەک هێما و نیشانەیەکی بەهێزبوونی خولیا (tendence)و سازبوونی زەمینەکانی جووڵانەوەیەک ببیندرێت. ئەمە هاوکات دابڕینێکە لە نەریتێکی زاڵی پیاوسالار لە ژیانی ڕێکخراوەییدا و هەروەها نیشانەی تێگەیشتنێکی نوێ و جیاوازە لە چەمکی سیاسەت و بڕوا بە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی. بەڵام هەمووی ئەمانە هێمای زەمینەکان و هەنگاوەکانی سەرەتایی پێکهێنانی جووڵانەوەیەکن، نەک جووڵانەوە خۆی. ئەمانەش هەر وەک گوتم زیاتر بەرهەمی ئەم دە بیست ساڵەی دواین.

کە دەگەڕێتەوە سەر جووڵانەوەی ژنانی ئێران، وا دەکرێ زۆر بە ڕاشکاوی بڵێین کە ئەم جووڵانەوەیەش، بەو پێناسەی کە من پێشتر ئاراستەم کرد، بەرهەمی ئەم ساڵانەی دواییە. واتە ئەگەر چی دەکرێ ڕەچەڵەکناسی و جینیالۆژی ئەم جووڵانەوەیە بگەڕێینە بۆ ئەو چالاکی و هەوڵانەی هەر لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدە و بەتایبەت دوای شۆڕشی مەشرووتە لە لایەن هەندێ لە نوخبەکانەوە دەستی پێکرد، بەڵام ئێمە تا دوو دەیە لەمەوبەر شتێکمان بە ناوی جووڵانەوەی ژنان لە ئێراندا نەبووە. هەر لەم پێوەندییەشدا دەبێ ئێمە سەیری سەرهەڵدانی جموجۆڵ و چالاکی ژنانی کورد بکەین، بەم جیاوازییە کە بە هۆی باروودۆخی تایبەتی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریی کوردستان، ئەم چالاکییانە درەنگتر دەستیان پێکرد، پانتاییان تەسکتر بوو و بەردەوامیشیان کەمتر.

پرسیارێک ئەوەیە کە ئەگەر ئێمە دەتوانین بە پێچەوانەی کوردستان، دەسنیشانی بوونی جووڵانەوەیەکی ژنان لە ئێراندا بکەین، ئەوسا ئایا ئەم جموجۆڵی و چالاکییانەی لە کوردستاندا هەن بەشێکن لە جووڵانەوەی ژنانی ئێران یان خود، دەستپێک و سەرەتاکانی جووڵانەوەیەکی سەربەخۆی ژنانی کورد پێکدێنن؟ ئایا سەرهەڵدانی ئەم جموجۆڵ و کۆمەڵە چالاکییانە، پێوەندی بە ئاگاییەکی نەتەوەیییەوە هەیە یان خود ئەمانە زیاتر گرێدراو و تابعێکی باروودۆخی تایبەتی سیاسی ئێرانن؟

**ئاوڕێکی خێرا لە جووڵانەوەی ژنان**

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی جووڵانەوەی ژنان، بەتاکمانەوە و بەکەمگرتنی هەمەلایەنەی حکوومەت، بزووتنەوەی چەپ و جووڵانەوەی لیبراڵی بە داواکارییەکانی ئەوان بووە. واتە لە حاڵێکدا ژنان یەکێ لە توێژە بەشدار و چالاکەکانی شۆڕش و جووڵانەوەی خوێندکاری بوون، لە کردەوەدا، هیچکام لە ئەجێنداکانی ئەوان، نەبووە ئەجێندایەکی سەرەکی شۆڕش و هەر دوای هاتنە سەرکاری حکوومەتی ئیسلامییش، پرسەکانی ئەوان لە پەراوێزی ویستە گشتییەکاندا بێسەروشوێن چوون. زیادەڕەویی نابێ ئەگەر بڵێین کە لەسبەی ڕۆژی شۆڕشەوە، هیچکام لە پرسە سەرەکییەکان، بە ئەندازەی پرسی ژنان لە لایەن بەشێکی زۆری هێزە سیاسییەکانەوە پشتگوێ نەخران.

سەرکوت و خستنەپراوێزی ژنان کە سێ هەفتە دوای شۆڕش دەستی پێکرد، یەک لەو پرسیارانە بوو کە لە لایەکەوە زەمینەی سەرکوتی جووڵانەوەکانی دیکەی مەیسەر کرد و، لە لایەکی دیکەشەوە، نیشانی دا کە بەداخەوە پرسی ژن و مافی ژنان لای زۆربەی هێزە سیاسییە بەرچاوەکانی ئەوکاتی ئێران، پرسێکی جددی و شیاوی داکۆکی نەبوو. لای ئەم هێزانە، خەبات بۆ ڕزگاری چینایەتی، نەتەوایەتی یان خەباتی دژی ئەمپریالیستی لە پرسی ڕزگاری و ئازادی ژنان گرینگتر بوو.

دوای سەرکوتی ئێعترزاتی ژنان لە سەرەتای شۆڕش، نزیک بە بیست ساڵی پێ چوو تا ژنان دووبارە، بەڵام ئەمجارە وەک جووڵانەوەیەکی تازەلەدایکبوو و بە هێزێکی زیاتر و بە بنەمایەکی کۆمەڵایەتی بەرفرەوانترەوە، بێنەوە مەیدان. بەم چەشنە دەکرێ بڵێین جووڵانەوەی ژنان، وەک جووڵانەوەیەکی سەربەخۆ، بەر لە هەموو شت بەرهەمی دوای شۆڕش و یان درووستترە بڵێین دوای کۆتایی شەڕی ئێران و عێراق و دەیەی نەوەدە.

کە دێتە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێمە پێشتر هیچکات خاوەنی جووڵانەوەیەکی ژنان نەبووین. چالاکی و بەشداری ژنان لە سیاسەت و لە بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا، پاشکۆیەکی سیاسەتی حیزبی یان خود بەشێکی جووڵانەوەیەکی گەورەتر بووە کە هیچ پێناسەیەکی سەربەخۆی فێمینیستی پێوە دیار نەبووە. ئەزموونی دوای ١٩٧٩ لە کوردستاندا، ڕێگەی بۆ بەشداری هەراوی ژنان لە جووڵانەوەی نەتەوەیی و خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی کردەوە و بۆ یەکەم جار، بە تایبەت لای هێزە چەپەکاندا، کۆمەڵانێکی بەرچاوی ژنان بەشداری ڕاستەوخۆی کاری ڕێکخراوەیی، پێشمەرگایەتی و سیاسییان کرد و کادرێکی نوێی ژنانی سیاسی لە



کوردستاندا ساز بوو. بەڵام ئەمانەش سەرەڕای هەموو تەئسیر و کارتێکەرییان لە سەر پرسی ژن، ئەم پرسەیان تەنیا لە چوارچێوەی سیاسەت و ڕۆژەڤێکی گشتیتری سیاسیدا سەیر دەکرد. واتە ئەم بەشدارییە وەک پاشکۆیی خەباتێکی گشتی بوو کە لەودا پرسی تایبەت و ویستەکانی ژنان هیچ تەوەرێکی تایبەتی پێک نەدەهێنا. لە پاڵ ئەمەش دەبێ دان بەوەدا بنێین کە بەشێکی چالاکی ئەوانەی لە کوردستاندا چالاکی سەربەخۆی ژنانیان وەرێخست، پەروەردەی ئەو حیزبە سیاسییانە، بەتایبەت هێزە چەپەکان، بوون.

لەم بیست ساڵەی دواییشدا، ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە دێمۆگرافی کوردستان و هەروەها لە مێنتالیتەی خەڵکدا پێکهاتووە. خودی پەراوێزخستنی ژنان لە لایەن کۆماری ئیسلامی و دەرهاوێژتنی ئەوان لە بوارە گشتییەکاندا، لە کردەوەدا دژکردی خۆی هەبوو و بەشێ لە ئەنجامەکانی، بەپێچەوانەی مەبەستە سەرەتاییەکانی کاربەدەستانی حکوومەت تەواو بوو. هەر ئاماژەیە بەمە کافییە کە ئێمڕۆ ڕێژەی خوێندکارانی ژنی زانستگاکان لە شەست لەسەد تێپەڕبووە.

ئێمە چۆن دەتوانین لەم جموجۆڵ و چالاکییە بەرفرەوانە تێ بگەین کە لەپڕ لەم دە بیست ساڵانەی دواییدا سەری هەڵداوە؟ چۆن بوو لە پڕ دەیان NGOی ژنان و دەیان ڕێکخراو و کۆمەڵەی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، حقوقی و سیاسی لەدایک بوون؟

من پێموایە دەکرێ زۆر بە سەرپێیی و خێرایی ئاماژە بە چەند ماکی گرینگ بکەین:

یەکەم: سیاسەتی کۆماری ئیسلامی کە سیاسەتێکی تەواو پەراوێزخەرانە بوو لەمەر ژنان، ناتەباییەکی بەرچاوی هەبوو لە گەڵ ئەنجامی ئاڵوگۆڕەکان و بەتایبەت گۆڕانی باری دێمۆگرافی کوردستان و ڕێژەی باڵای خوێندەواری ژنان لە کوردستاندا.

دووەم: کێشەی ڕۆژانەی ژنان لە گەڵ حکوومەتی ئیسلامی و ڕێساکانی زاڵ بەسەر دەستوور و کۆمەڵگادا. ئەم کێشەیە ئەگەرچی هەمیشە کێشەیەکی سیاسیی بووە، بەڵام دەیتوانی و توانیشی، لە قاوغێکی زیاتری حقوقیدا بێتە مەیدان و ڕەنگێکی حقوقیش لە داواکارییەکانی بدات. ئەمەش سەرەڕای هەموو نەیاری و تەگەرەی حکوومەتی، تەحەمولی هاسانتر بوو.

سێیەم: ونبوونی ڕێکخراوە سیاسییەکان لە مەیدانی چالاکی ناو وڵات و هەروەها لە کردەوەدا، گوێپێنەدان و بایەخپێنەدانی ئەو هێزە سیاسییانە بە پرس و گرفتە ڕۆژانەکانی ژنان، ئەوانی ناچار کرد، تا بەدوای فۆرم و شێوە چالاکی تازەتردا بکەون.

چوارەم: کرانەوەیەکی ڕێژەیی کەشی سیاسی لە ئێران لە دوای شەڕ و بەتایبەت دواتر لە دەورەی سەرۆک کۆماری خاتەمیدا. ئەم کەشە، مەیدانی بۆ کاری مەدەنی زیاتر فەراهەم کرد. دوای شەڕ زەمینەی زۆر لەو بیانووانە تەواو بوو کە ژنیان لە ماڵەوە دەبەستەوە و ئەم نارەزایەتییە هەر بۆیە لە ناو خودی ژنانی لایەنگری حکوومەتیشەوە دەستی پێکرد و سەرەتای سازبوونی ئەو ئاراستەیە بوو کە بە فێمینیزمی ئیسلامی ناوبانگی دەرچوو.

پێنجەم: پێوەندی زۆر بەرفرەوانتری خەڵکی ناوەوە و دەرەوەی وڵات، لەوان سەردانی ژنانی دەرەوەی وڵات و پێوەندییەکی بەهێزتری نێوان ژنانی کوردستان و ئورووپا و، لە لایەکی تریشەوە پەرەسەندنی تەکنۆلۆژی نوێ، ئینترنێت و بە گشتی هاوپێوەندییە تەکنیکییە نوێیەکان و بەم پێیەش ئاڵوگۆڕێکی زیاتر و نزیکتری ئەزموونی لە نێوان ژنانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات دەورێکی کەمی لەم ڕەوتەدا نەبوو.

شەشەم: چالاکانی ژن لەم دەورەیەدا، پێوەندییەکی بەهێزیان بە ڕێکخراو و کۆمەڵە جیاوازەکانی ژنانی ئێرانەوە هەبوو و بەشێکی بەرچاوی چالاکانی کوردیش هەر ئێستاش لە شارە گەورەکانی دەرەوەی کوردستاندا دەژین. بۆیەش، ئەم ڕەوتە لە کوردستاندا لە پێوەندەی لەگەڵ ڕەوتی سازبوونی جووڵانەوەی ژنانی ئێراندا پێکهات و پێوەندی بە پرسی نەتەوەیی و جووڵانەوەی ناسیۆنالیستی یان هەر نەبوو، یان فرە لاواز بوو.

کەوایە زەحمەتە ئێمە جموجۆڵی و چالاکییە حقوقی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی ژنان لەم دوو دەیەی دواییدا، وەک پاشکۆ، یان تابعێکی جووڵانەوەی نەتەوەیی لە قەڵەم بدەین. من پێشتر ئاماژەم بە بەشێک لەم هۆکارانە کرد، بەڵام دەکرێ دیسان باسی ئەوەش بکەین کە:

یەکەم: حیزبە سیاسییەکان لەم قۆناغەدا کە جووڵانەوەی ژنان سەریان هەڵدا، نەتەنیا هیچ ئامادەییەکی چالاکانە و تەنانەت فیزیکیان لە ناو وڵاتدا نەبوو، بەڵکو بە شێوەی جیاوازیش دژایەتی سەرهەڵدان و بەهێزبوونی ئەم جووڵانەوە نوێیە و سازبوونی ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکانیان دەکرد و بە گومانەوە سەیریان دەکردن و لە باشترین حاڵەتدا، پێیان وانەبوو ئەم چالاکییانە هیچ دەورێکی گرینگی سیاسی بگێڕن.

دووەم: ماکێکی سەرەکی و گرینگی ئەم جووڵانەوەیە لە ئاستی گوتاری ماف، گوتاری شاروەندی و داخوازی کۆمەڵگایەکی مەدەنیدا دەبێ پێناسە بکرێت، کە ئەم گووتارانە، نەتەنیا لە گوتاری ناسیۆنالیزم دوور بوون، بەڵکوو بگرە زۆر جارانیش وەک دژی ئەم گووتارە لە قەڵەم دراون.

سێیەم: داخوازییەکانی ژنان و بواری هێنانەئارای ئەم داخوازییانە بەر لە هەموو شت و بەتایبەت لە کۆتایی نەوەدەکاندا، لە ئاستی مەیدانی و ژیانی ڕۆژانەی ژناندا بوو و بە تایبەتی ڕەهەندە جیاواز و ئەنجامەکانی یاسایی ژیانی ئەوانی لە کۆمەڵگا و خێزاندا دەگرتەوە. ئەم پرسانە، پرسی میرات، مافی سەرپەرشتی منداڵ، مافی جیابوونەوە، مافی کار لە هەندێ بواردا و هتد بوون کە دەکەوتنە دەرەوەی گوتاری سیاسی حیزبەکان و تەنانەت دەرەوەی تێگەیشتنی زاڵ لە سیاسەت. بە واتەیەکی دیکە، ئەم داواکارییانە، کۆنکریت بوون و ماکێکی ئابستراکت یان گشتییان پێوە دیار نەبوو.

کەوایە زۆربەی داواکارییەکانی ژنان لە کۆتایی نەوەدەکان، لە خانەی یەکسانی حقوقی و گۆڕانی یاسادا بوون. لە بەراوردێکی مێژووییدا، دەکرێ بڵێین، ئەم ویستانە سەر بە قۆناغ یان شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم بوون. دواتر لەم دەساڵەی ڕابردوودا دەکرێ بڵێین، داواکاری یەکسانی حقوقی بەرەبەرە گۆڕاوە بە داواکاری یەکسانی سیاسی. ئەوە هەر لەم قۆناغەشدایە کە چالاکی ژنانی کورد بەرە بەرە سیمایەکی زیاتر "کوردی" بەخۆیەوە گرتووە.

هەر لەم دەورەیەشدا بوو کە مەسەلەی جیاوازی"difference"، کە تایبەتە بە شەپۆلی سێیەمی فێمینیستییە، لە ئێران و کوردستانیشدا، کەوتە بەر باس. ئەمجارە باس لەوە بوو کە ئایا ماف و داواکارییەکانی ژنان دەکرێ بخرێتە یەکخانەی تایبەتییەوە، یان ژن، وەک دیاردەیەکی گشتی بوونی نییە و بۆیەش دەبێ سەرنجی پێناسە جیاوازەکان و ماکە پێکهێنەرەکانی ئەم ژنە گشتییە دابەزێتە سەر ژنی کۆنکرێت. واتە ئێمە دەبێ باسی ژن بە پاشخانی کۆمەڵایەتی، ئێتنیکی و ئابووری جیاواز بکەین. لەم دەورەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەشدا بوو، کە بە بڕوای من بەشێکی بەرچاوی ڕێکخراو و کۆمەڵەکانی ژنان لە کوردستاندا، سیمایەکی نەتەوەیی دیارتریان بە خۆیانەوە گرت.

لەم قۆناغەدا، بەشێکی زۆری ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵانەی لە کوردستاندا، بەتایبەت لە سنە و دەورانپشتی، ئاشکراتر لە جاران، ژنبوون و کوردبوونیان بەیەکەوە ئامێتە کرد. ئەم ڕەوتە هەڵبەت بەداخەوە بەو هەراوییەی پێشووی، کەمتەمەن بوو و بە توندی کەوتە ژێر سەرکوتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و بەشێکی بەرچاوی کارگێڕانی ئەم ڕەوتە یان کەوتنە زیندان و یان وڵاتیان بەجێ هێشت و یانیش بە شێوەیەک چوونە ناو ڕێکخراوە و چالاکییە سەرانسەرییەکانی ژنان، لەوان کەمپەینی یەک میلیۆن واژۆ.

بە کورتی دەبێ بڵێین کە پێوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە جووڵانەوەی ژنانی ئێرانەوە بەهێزتر بووە و ئەوان خۆیان زیاتر وەک بەشێک لەم جووڵانەوەیە پێناسە کردووە تا بەشێک لە جووڵانەوەی نەتەوەیی. بەڵام هەر وەک گوتم، ئەم گرێدراوییە بە پێناسەی نەتەوەیی لەم دواییانەدا بەهێزتر بوو، بەڵام تا ئێستا نەگەیشتووەتە پێوەندییەکی ئەوتۆی دیار و بەرچاو بە جووڵانەوەی سیاسیی نەتەوەیی کوردەوە. مەسئولییەتی بەشێک لەم پێوەندییە لاوازەش لە ئەستۆی جووڵانەوەی

ل ٦

# دوو هەڵوێست و بنیاتنانی کۆمەڵێك کلتووری نوێ

سمایل شەرەفی

**ئاماژە:**

**لە سەر ساغبوونەوەی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان بڕیار وابوو لە دوایین ژمارەی ئەم ساڵی "کوردستان"دا ئاوڕێك لە کارو تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ئەم یەك ساڵەدا بدرێتەوەو ئەرکی نووسینەکەشی بە من ئەسپێردرا. بەڵام کاتێك کە سەردانی ئارشیوو سەرچاوەکانی سووژەکەم کرد هاتمە سەر ئەو باوەڕەی کە وەها کارێك نەتەنیا لە توانای وتارێك دا نیە، بەڵکوو تەنیا ریز کردنیان پێویستی بە کاری چەند کەسێك و بۆ لێکدانەوەیان نوسینی چەندین وتاری جوراوجۆر پێویستە. بۆیە لەم وتارەدا تەنیا باس لە دوو هەڵوێستی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی یەك ساڵی رابردوودا دەکەین کە بۆ ئەم حیزبە بوونە پێناسەیەکی تایبەت و لە هەمان کات دا رووخسارێکی دیکەیان بە سیاسەت کردن و حیزبایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەخشی.**

بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لێدوانێکی دا بۆ رۆژنامەی کوردستان لە دوایین رۆژەکانی ساڵی ١٣٨٧ دا و ٤ مانگ پێش لە بەرێوەچوونی خولی دەیەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکۆماری لە ئێران، کە پاشان بوو بە هەڵوێستی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، رایگەیاند کە: "چ هەڵبژاردنەکان تەحریم بکەین چ نەیکەین، دەبێ قورسایی کورد دیار بێ".

ئەم روانینەی کاك خالید پێش ئەوەی هەڵوێستی رەسمیی حیزبی لێبکەوێتەوە، لە چەند لایەنەوە چەند خوێندنەوەیەکی نوێی بە دوای خۆیدا هێناو پێناسەیەکی دیکەی بە سیاسەتکردن لە رۆژهەڵاتی کوردستان لێ کەوتەوەو لە پاشان کاریگەریی پوزتیڤی لە سەر رەوتی کاری چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە ناوخۆی وڵات و هەروەها بەشێك لە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دانا.

ئەم جۆرە روانینە کە دواتر هەڵوێستی واقعبینانەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی بە نیسبەت هەڵبژاردنەکانی سەرۆکۆمارییەوە لێکەوتەوە، لە لایەك خوێندنەوەو دیتنی وەزن و قورسایی کوردی لە گەمە سیاسییەکان دا، کە چەند ساڵێك بوو بە تەواوەتی لە هەڵوێستی حیزبەکانی رۆژهەڵات دا غایب بوو، هێنایەوە گۆڕی و لە لایەکی دیکەوە وەبیر لایەنەسیاسییەکانی هێنایەوە کە سیاسەت کردن تەنیا دیتنی ژمارەکانی ٠ و ١٠٠ نیەو حیزبێکی سیاسیی واقعبین دەبێ وێڕای درووستکردنی مەجال بۆ سیاسەت کردن لە هەموو مەجالە رەخساوەکان بە قازانجی بەرژەوەندی گشتی کەڵك وەربگرێت.

لە لایەکی دیکەوە ئەم روانینەی حیزبی دێموکرات، بە جۆرێك گەڕاندنەوەی ئەو مافە زەوتکراوانەی چالاکان و تێکۆشەرانی سیاسی و مەدەنیی ناوخۆی کوردستان بوو کە بە هۆی نەخوێندنەوەیان لە لایەن حیزبەکانەوە، راستەوخۆو ناراستەوخۆ مەجالی هەڵوێست دەربڕین و چالاکییان لێ بەربەست کرابوو. دووربوونی حیزبەکان لە فەزای ناوخۆی وڵات و نەبوونی زانیاریی پێویست لە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و زۆر جاریش نەفی و نەدیتنی هێزو تواناکانی دەرەوەی پێکهاتەی رێکخراوەیی و حیزبی لە لایەن هێزە سیاسییەکانی تاراوگە نشینەوە، تا رادەیەکی بەر چاو درزی خستبووە نێوان کۆمەڵگاو حیزبەکان و بە شێوەی بەرچاوتر نێوان حیزبەکان و چالاکانی سیاسی و مەدەنی ناوخۆی وڵات. بەڵام ئەم تێڕوانینە نوێیەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دەرك کردن بە "وەزن و قورسایی کورد" لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوەندی ئێران، لە لایەك توانی خۆی لە گەڵ واقعییەتەکانی ناوخۆی وڵات ئاشت بکاتەوەو لە لایەکی دیکەشەوە کەسایەتیی بە تێکۆشان و چالاکیی تێکۆشەران و چالاکانی ناوخۆی وڵات ببەخشێ و بە گشتی پاسیڤ بوون و کەمتەرخەمی لە سەر تێکۆشانی ناوخۆو دەرەوەی وڵات راماڵی.

بە گشتی ئەم خوێندنەوە نوێیەی حیزب، بە تایبەت لە سەردەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکۆماری دا هەر چەند زۆر رەخنەی لێ گیراو هێرشی کرایە سەر، بەڵام لە راستی دا فازێکی نوێی بە رووانینە سیاسییەکان لە سەر ئاستی فەزای سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان و جۆری بیرکردنەوەی حیزبە سیاسییەکان بەخشی و ئاخێوو گوتارێکی ئاکتیفی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەر دوو ئاست دا بنیات نا.

هەڵوێست و سیاسەتێکی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ماوەی یەك ساڵی رابردوودا توانراوە پراکتیزە بکرێ و بۆتە بنەمایەك بۆ سەقامگیر کردنی کلتووری پێکەوە هەڵکردنی شارستانیانە، ئێعتراف بە بوونی جۆراوجۆرییەکان و لە هەمان کات دا کارکردن بووە بۆ دروست کردنی گوتارێکی واحید لە نێوان ئەم جۆراوجۆرییانەدا.

دوای لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ساغکەرەوانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە خوێندنەوەو خەسارناسیی هۆکارەکانی ئەم خەسارە مێژوویە، هەوڵی گۆڕینی فۆرم و شێوازی حیزبایەتی و کێشە تەشکیلاتییەکانیان داو لە مانیفێستی " هێڵە گشتییەکانی رێبازی ئێمە" دا پێناسەی تازەیان لە گەلێك چەمك و مەفهوومی پێوەندیدار بە کاری رێکخراوەیی و تەنزیمی رەوابتی دەرەوەو ناوەوەی حیزب خستە روو کە زۆربەی زۆریان لە کۆنگرەی ١٤ی حیزب دا پەسەند کران و بۆ ئەم حیزبە بوون بە پێناسە و خاڵی جیاواز لە گەڵ حیزبەکانی دیکە.

چۆنیەتی پێوەندیی نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان یەکێك لەو خاڵانە بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان خوێندنەوەی نوێی لێ ئێرائە داو لە یەك ساڵی رابردوودا بە شێوەی عەمەلی کاری بۆ جێ خستنی ئەم تێڕوانینە کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە رەخنە گرتن لە چۆنیەتی و شێوازی پێوەندی و هاوکاریی نێوان هێزە سیاسییەکان، پێش هەموو شتێك سەرجەم ئەو مەرجانەی کە لە راستی دا گرفتی جیدیی بوون لە بەردەم لێك نزیك بوونەوەی هێزە سیاسییەکان دا، هەڵوەشاوە راگەیاندو راشکاوانە بە بێ دانانی هیچ مەرجێك دەستی دۆستایەتی بۆ لای ئەو هێزانە راکێشا.

بە پێچەوانەی رابردوو هەڵوێستی حیزب لەم پێوەندییەدا تەنیا لە چوارچێوەی درووشم دا نەمایەوە بەڵکوو بە کاری بەردەوام و ماندوونەبوون بۆ سەر خستنی ئەم باوەڕە لە چوارچێوەی هەوڵێکی دیپلۆماتێکی گشتگیردا هەنگاوی بۆ هەڵێنرایەوەو بە بەسەر کردنەوەی سەرجەم حیزب و لایەنە ناسراوەکانی گۆڕەپانی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان کار لە سەر بە ئاکام گەیاندنی سیاسەتی کۆدەنگیی نێوان ئەم هێزانە کرا.

هەڵوێستی هاوبەشی زۆربەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بە بۆنەی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٨( سی ساڵەی دەرکردنی فتوای جیهاد دژ بە خەڵکی کوردستان لە لایەن خومەینی)یەوە، بێگومان ئاکامی هەوڵ و کاری ماندوویی نەناسانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە لانی کەم حیزبەکان بە یەك ئەدەبیات و گوتارێکی هاوبەشەوە ئەم بۆنەیان یاد کردەوە. هەر لە راستای ئەم سیاسەتەدا بوو کە چەند دانیشتن و هەڵوێستی گرنکی هاوبەش بە شێوەی ٤ قۆڵی و ٥ قۆڵی لە نێوان حیزبەکان دا کراوەو تەنانەت چەند حیزبێك توانیویانە لە بەرنامەیەکی تلویزیۆنی دا بە گۆتارێکی هاوبەشەوە قسە بۆ خەڵك بکەن.

هەرچەند تا ئێستاش لە پێوەندی لە گەڵ پرسی درووست بوونی کۆدەنگی لە نێو حیزبەکان دا گەلێك کۆسپ و ئاستەنگ هەروا بوونیان هەیەو لە ئاکامی لەتبوونەکان دا لە نێوان حیزبە لێك ترازاوەکان دا تا ئێستاش هەروا ناکۆکی و یەکتر نەدواندن هەیە، بەڵام روانین و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە تایبەت هەوڵەکانی یەك ساڵی رابردوی ئەم حیزبە توانیویەتی ببێتە بنەمایەکی قایم بۆ داهاتووکە نە تەنیا دەکرێ دڵنیا بین لەوەیکە کۆدەنگیی نێوان هێزەکانی لێ بکەوێتەوە، بەڵکوو هومێد دەکرێ حیزبە لێك دابڕاوەکانیش بیر لە شتی زیاتر لە هاوکاری و کۆدەنگی نێوانیان بکەنەوە.

---

**رێژەی:**

## گوتاری پیاوسالارانە، گوتاری زاڵ بەسەر جووڵانەوەی ناسیۆنالیستی و سەوزدا

نەتەوەییە.

بە کورتی چالاکی و جموجۆڵی ئێستای ژنانی کورد ناکرێ لە دەرەوەی ئەو پاشخان و زەمینە سیاسی، فکری، کۆمەڵایەتییانە ببیندرێ کە جووڵانەوەی ژنانی ئێران سەری تێدا هەڵداوە. بەم پێیەش ژنانی کورد وا پێدەچێت بەشیک لەم جووڵانەوە بن و هەر لە خانەی ئەم جووڵانەوەیەشدا شیاوی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بن. هاوکات ئێمڕۆ ماکی نەتەوەیی لەم جووڵانەوەیەدا لە بەراورد لەگەڵ بیست ساڵ لەمەوبەر زۆر بەرچاوترە، بەڵام ئەمە تەنانەت رەوتی چاکخوازی کوردەکانیش و لایەنەکانی دیکەش دەگرێتەوە. دەکرێ بڵێین گوتاری نەتەوەیی بە گشتی بەهێزتر بووە و ئەمەش دەبێ هۆکارەکانی لە دەرەوەی هێزە سیاسییە نەریتییەکانی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بدۆزینەوە، لەوان لە رەوتێکی بەجیهانیبوون، و هەروەها لە کاتێکەری جووڵانەوەی نەتەوەیی باشووری کوردستان و تا رادەیەکیش چالاکییەکانی پارتی ژیانەوەی کوردستان.

### پرسی ژنان لە دۆخی ئێستادا

ئێمڕۆ کێشەی ژنانی کورد دوو بوار بە خۆیەوە دەگرێت. لە لایەکەوە پرسی ژنان لە جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردیدا و لە لایەکی دیکەشەوە، ئەم پرسە لە ئاست جووڵانەوەی سەوزدا. بە بڕوای من تا ئێستا جیاوازییەکی زۆر بنەمایی و ناوەرۆکی لە نێوان هەڵسوکەوتی ئەم دوو جووڵانەوەیە لەمەر پرسی ژناندا نەبووە. کە دەگەڕێتەوە سەر پرسی ژنان لە جووڵانەوەی کوردیدا، وا ئەم پرسە هەمیشە لە ئاستی درووشم و رێتۆریکی سیاسیدا ئامادەیی هەبووە، بەڵام لە بنەڕەتدا، کاریگەرێکی کردەوەیی و دەستکەوتێکی بەرچاوی کردەوەیی نەبووە، بەتایبەت کە ئەم هێزانەی کە پرسی ژنیان بە گریبگتر گرتووە، دەرفەت و بواری کاریان لە ناو وڵاتدا نەبووە. کەوایە، سیاسەت و تەئسیری جووڵانەوەی کورد لەسەر پرسی ژنان، زیاتر هێمایی بووە تا واقعی. لە لایەکی دیکەشەوە، پرسی ژنان لای هێزە سیاسییەکان زۆر جاران داکێشراوەتە ئاستی ئەمرازێک بۆ دژایەتی لەگەڵ سیاسەتەکانی دژی ژنانی حکوومەتی ئێران و کەمتر وەک گرفتێکی ساختاری و کێشەیەکی کۆمەڵگای کوردەواری ئاوڕی لێدراوەتەوە.

کە دەگەڕێتەوە سەر جووڵانەوەی سەوز وا لە دوو ڕووەوە ئەمانە گرفتیان بە یەکەوە هەیە. یەکەم وەک بەشێک لە جووڵانەوەی ژنان. تا ئێستا لە لایەن جووڵانەوەی سەوز هیچ گرینگییەکی تایبەت بە داواکاری و پێگەی ژنان نەدراوە. مامڵەی جووڵانەوەی سەوز لەگەڵ جووڵانەوەی ژنان، مامڵەیەکی ناڕەوا بووە، چونکو سەرەڕای بەشداری بەرچاو و سەربەخۆی ژنان لە جووڵانەوەی سەوزدا، هێشتا ئەجێنداکانی تایبەتی ژنان شوێنێکی بەرچاوی لە پلاتفۆرم و گەڵاڵە سیاسییەکانی ئەم جووڵانەوەیەدا نەبووە. لەم ڕوویەوە، گەڵاڵە سیاسییەکان تا ئێستا سیمایەکی دیاری پیاوسالارانەیان هەبووە.

گرفتی دووەم پێوەندی بە ڕەهەندی نەتەوەیی پرسی ژنان لە کوردستانەوە هەیە، کە لەم ڕوویەشەوە تا ئێستا گوتاری زاڵ بەسەر جووڵانەوەی سەوزدا، گووتارێکی ناوەندگەرا بووە و مەسەلەی نەتەوەیی بە هیچ چەشنێ لە لایەن جووڵانەوەی سەوزەوە ئاماژەی پێنەدراوە و وەک گرفتێکی جددی سەیری نەکراوە.

بەشێک لە بەشدارانی جووڵانەوەی سەوز مەسەلەی یەکێتی جووڵانەوەکە، دەکەنە بیانوویەک بۆ پشتگوێخستنی داواکارییەکانی ژنان. لای ئەوان ئەم داواکارییانە لە خانەی جیکڵدانەی ئێستای جووڵانەوەکەدا نییە و ناوەرۆکێکی پەڕگیری هەیە و، بۆیەش پێیان وایە دەبێ بە ئیحتیاتەوە مامڵەی لەگەڵ بکرێت و زۆر زەق نەکرێتەوە. بەشێکی دیکەی جووڵانەوەکەش، روانینیان بە مەسەلەی ژنان تا ئێستاش لە زۆر رووەوە ناتەبایە لە گەڵ ویست و داواکارییەکانی جووڵانەوەی ژنان.

بە کورتی، ئێمڕۆ ژنانی کورد، بە بڕوای من، دەشێ هاوکات لەگەڵ پێداگری لەسەر داواکارییەکانی خۆیان و هەولدانیان لە پێناو رادیکالیزەکردنی جووڵانەوەکە، ئەم پرسە بە شێوەیەکی پتەوتر بە جووڵانەوەی نەتەوەیی و پرسی نەتەوەیی گرێ بدەن. پرسی ژنانی کورد دیارە لە دەرەوەی پرسی نەتەوەیی کورد نییە و هەر بۆیەش ژنان دەبێ لەم ئاستەشدا هەول بدەن ئەجێنداکانی خۆیان بکەن بە بەشێک لە ئەجێندای جووڵانەوەی نەتەوەیی و وەک بەشێک لەم جووڵانەوەیە، بەڵام هاوکات بە هەندێ داواکاری تایبەتی خۆیانەوە، لەگەڵیدا بن. دیارە بۆ ئەوەی ئەم جمۆجۆڵییە قەوارەی جووڵانەوەیەک بە خۆیەوە بگرێ، گرینگە کە هەموو بەشەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی هەول بدەن پرس و داواکارییەکانی ژنان بە بەشێکی سەرەکی پرسەکانی خۆیان و وەک بەشێکی جیانەکراوەی مافی نەتەوەیی دابنێن.

**گرینگە کە هەموو بەشەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی هەول بدەن پرس و داواکارییەکانی ژنان بە بەشێکی سەرەکی پرسەکانی خۆیان و وەک بەشێکی جیانەکراوەی مافی نەتەوەیی دابنێن**

ئەوسا ئەم جمۆجۆلە بۆی هەیە ببێتە جووڵانەوەیەک و دەورێکی زۆر بەرجەستەتر لە جووڵانەوەی نەتەوەییدا یاری بکات و بەم چەشنەش، وەک جووڵانەوەیەکی بەهێزتر و وەک بەشێک لە جووڵانەوەی نەتەوەیی، رەنگ و ڕوو و ناوەرۆکی جووڵانەوەی سەوز بە سودی خۆیان تووشی گۆڕان بکەن.

دیارە بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی ئەوکاتی ئێران و کوردستان، مەسەلەی داکۆکی لە مافی ژنان شوێنێکی گرینگی لە سیاسەت و چالاکی ئەواندا هەبوو. ئەم هێزانە بەڵام هیچکامیان هێزێکی بەرچاوی جەماوەرییان لە ئێراندا نەبوو. لەوانەیە لەم نێوەدا، "جبهە دمکراتیک ملی ایران" یەک لەو نموونە ریزپەڕانە بێت کە داکۆکییەکی پتەوی لەم پرسە کرد. لە کوردستانیشدا، جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان بۆ وێنە حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵەدا دەبیندرا، بەڵام ئەم کێشەیە لە کوردستاندا هیچ ماددییەتێکی نەبوو، چونکو حکومەت دەسەڵاتێکی لە کوردستاندا نەبوو تا بتوانێ ئەم یاسا نوێیە بەڕیوە بەرێت. هاوکاتیش هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان هەموو جموجۆڵییەکی کوردستانی خستە ژێر تاوی ئەم رووداوە.

٢ لە ئیسلامییەکانی حکوومەتی وەک "طالقانی"یەوە گرتوویەتی تا ئەوانەی دەرەوەی حکومەت، وەک "شریعتمداری"، لە هێزە چەپەکانی وەک "راه کارگر" و تا سازمان چریکهای فدایی"، گرتوویەتی تا "حزب تودە" و لیبراڵەکانی ناو حکومەتە گرتوویەتی تا "جبهە ملی" هیچکامیان لە ئاستی سەرکوتی ژنان و کپکردنیان هەڵوێستێکی جددییان نەگرت و بە هیندیان دانەنا.

٣ سەرنجراکێش ئەوەیە کە سەرۆکان و ئایدیۆلۆگەکانی حکومەتی ئیسلامی (لە شریعتی، خمینی و طالقانی تا ئەوانی دیکە)، ئەگەر لە سەرەتادا سەبارەت بە ئازادییە سیاسییەکان، لە روانگەیان سەبارەت بە چەپەکان، لە روانینیان بە پرسی نەتەوەییدا درۆیان کرد و هەڵوێستێکی زۆر پراگماتیستییان گرت، وا سەبارەت بە پرسی ژنەوە، سەرەڕای هەندێک درۆ، بە گشتی هەر لەسەرەتاوە بە ڕاشکاوی رایانگەیاند لە کوێ راوەستاون، بەڵام ئەم هەڵوێستانە هیچکات بەئەندازە کافی بە مەترسیدار لە قەڵەم نەدران.

٤ـ رەنگبێ دەرچوونی گۆڤاری "زنان" لە ساڵی ١٩٩٢، هێمایەکی خویا بێت بۆ دەستنیشانکردنی رێژەیی رێکەوتێکی لەدایکبوونی جووڵانەوەکە. (کە ئەمەش هەڵبەت هاوکاتیش بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی گووتارت فێمینیسمی ئیسلامی)

٥. چۆنییەتی ئەم گۆڕانکارییە هەم ئاڵۆزە و هەمیش لە مەجالی ئەم کوتارە وتارەدا نییە، بەڵام حەز دەکەم ئاماژە بە یەکێ لەم هۆکارانە بکەم کە بە بڕوای من دەورێکی گرینگی لە سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە نوێیەدا هەبووە. ئەویش بە بڕوای من گۆڕینی ڕێژەیی ناوەرۆکیی جووڵانەوەی ژنانی ئێران بوو لە جووڵانەوەیەکی بە ناوەرۆکی حقوقییەوە بە جووڵانەوەیەکی خویاتری سیاسییەوە. رەنگبێ سازدان و دەستپێکردنی بەشە جیاوازەکانی "مطالعات زنان" لە زانستگاکانی نموونەیەکی باش بێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەم گۆڕانکارییە.

# هەڵبجە، ژانی بەسۆ

فەیسەل ئێراندووست

ڕۆژی ١٦ ی مارسی ١٩٨٨، کاتژمێر ١١ و چەند چرکە ، گازی ژەهر، ئاسمانی ساف و بێ گەردی هەڵەبجەی دایکی شارەزوری، لە پێدەشتەکانی شاخی باڵان بۆ وشنروێ ڕەش هەڵگەڕاندو، بارانەی مەرگ بە سەر دانیشتوان و هەموو زیندەوەرێکی شاری شاعیران و هونەرمەندان و خەباتکارانی گەلەکەمان دا ڕژا و، لە ئاکامدا سەدەی بیست، لە گەڵ سامناکترین و جینایەتبارترین ڕووداوی خۆی بەرەوروبوو. هەڵەبجەی خۆڕاگرو شۆڕشگێڕ کەوتە بەر ڕق و قینی بێ فەرهەنگترین و دواکەوتوترین ڕێژیمی مێژوو . لەم جینایەتە بێ وێنەیە دا زیاتر لە ٥٠٠٠ ژن و مندال و پیر و لاوی بێ چەک و بێ تاوان لە گەڵ کۆتر و چۆلەکە و گوڵ و دار ، گیانی خۆیان لە دەست داو و شاری هەڵەبجە وێران و بۆ ماوەیەکی زۆر،بە چۆلی مایەوە.

هەڵەبجەی شەهید، پاش ڕاپەرینی مێژویی گەلەکەمان لە ژێر ستەمی ڕێژیمی بەعس ،ڕزگاری بو و کوردستان و هەڵەبجە بۆ ڕزگاری ، بە زۆر قۆناغ دا تێپەریون و زۆر سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە

هەڵەبجە لە مێژوی خۆیدا بە شاری ڕووناکبیران و هەڵبەستوانانی بە دەربەستی کورد ناوی دەرکردوەو شاعیرانی وەک تاهیر بەگی جاف، ئەحمەد موختار جاف، سالح هەژار،ع.ع شەونم،خورشید بابان، گۆران، و زۆر روناکبیر و هونەرمەند لەم مەلبەندە لە دایک بوون و پێگەیشتون . شانۆ و تیپی موسیقا و زۆر کۆری ڕووناکبیری بۆ هەوەلین جار لە هەڵەبجە پێک هاتون. لە پارێزگای سولەیمانی هەم لە شۆڕشی ئەیلول و هەم پاش نسکۆ، بۆ هەوەڵین جار پێشمەرگە لە مەلبەندی شارەزور دەستیان بە خەبات کردوە.

پاش ئەوەی ڕێژیمی بەعس، گوندەکانی دەوروبەری هەڵەبجەی وێران کرد ، خەڵکەکەی بۆ نێو شار گواستەوە. دواتر وبە هۆی ئەو کارەساتانەوە کە لە ئاکامی شەڕی ئێران- عێراق بە سەر خەلکی ناوچەکەدا هات، شارە بچووکەکانی سەر سنووریش وەک تەوێڵە، بیارە و خۆرماڵ، چۆل کران و زۆربەی خەڵکەکەی لە هەڵەبجە نیشتەجێ بوون. هەڵەبجە، میوانداری حەشیمەتێکی چەندین بەرامبەر لە رادەی توانایی ئیمکاناتی خۆی دەکرد ،حەشیمەتێکی بێکار و لە ژێر سێبەری شەڕداکە تەواوی تایبەتمەندی یەکانی سونەتی و عەشیرەتی گوندەکانی لە گەڵ خۆی هێنابوو. ڕێژیم بە باشترین شیوە بۆ چەکدار کردن کەڵکی لەو وەزعیەتە وەر دەگرت. لەگەڵ ئەوەش دیسان هەڵەبجە، هەر مەلبەندی راپەرین و سەر هەڵدان مایەوە و خەباتکارانی ئەم شارە کۆلیان نەدا. لە ماوەی دەستەلاتداریی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی بەغدادا ، دەیان جار شاری هەڵەبجە خۆپیشاندانی وەرێ خستوە و ڕاپەڕیوە. لە کاتی شۆرشی ئەیلوول ، هەڵەبجە لە گەڵ قەلادزێ بە بومبی ناپالم کەوتۆتە بەر هێرش و خەڵکێکی زۆری لێ شەهید کراوە. لە کاتی دەستەڵاتداریی سەدام دا ، لە لایەن بەعسی یەکانەوە، چەندین خۆپیشاندانی قوتابیان و خەڵکی هەڵەبجە لە خۆیندا گەوزاوە. گەڕەکی کانی ئاشقان بە تەواوی وێران کراوەو ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران بە کۆمەل تیرباران کراون. بەڵام هەڵەبجە دیسان مەڵبەندی ڕاپەرین و سەر هەڵدان ماوەتەوەو،بەعسی یەکانی تووشی داماوی کردوە.

بە پێی بەرنامەیەکی هاوبەش، کۆماری ئیسلامیی ئیران و بەرەی کوردستانی دەیانویست، شاری هەڵەبجە بخەنە ژیر دەستی خۆیان . ڕێگری گەورەی بەردەم پلانی ئەو



هێرشەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی،بوونی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە شاری نەوسوود و ناوچە سنوورییەکانی ئەو شارە لە گەڵ عێراق بوو. ئامانجی گەورەی کۆماری ئیسلامی پێش داگیر کردنی هەڵەبجە کە لە ڕادەی نێونەتەوەیی تەبلیغێکی گەورە بۆ ڕێژیم بوو، هێزی پێشمەرگەی دێموکرات بوو. پێشمەرگەکانی دێموکرات لە سەرەتای هێرشی ڕێژیم بۆ کوردستان لە نزیک ئەم ناوچە بوون و دەیان زەربەی گورچو بڕیان لە ڕێژیم دابوو، دەیان هێرشی بەکرێگیراوانی ڕێژیمیان بەر پەرچ دابۆوە و، ناچار بە پاشەکشەی کردبوون . پلانی هێرشی کۆماری ئیسلامی و بەرەی کوردستانی، کاتێکی لە باری بۆ ڕێژیم خولقاندبو. پێشمەرگەی بەرەی کوردستانی لە گەڵ پێشمەرگەکانی حیزب دەرگیر نەبوون، بەڵام هێزەکانی سپای پاسداران، ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی و ژمارەیەکی زۆر لە جاشەکان، هێرشیان کردە سەر بنکەو سەنگەرەکانی پێشمەرگەی هێزی شاهۆ. هێزی پێشمەرگە پاش دوو ڕۆژ شەڕی کەم وێنە، تەلەفاتێکی زۆریان وە دوژمن گەیاند و بە پێی بەرنامە، ناوچەکەیان بەرەو دەشتی شارەزوور و دەوروبەری هەڵەبجە بە جێ هێشت. لەو شەرە دا، فەرماندەی لەخۆبوردو و بەجەرگ، شەهید عیزەت ئەحمەدی شەهید بوو، شەهید مەحموود گەلێنی بە هۆی پریشکی خومپارە گیانی لەدەست دا.

وەبیر دینینەوە کە هیزی شاهۆ و کومیتەی هەورامان، مەڵبەندی ١ و هێزی زاگرۆس، مەڵبەندی ٢ و هێزی ٢ی ڕێبەندان وهێزی بەیان و کومیتەی بۆکان کەلە هانی گەرمەڵە جێگیر بوون ، بە یارمەتیی چەند شۆڕشگێری گەلەکەمان لە باشووری کوردستان، توانیان بە بەرنامەیەکی ڕێک و پێک لە دوو گرووپ دا، خۆیان لەو ناوچەیە دوور بخەنەوە.

بە داخەوە ،ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی ڕێکخراوی کۆمەلە، کە لە نزیک ناوچەی " زەڵم " بوون کەوتنە بەر هێرشی چەکی شیمیایی و زیاتر لە ٧٠ کەسیان گیانیان لە دەست دا.

لە کاتی هێرشی بەربڵاوی هاوبەشی پێشمەرگەی بەرەی کوردستانی و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەڵەبجە و دەشتی شارەزورو پاش گرتنی ئەو شارە، فرۆکەکانی ڕێژیمی عێراق بە توندی هەڵەبجەیان دایە بەر بۆمبی شیمیایی و ئەو جینایەتە سامناکەیان خولقاند کە مێژوی مرۆڤایەتی لە بیری ناکا. زیاتر لە ٥٠٠٠هەزار شەهید ، زیاتر لە١٠٠٠٠ هەزار بریندار و هەزاران کە س ئاوارە و وێران بوونی شار ، بەرهەمی جەنایەتباری بڕیاری ڕێبەرانی عێراق دەرحەق بە هەڵەبجە و خەڵکی خۆڕاگری ئەو مەڵبەندە بوو. وێرای خەڵکی هەڵەبجە ، ژمارەیەکیش لە ئاوارەکانی ڕۆژهەلات کە زۆربەیان لایەنگر، یان کەس و کاری پێشمەرگەی حیزب بوون ، لە جەرەیانی شیمیا بارانی هەڵەبجە گیانیان لە دەست دا، لەوانە، خاتوون حوسەینی وکەیومەرسی حەیدەری، دایک و برای شەهید ئیقبال حەیدەری ، پەروانە ئاژیر و هاوسەرەکەی، عەلی و دوو منداڵەکەیان.

ژمارەیەکی زۆریش لە لایەنگران و ئەندامانی حیزب کە کەوتبوونە بەر گازی چەکی شیمیایی، و یان دەرفەتیان نەبوو کە لە گەڵ پێشمەرگە بکەون ، بە ناچار ڕیگای ئێرانیان وەبەر گرت و ژمارەیەکیان لە لایەن جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی یەوە، ئێعدام کران . پیرباوا راوەند، سدیق نەورۆزی، حەمەلاو عەزیزی، نامەوەش سەعیدی، قادر وەلەدبێگی، تەیموور خالدی، موئمن مەعرووفی و هیدایەت حوسەینی، لە پێشمەرگەکانی دیمۆکرات بوون کە لە کرماشان لە لایەن ڕێژیمی ئاخوندەکانەوە ، ئێعدام کران.

بێجگە لەوانە، قارەمانی شەرەکانی هێزی شاهۆ لەگەڵ ڕێژیم، پێشمەرگەی هەڵکەوتوو، ئەنوەرموحەمەدی ناسراو بە ئەنوەر دەرەبەیانی، بە شیوەیەکی گوماناوی، بێ سەروشوێن بوو. هەروەها لە کاتی چۆڵ کردنی ناوچە لەلایەن حیزبەوە، پێشمەرگەیەکی بە باوەرو تێکۆشەر بە ناوی میر ئەحمەدی ئەحمەدی ناسراو بە خاڵۆ میرە، لە هەڵەبجە مایەوەو، بە شیوەیەکی کەم وێنە، زەربەی لە بەکرێگیراوانی ڕێژیم وەشاند. خاڵۆ میرە،دەیان جار لە کوچە و کۆلانەکانی هەڵەبجە و دەوروبەری کەمینی بۆ دوژمن داناوەو، وەبەر دەستریژی داون. داستانی بەربەرەکانیی خاڵۆ میرە ، کە زۆرتر وەک داستانی خەباتی چریکە کانی ولاتانی داگیرکراو لەگەڵ سپای هیتلەر دەچێ ،چەند مانگی خایاند. پاش گەرانەوەی ئەرتەشی عێراق بۆ شاری هەڵەبجە، خاڵۆ میرە بۆ گەیشتن بە هەوالەکانی ، داوای یارمەتی لە عیراقییەکان دەکا، بەلام ئەوان دەیگرن و پاش ٢ سال ئازاد دەبێ . خاڵۆ میرە پاش ڕاپەرین لە هەڵەبجە کۆچێ دوایی دەکا.

هەڵەبجەو کوردستانی باشوور بە قوناغێکی ئاستەم دا تێپەریون و بە هیمەتی هێزە سیاسی یەکان و خەڵکی پێگەشتوو، بناغەیەکیان بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی گەش داڕشتوە. ئەمڕۆ، خولقێنەرانی سەرەکیی کارەساتی هەڵەبجە، وەک سەدام حوسەین و عەلی کیمیایی، لە سێدارە دراون و بۆمبابارانی شیمیایی هەڵەبجە ، وەک کۆمەڵ کوژی ، لە لایەن دادگای بەرزی عێراقەوە، سەلمێنراوە. هەڵبژاردنە پارلمانییەکەی عێراق لە هەڵەبجەش، وەک شوێنەکانی دیکەی کوردستان، بە جۆش و خرۆشەوە، بەڕێوە چوو.

کورد ، ئەمرۆ لە بەغدا حزوورێکی بە هێزی هەیە و بێجگە لە پۆستی سەرەک کۆماری ،جێگری سەرەک وەزیر، وزارەتی دەرەوە و ٥ وەزارەتی دیکە ، سەرۆکی ستادی هاوبەشی ئەرتەشی عێراق، جێگری سەرۆکی پارلمان ، زیاتر لە ٣٥ سەفیر ، زیاتر لە ٦٠ پارلمانتێرو دەیان جێگر و ڕاوێژکار لە ئیدارە و وزارەتە جۆراجۆرەکان لە بەغدا ، هێزو وزە دەبەخشیتە خەڵکی کوردستان و مافەکانیان زەمانەت دەکا . زۆربەی مافەکانی کورد لە یاسای بنەڕەتی ولات دا سەلمێنراوە و، کەس ناتوانێ دەستیان لێ بدات. هێنانی دەیان میلیارد دۆلار سەرمایەی دەرەوە بۆ نێو هەرێم ، بەرهەمهێنانی نەوت،پاراستن، یاسایی کردن و ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە، بوونی زیاتر لە ١٨ کونسولگەری و دەفتەری ولاتانی دەرەوەلە هەولێر، بوونی زیاتر لە٨٠٠ راگەیەنی بینراو و بیستراو بە شێوەیەکی ئازاد، بوونی نزیک بە ٨٠٠ ڕێکخراو و یەکیەتی و سەندیکا و ئەنجومەن ، بوونی دوو فرۆکەخانەی نێو نەتەوەیی و سەرئەنجام هەبوونی ئیرادەی بەهێز لە نێو ڕێبەرانی دوو هێزی سەرەکیی کوردستانی باشوور بۆ هاوکاری و ئاوەدانی و دێمۆکراسی ، ئەو فاکتورە بەهێزانەن کە خەباتی گەڵی ئێمە لەو بەشە لە کوردستانی رەنگین ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو پێش دەبات و ئەو موژدەیە بە ئێمە دەدات کە جارێکی دیکە کارەساتی هەڵەبجە لە مێژووی دور و نزیک دا دووپات نابێتەوە.

## بەشداریی هەیئەتێکی حدک لە سوئێد لە ساڵیادی شەهیدانی قامیشلی

**کوردستان:** ڕۆژی شەممە، ١٥ ی رەشەمە ( ٦ ی مارسی ٢٠١٠ ی زایینی ) " ئەنجومەنی کوردانی سوریا لە سوئێد" EKSS بە هاوکاریی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوئێد کۆڕیادێکی بۆ شەهیدانی کۆمەڵکوژییەکەی ساڵی ٢٠٠٤ی کوردەکانی سوریا لە شاری قامیشلی، لە بنکەی ABF ی شاری ستۆکهۆڵم بەڕێوە برد.

لەو ڕێورەسمەدا وەفدێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک ئیقباڵ سەفەری بەشداریی لەو بۆنەیەدا کرد و لە لایەن هەیئەتی بەڕێوەبەریی ڕێوڕەسمەکەوە زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێ کرا.

لە درێژەی ئەو بەرنامەیە نوێنەرانی حیزبە سوئێدییەکانی وەک حیزبی سوسیال دێموکرات، حیزبی چەپ، حیزبی گەل و حیزبی سەنتەر وتاریان پێشکەش کرد.

هەروەها مامۆستایەکی کوردی زانکۆکانی سوئێد بەناوی عوسمان ئایتار، لێکۆڵینەوەیەکی بەنرخی لەسەر هەلومەرجی ئێستای کورد باس‌کرد و کاک تەها بەرواری وەزیری پێشووی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش باسێکی لەسەر پێداویستییەکانی قۆناغی ئێستای خەباتی نەتەوەی کورد هێنایە گۆڕێ.

لە درێژەی ئەو ڕێوڕەسمەدا هاوڕێ محەممەد ئیسماعیلی بە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، وتارێکی سەبارەت بە هاودەردیی لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدانی قامیشلی و سپاس و پێزانین بۆ گرتنی ئەو کۆڕیادە پێشکەش کرد و هەروەها پشتیوانیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لە خەباتی نەتەوەکەمان لە پارچە داگیرکراوەکانی کوردستان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان دووپات کردەوە.

## بەردەوامیی چالاکیی تەبلیغی بە بۆنەی سەری ساڵی تازە لە شار و گوندەکانی کوردستان



**(سنە، سەوڵاوا، پاوە، بانە، مەریوان، سەردەشت، بۆکان، سەقز و گەورەدێیەکانی پایگەلان و ژنێین)**

**کوردستان:** کارناواڵی شادی دەربڕینی خەڵکی کوردستان بە بۆنەی نەورۆز و بۆنەکانی سەری ساڵی تازە بەردەوامە.

لەو نێوەدا چالاکیی تەبلیغی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەوە گوڕ و تینێکی زیاتری بە خۆئامادەکردنی خەڵک لە بەرەوپیل چوونی نەورۆز و ساڵی تازە بەخشیوە.

بە پێی راپۆرتی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە تەشکیلاتی نهێنیی لە شاری سنە، سەوڵاوا، پاوە، بانە و گەورەدێیەکانی پایگەلان و ژنێین بە بڵاو کردنەوەی تراکت و دروشم و وێنەی ڕێبەرانی شەهید و پەیامی نەورۆزیی حیزب چالاکیی تەبلیغیی بەربڵاویان بەڕێوە بردوە.

بە پێی وردەکارییەکانی ئەو راپۆرتە لە سەر شاخی کوچکەڕەشی سنە ئاورێکی گەورە کراوەتەوە کە زیاتر لە چەند کاتژمێر بەردەوام گەشاوەتەوە و دڵی خەڵکی وەجۆش خستوە.

لە نێو شاری سنەش لە شەقامەکانی سیرووس، گوڵشەن، ئیکباتان، چوارباغ، تەپەی بەهارمەست، گەلەخان، ژاندێرمێری و جیهادی سازەندگی چالاکیی تەبلیغیی بەربڵاو کراوە.

لە ئاوایی پایگەلان، ئاوایی شەهید بێهرووز رەزانژادیش لە هەموو کۆڵانەکانی ئاوایی و جادەی چەم باخچە بەبان و دەوروبەری مۆڵگەکانی ڕێژیم چالاکیی تەبلیغی کراوە.

لە شاری پاوەش لە زۆربەی بەرزاییەکان ئاور کراوەتەوە و باڵۆنی نەخشاو بە ئاڵای کوردستان و ئارمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەڵ کراوە.

لە نێو شاری بانەش لە گەڕەکەکانی کەمەربەندی، سلێمان بەگ و گەڕەکی هەمزاوا تراکت و دروشمەکانی پێوەندیدار بە بۆنەکانی نەورۆز و پەیامی نەورۆزیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە شێوەیەکی بەربڵاو بڵاو کراونەتەوە.

لە نێو شاری مەریوانیش ئەگەرچی هێزە ئەمنییەتی و ئینتزامییەکان و هێزی تایبەت لە حاڵی ئامادەباشی لە ئاستی شار دان، بەڵام لاوانی خوێنگەرمی ئەو وڵاتەش بە چالاکیی تەبلیغی و بە شکۆ بەڕێوەبردنی بۆنەی چوارشەممە سووری بەرەو نەورۆز و سەری ساڵی تازە هەنگاو دەنێن.

لە شاری سەرسەوزی سەردەشتیش لە بۆنەی چوارشەممە سووری دا لە هەموو شار و گەڕەکانی نێو شار و گوندەکان ئاوری خۆشی کرایەوە و چالاکییەکان لە پێشوازیی ساڵی تازەدا بەردەوامن.

لە شاری بۆکانیش لە ناوچەی پیرمحەمەد لە بەرزاییەکانی کۆشکی خاتزارا و شاخەڕەش و گوندەکانی داشبەند و سەرچنار ئاوری گەورە کراوەتەوە و ئەندامان و لایەنگرانی تەشکیلاتی نهێنی چالاکیی تەبلیغیی بەربڵاویان بەڕێوە بردوە.

لە شاری سەقز چوار باڵۆنی نەخشاو بە ئارمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ ئاسمانی ئەو شارە هەڵ دران و لە شەقامەکانی سەعدی، شاناز و گەڕەکانی سیلۆ، شیلانان و بلۆاری شافعی تراکت و دروشمەکانی پێوەندیدار بە بۆنەکانی نەورۆز و پەیامی نەورۆزیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە شێوەیەکی بەربڵاو بڵاو کراونەتەوە.

لە گەڕەکی حەماڵاوی ئەو شارەش هێزە ئینتزامی و یەگانی ویژەی ڕێژیم بە ١٠ ماشێن هێرشی کردۆتە سەر ئاپۆرەی خەڵکی ئەو گەڕەکە تا بەر لە بەڕێوەچوونی کردنەوەی ئاوری چوارشەسووری لە لایەن لاوانەوە بگرێ. بەڵام خەڵکی ئەو گەڕەکە و بە تایبەت لاوان بەرەنگاریان دەبنەوە و لە ئاکامی تێکهەڵچوونێکی نێوان خەڵک و هێزە ئینتزامییەکان دا نیزیک بە ٢٠ کەس لە خەڵکی ئەو گەڕەکە دەسبەسەر کراون.

# دوو فاقێتیی دێموکراسیی ئورووپا

حەسەن شێخانی

لە سەدەی حەڤدەی زایینی بەم لاوە، چەمکێک بەناوی "نەزمی وێستفالیا" لە بواری پێوەندییە نێونەتەوەییەکان دێتە ئارا. ئایدۆلۆژیای ئەم نەزمە لە بیاڤی نێوخۆیی‌دا بریتییە لە دێمۆکراسی و مافەکانی مرۆڤ. وڵاتانی دێمۆکراتیک لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆیان بە گوێرەی پێوانە دێمۆکراتیکەکان هەڵسوکەوت دەکەن و لەهەمبەر شارۆمەندانی خۆیاندا، وەڵامدەر و بەرپرسیارن، بەڵام لە بیاڤی دەرەکی و لە هەمبەر نەتەوەکانی دیکەدا، بە شێوەیەکی سەرەکی ناسیۆنالیزم پێڕەو دەکەن و ئامادەن لە پێناوی دابین کردن و پاراستنی بەرژەوندی نەتەوەیی‌دا، مافەکانی مرۆڤ پێشێل بکەن یان چاوپۆشی لە پێشێلکرانی ئازادییە دیۆکراتیکەکان و مافی نەتەوە بندەستەکان بکەن. هێرشەکانی هاوکاتی پۆلیسی بەناو دژە تیرۆری بێلژیک بۆ سەر رۆژ TV و بنیات و رێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردەکانی باکووری کوردستان لە بروکسێل لە رۆژی ٤ی مارس‌دا، سەلمێنەری ئەم راستیەن.

من پێشتر واتە دوومانگ لەمەوبەر لە وتارێک دا لەژێر سەردێری" فشاری دامەزراوەی سەربازی و پاشەکشە کردنی AKP" دا باسی ئەوەم کردبوو کە لە چەند مانگ لەمەوبەرەوە سیناریۆیەکی نوێ لە دژی بزاڤی کورد لە باکووری کوردستان هاتۆتە ئارا. گواستنەوەی عەبدوڵڵا ئوجەلان لە زیندانێکەوە بۆ زیندانێکی دیکە و خراپتر بوونی هەلومەرجی ژیانی ناوبراو، داخستنی DTP و دەستبەر کردن و زیندانی کردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە سیاسەتمدار، شارەدار و بەڕێوەبەرانی DTPی داخراو، لەبەشەکانی ئەم سیناریۆیە بوون. ئەوکات بیرم لەوە دەکردەوە کە دەشێت قۆناغی داهاتووی ئەم سیناریۆیە، هێرشی دەرەوەی سنووری ئەرتەشی تورکیا بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی pkk بێ، بەڵام پێش بینیی ئەوەم نەدەکرد لە پایتەختی سیاسیی ئورووپا و لە ناوەندی شارستانییەت و مافەکانی مرۆڤی ئورووپا هێرشێک لە چەشنی هێرشەکانی ٤ی مارس بێتە ئاراوە.

لەم مانگانەی دوایی‌دا بەر لەبێلژیک، ئیتالیا و فەرانسە بە هەڵێنانەوەی هێندێک هەنگاو لەدژی بزاڤی باکوور، هاوکاری و پشتیوانی خۆیان بۆ دەوڵەتی تورکیا راگەیاندبوو. ئەمجارەیان نۆبە گەیشتە بێلژیک و ئاڵمان. لەم نووسینەدا هەوڵ دەدرێ لەسەر ئەم هێرشانە، بە تایبەت هێرشی هۆڤانە بۆ سەر ستۆدیۆی رۆژ TV،MMC و رادیۆ دەنگی میزۆپۆتامیا راوەستە بکرێ.

کەی پلانی ئەم هێرشان داڕێژراوە؟ بۆچی وڵاتێکی دیموکراتیک و فرەنەتەوەی وەکوو بێلژیک، تا ئەو رادەیە بەدەم داواکارییەکانی تورکیاوە دەچێ و ئامادەیە ئەم ریسواییە لە کارنامەی دیمۆکراسیی خۆیدا تۆمار بکا؟ ئەگەر هێرشێکی لەم چەشنە بکرێتە سەر تەلەفزیۆنێکی بێلژیکی، چ رووی دەدا؟ بۆچی رای گشتیی بێلژیک و ئورووپا دژ کردەوەیەکی ئەتۆی لە خۆی نیشان نەدا؟ ئایا رۆژ TV بێجگە لە خزمەت بەزمان و کلتووری کورد، زانیاری بەخشین بە خەڵکی کوردستان و گەیاندنی دەنگی مافخوازانەی نەتەوەی زۆر لێکراوی کورد بە خەڵکی دنیا، کارێکی دیکەی دەکرد؟ تێکدان و خراپ کردن یان دەست بەسەرداگرتنی تێکنیکی وەشان، زەوت کردنی هەزاران کلیپی مووزیک، شکاندنی کۆمپیوتەر و ....چ پێوەندییەکی بە چالاکیی دژی تیرۆریزمەوە هەیە؟ ئایا ئەم رستەیە راست نیەکە بە ناوی دژی تیرۆریزمەوە، هێرشی تیرۆریستی دەکرێ؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە شایانی بیر لێکردنەوەن و ئەرکی هەموو مروڤێکی ئازادیخواز و دیمۆکراتە راوەستەیەکی جیدییان لە سەر بکا.

لانی کەم بۆ نووسەری ئەم دێڕانە روون نیە کە پلانی ئەم هێرشانە کەی داڕێژراوە و چەند دەوڵەتی دیکە دەستیان تێدا هەیە. ئاشکرا نیە کە دەوڵەتی بێلژیک لە پێناو کام بەرژەوەندی و دەسکەوتی سیاسی، ئابووری و ئیستراتیژیکدا ئەم هێرشانەی ئەنجام دا یان ناچار بوو ئەنجامیان بدا و، رۆژنامەنووسانی کورد بداتە بەرباتوم و دەستبەرسەریان بکا.

> **وڵاتانی دێموکراتیك لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆیان بە گوێرەی پێوانە دێموکراتیکەکان هەڵسووکەوت دەکەن بەڵام لە بیاڤی دەرەکی و لە هەمبەر نەتەوەکانی دیکەدا، بە شێوەیەکی سەرەکی ناسیۆنالیزم پێڕەو دەکەن و ئامادەن لە پێناوی دابین کردن و پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی دا، مافەکانی مرۆڤ پێشێل بکەن**

بە پێی ئەو هەواڵانەی بڵاو بوونەوە گوایە سەردۆزگەری پێوەندیدار رایگەیاندوە کە لە سێ ساڵ لەمەوبەرەوە پلانێکی لەو چەشنە لە ئارادایە. بەرای هێندێک لە شارەزاییان و چاودێرانی سیاسی، پێدەچێ ئەردوغان لە دیداری لەگەڵ جۆرج بوش لە ساڵی ٢٠٠٧دا، بەڵێنی هاوکاری لە ئەمریکا بۆ هێرشێکی لەم چەشنەی وەرگرتبێ، بە تایبەت ئەگەر رێکاری یاسایی بۆ داخستنی رۆژ TVهیچ ئەنجامێکی لێ نەکەوتەوە. لەلایەکی دیکەش دەگوترێ کە بەهۆی شکستی تورکیا لە شەڕی"زاپ"دا و کۆمەڵێک بویەری دیکە ئەم هێرشە دوا خراوە.

لەم دواییانەدا کۆمیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێسی ئەمریکا، کوشتاری ئەرمەنییەکانی لە ساڵی ١٩١٥ لەلایەن ئیمپراتۆریی عوسمانی‌یەوە بە جینوساید ناساند. شیمانە دەکرێ ئەمریکا بۆ دڵنەوایی دانەوەی تورکیە، فشاری خستبێتە سەر دەوڵەتی بێلژیک تا هێرشێکی لەو چەشنە ئەنجام بدا. دوای ئەم هێرشانە سیناتۆرێکی حیزبی سەوزی بێلژیک رایگەیاند کە وڵاتەکەی لە ژێر فشاری ئەمریکادا ئەم کارەی ئەنجام داوەو ٢٤ سەعات بەر لە ئەنجامدانی هێرشەکەش تورکیا ئاگادار کراوەتەوە. هەر لەم پێوەندییەدا فەلەک ناس ئۆجا پارلمانتاری کورد لە پارلمانی ئورووپا، لە وتووێژێکی تەلەفزیۆنی لە گەڵ TV دا بۆچوونی سیناتۆری ناوبراوی پشت راست کردەوە. ئەگەر ئەمانە راست بن، بە راستی جێگای داخە دەوڵەتی باراک ئۆباما(براوەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل) فشار بخاتە سەر بێلژیک بۆ ئەوەی هەوڵی کپ کردنی دەنگی ئازادیی گەلێکی بندەست بدا.

لە حاڵێکدا یەکیەتیی ئورووپا لە مەڕ داوای تورکیا بۆ ئەندامێتی لەو یەکیەتییە دا رادەگەیەنێ کە تورکیا پێش مەرجی حوقووقی پێویستی نیەو بە رادەی پێویست رێز لە ئازادی ومافی مرۆڤ ناگرێ، بەڵام لە پیلانەکانی تورکیە لە دژی بزاڤی ئازادیخوازی باکووریش دا بەشداری دەکا!

یەکیەتی ئورووپا رەخنە لە رێژیمی رووخاوی بەعس دەگرێ کە مافی کوردەکانی پێشێل کردوەو لە دژی کوردەکان چەکی کیمیاویی بەکارهێناوە، بەڵام لە هەمان کات دا لە ئاست بابەتی پێشێلکرانی مافەکانی نەتەوەی کورد لە باکووری کوردستان، بێ دەنگی هەڵ دەبژێرێ!

یەکیەتیی ئورووپا رەخنە لە کۆماری ئیسلامی دەگرێ کە سایتە ئینتێرنێتیەکان فیلتێر دەکاو ئازادیی چاپەمەنی و راگەیاندن بەرتەسک دەکا، بەڵام لە پایتەختی سیاسیی ئەو یەکیەتییەدا هێرش دەکرێتە سەر تەلەفزیۆنی رۆژو هەوڵ دەدرێ رێگە لە وەشانی بگیردرێ! ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆربەی وڵاتانی ئورووپا دەست راگەیشتن بە زانیاری و ئینتێرنێتی خێرا بە مافێکی بنەڕەتیی مرۆڤەکان لە قەڵەم دەدەن.

لە حاڵێک دا پارلمانی سوید لە ١١ی مارس دا، قەتڵ و عامی ئەرمەنییەکان لە ساڵی ١٩١٥ لەلایەن دەسەڵاتی عوسمانی‌یەوە، وەک جینۆساید بە فەرمی دەناسێ، بەڵام لە ئاست قڕ کردنی کوردەکانی باکووری کوردستان، تا هەنووکە هەنگاوێکی ئەوتۆی هەڵنەهێناوەتەوە! ئەمانە و چەندین بابەت و فاکتی دیکە، دوو فاقێتیی یەکیەتیی ئورووپا لە مەڕ پرسی ئازادیی راگەیاندن و دێموکراسی دەگەیەنن.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە بۆ چی ناوەندو ئامرازی راگەیاندنی بزاڤی ئازادیخوازی باکوور دەکرێتە ئامانج؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەبێ بگوترێ کە تەلەفزیۆنی رۆژ، MMC و رادیۆ میزۆپۆتامیا لە رێگەی ژیاندنەوەو گەشەپێدانی زمان و کلتووری کوردی و، بووژانەوەی هەستی نیشتمانپەروریێتی، لە شکڵ گرتنی شوناسی کوردی دا رۆڵێکی گرینگ و حاشا هەڵنەگریان هەیە. ئەم راگەیەنانە لە ئاراستە کردنی رای گشتیی باکووری کوردستان و موبیلیزە کردنی خەڵک دا کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە. بەم هۆیانەیە کە بەتایبەت تەلەفزیۆنی رۆژ دەبێتە چەقڵی چاوی دوژمنان و، هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە هەوڵی داخستنی دەدرێ.

هەر وەک ئاماژەکرا تا هەنووکە زۆر جار هەوڵ دراوە کە لە رێگەی حقووقییەوە تەلەفزیۆنی رۆژ دابخرێ. هەر لەم ساڵانەی دوایی دا، لە ژێر فشاری ئەمریکاو تورکیەدا، داخستنی تەلەفزیۆنی ناوبراو لەلایەن دەزگای قەزایی دانمارکەوە کەوتە رۆژەڤەوە. بەڵام بە هۆی ئەوەی‌کە ئەو تەلەفزیۆنە لە چوارچێوەی پێوانەکانی راگەیاندنی یەکیەتیی ئورووپا دا چالاکی و وەشان دەکا، لەم کارەیان دا سەرکەوتوو نەبوون. بۆیە ئەمجارە لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسایی و فۆرمی حقووقی رووبەرووی ئەم تەلەفزیۆنە بوونەوە.

بە پێچەوانەی بڕیاری دادگای عەداڵەتی ئورووپا لە ساڵی رابردوودا، pkk لە چوارچێوەی لیستی تیرۆری یەکیەتیی ئورووپادا ماوەتەوە. ئەم هێرشانە بە بیانووی دژایەتی کردنی تیرۆریزم و، بە تۆمەتی ئەوە کە ئەم تەلەفزیۆنە سەر بە ناوەندێکە کە لاوانی کوردی دانیشتووی ئورووپا بۆ نێو ریزەکانی گریلا لە چیاکانی کوردستان رەوانە دەکا، ئەنجام دران. دەبێ بگوترێ کە لەهەر حاڵەتێکدا ئەنجامدانی هێرشێکی لەو چەشنە پاساوێکی ئەخلاقی و یاسایی نیەو، تەنیا لە خانەی هاوکاریکردنی تورکیە بۆ پێشێل کردنی مافەکانی کورد و سەرکوتی کوردان دا جێ دەگرێ.

خاڵێکی جێی سەرنج ئەوەیە ئەگەر هێرشێکی لەو چەشنە لە دژی تەلەفزیۆنێکی بێلژیک ئەنجام درابا ئورووپا دەهەژا، بۆ ماوەیەکی درێژ دەبوو بە رۆژەڤی هەموو جیهان، حکومەت ناچار دەبوو دەست لە کار بکێشێتەوە، بریار دەرو ئەنجام دەرانی سزا دەدران. بەڵام بە هۆی ئەوەکە:

ئەلف) رای گشتیی بێلژیک و ئورووپا هەستیارییەکی پێویستی لە مەڕ پێشێلکردنی مافی نەتەوەکانی دیکەو بە تایبەت مافی نەتەوە بندەستەکان نیە،

ب) زانیارییەکی دروست و پێویستیان لەسەر خەباتی گەلی کورد نیەو لەلایەن دام و دەزگاکانی تورک و تەنانەت دەوڵەتەکانی خۆشیانەوە، بەردەوام چەواشە دەکرێن بەم هۆیە نابێ چاوەڕوانی دژ کردەوەیەکی ئەوتۆ لەلایەن ئەوانەوە بکەین.

بێ گومان تورکیاش بە هەوڵ و هەنگاوی لەم چەشنە، ئەو گومانە زیاتر بە هێز دەکا کە پرۆژەی کرانەوە بە رووی کلتوورو زمانی کوردیدا، لە ماست مالیزاسیۆنێکی تاکتیکی زیاتر نیە.

بڕیار دەرو ئەنجامدەرانی ئەم هێرشە چاوەڕوان بوون کە لانی کەم تا ماوەیەک تەلەفزیۆنی رۆژ نەتوانێ وەشان بکا. بەڵام لە ژێر فشاری جەماوەریی رێکخراوی کوردەوە هێرشبەران ناچار بوون کۆتایی بە داگیرکاری بێنن و بە هەوڵی رۆژنامەنووس وراگەیەندنکارەکان توانرا دوای چەند کاتژمێر ئەم تەلەفزیۆنە بخرێتەوە گەڕ.

بێ گومان بزاڤی کورد لە باکووری کوردستان ئەو قۆناغەی تێ پەڕاندوە کە بەم هێرشانە لە حەرەکەت بکەوێ. پشتیوانی و یارمەتیی مادی و مەعنەویی بەربڵاوی وڵاتپارێزانی کورد لە دەنگ و رەنگی خۆیان، گەرەنتیی بەرەو پێشچوونی هەرچی زیاتری بزاڤی باکوور دەکا.

# ئەگەرەکانی بەردەم وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی

## ( چەند تێبینییەك لە سەر شێوازی هێنانە ئارای ئەو مژارە لەلایەن رێزدار خالید عەزیزی )

سامان فەقێ نەبی

وتووێژ یەکێك لە هونەرەکانی دونیای سیاسەتە کە بە سەرنجدان بە چەندین هۆکار لەلایەك رێبەرانی جووڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵی بەستێن سازییان بۆ داوە و لە لایەکی‌تر تێچووی ئەو مەسەلەیە (چ وەك تاکێك چ وەك ستراتیژ) لە دەسکەوتەکانی زیاتر بووە.

لە ساڵی ١٣٨٨ بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو مژارەی بە شێوازێکی‌تر و گوشەنیگایەکی جیاواز لە رابردوو هێنایەوە ئارا کە دەکرێ لە گشتییەتی خۆیدا بە پۆزەتیڤ و لە وردەکارییدا بە نیگەتیڤ راوەستەی لە بارەوە بکرێ. (ئاخافتنی لێل و پارادۆکسیکالی ناوبراو لە شیکاریی ئەو مەسەلەیە لە دیمانە لەگەڵ BBC ی فارسی دەربڕی رەچاو نەکردنی دووربینی‌یەکی ئەوتۆ لەو بارەیەوە) بە سەرنجدان بەوە کە پەیرەو کردنی رەهەندە جۆراوجۆرەکانی خەبات (بە تایبەت خەباتی چەکداریی) لەلایەن جووڵانەوەی کوردەوە لەو فەلسەفەیە سەرچاوەی گرتووە کە رەهەند و میکانیزمەکانی خەبات ئامرازە و گەیشتن بە ئاکام و رێکەوتن ئامانج، گرفتێك لە سەر هێنانە ئارای نەفسی ئەو مەسەلەیە بەدیی ناکرێ و هەر وەك رێزدار عەزیزی بە دروستی ئاماژەی پێدا جووڵانەوەی کورد هیچکات لە پراکتیکدا کارکردی خۆی لە خانەی دژایەتی لەگەڵ سیستمی سیاسی لە ناوەند بە مەبەستی رووخاندن دانەڕشتوە، تاکو ئێتر سەرجەم دەرگاکانی وتووێژ و دانوستان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی بە رووی خۆیدا دابخا و ئەو رێگایە لە نەخشەی چارەسەریی کێشەی سیاسی کورد لەگەڵ ناوەند دابخا، لەو بوارەدا ئوسووڵی زانستی سیاسەت بە دروستی لەلایەن جووڵانەوەی کوردییەوە رەچاو کراوە. بەڵام کاتێك تەرکیز دەخەینە سەر میکانیزم و ئاستی داواکاریی جووڵانەوەی کورد و شێوازیی دەستپێشخەریی بۆ ئەو مەبەستە و چۆنێتی بەرێوەچوونی وتووێژ، گرفتەکان سەر هەڵ دەدەن و لەو بوارەدا رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات ئەزموونێکی ناسەرکەوتووی نیشان داوە. شەهید کرانی دوکتور قاسملوو بە هۆی گرینگی پێنەدان بەو مێکانیزمە ئیجراییە سەقەتەی کە بۆ وتووێژ بە کارهات و پاش ٢٠ ساڵ ئەو پرسیارانەی کە لە سەر دابەزاندنی ئاستی داخوازەکان لەلایەن رێزدار عەزیزی‌یەوە بە بێ لە ئارادا بوونی هیچ چەشنە سێگناڵێکی هیوا بەخش لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە رووبەڕووی ناوبراو بوونەوە، سەلمێنەری ئەو راستییەن.

لێرەدا تەرکیز دەخەینە سەر ئەو روانگەیە کە بەڕێز عەزیزی لەو دواییەدا هێنایە ئاراوە کە هەر وەك باس کرا لە گشتییەتی خۆیدا خاڵێکی دڵخۆشکەر و شیاو و پۆزەتیڤە بەڵام لە وردەکارییدا رەخنە هەڵگرە و نیگەتیڤ.

**١- بە بنەما وەرگرتنی یاسای هەنووکەیی کۆماری ئیسلامی:** زۆر ئاساییە کە کۆماری ئیسلامی یاسای بنەڕەتی وڵات وەك بنەما و خاڵی دەسپێك بۆ دانوستان و چارەسەریی کێشەی سیاسی کورد لەگەڵ ناوەند بهێنێتە سەر میزی دانوستان، لە حاڵەتێکی وەها دا سرووشتییە کە دەرەتان بۆ زێدەخوازیی (هەڵبەت بە بەراورد لەگەڵ ئەوە کە لە یاسادا بوونی هەیە) بۆ لایەنی کوردی پتر دەستەبەر بێ. لە هونەری وتووێژدا، لایەنی لاواز ئەگەر داوای وتووێژیش بکا، لێدەگەرێ کە لایەنی بەهێز مەرج و خاڵی دەسپێك دەستنیشان بکا. ئەو کاتەیە کە دەتوانێ دەرفەتی مانۆر و بردنە سەری ئاستی داخوازەکان بۆ خۆی دەستەبەر بکا. هێنانە بەرباسی چەند ئەسلێکی لێڵی یاسای بنەرەتی لەلایەن بەڕێز عەزیزییەوە ئاستەنگ دەخاتە بەردەم بردنە سەری ئاستی داخوازییەکان لە سەر میزی دانووستان و پروسەی وتووێژدا ( هەڵبەت ئەگەر وتوێژێك لە داهاتوودا بێتە ئاراوە). جیا لەو باسە بەڕێزیان دەکرا مەرجی گۆڕانکاریی لە یاسای بنەرەتی وەکوو مەرج و خاڵی دەسپێك دیاری کردبا و خۆی لە گرفتار بوون لە هەرچەشنە پارادۆکسێکی گوتاری دەرباز کردبا (وەك ئەو نمونەیە کە لە دیمانە لەگەڵ BBC تووشی بوو.)

**٢- دەرەتانی چالاکی ئاسایی لە نێوخۆی وڵات:** ئەگەر رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات لە هەوڵی ئەوەدا بووبا کە لە نێوخۆی وڵات بە مەبەستی ئاڵترناتیف سازی یاسایی، پارتێکی لێگاڵ لە چوارچێوەی یاسای بنەرەتی کۆماری ئیسلامی پێك هێنابا یان پێشوازیی لەو پارت و گرووپانەی کە لە سەردەمی ٢ی جۆزەردان هاتنە ئاراوە، کردبا ئێتر دەستەوەستان و چاوەروانی ئەوە نەدەبوو کە کۆماری ئیسلامی وەکوو پوان و ئیمتیازێك ئەو دەرفەتەی پێببەخشێ. ئەگەر بە وردی بڕوانین، هەر ئێستا چەندین گرووپ و پارتی سیاسی لە ئاستی سەرانسەریی ئێراندا لە نێوخۆی وڵات بوونیان هەیە کە سەرەرای ئەوە کە موخالیفی دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیکی ئیسلامیین، بەڵام دەرفەتی چالاکییان هەر هەیە و سەرەرای سەرجەم ئاستەنگ و لەمپەرەکان وەکوو ئۆپۆزیسیونی نێوخۆیی چالاکیی دەنوێنن (بۆ وێنە نهضت آزادی ایران، حزب ملت ایران،...). حیزبی دێموکرات ئەگەر لە کانالی مەدەنی و جەماوەرییەوە و بە رێکەوتن لەگەڵ پارتە لێگالەکان کە هەنووکە هەن لە مەسەلەی حوزوور لە نێوخۆی وڵات نزیك بووباوە، پێویستی بەوە نەدەما کە چاوەروانی ئیمتیاز بەخشینی کۆماری ئیسلامی لەو بارەوە بێ.

٣- وتووێژ کاتێك زیاترین دەسکەوتی هەیە کە ئەو لایەنەی خوازیاری دەسپێشخەری لەو بارەوەیە یان لە بەهێزترین حاڵەت دایە یان ئەوە کە لە بەرامبەر رکەبەرەکەی لە لاوازترین حاڵەت دایە و لەو رێگایەوە تێدەکۆشێ کات بکوژێ یا لە هەوڵی ئەوە دایە کە بە شێوەیەکی کاتی لەو رێگایەوە خۆی بەهێز دەربخا و قەیرانەکانی بشارێتەوە. ئەگەر چاو بە دۆخی هەنووکەی جووڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا بخشێنین، روونە کە ئەوە جووڵانەوەی کوردە کە بە بەراورد لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی ساڵ بە ساڵ پاسیڤتر بووە، بەو واتایە هێنانە گۆری مەسەلەی وتووێژ لە چوارچێوەی لانیکەمی داخوازەکان لەو قۆناغەدا نیشاندەر و هەڵگری پەیامی لاوازیی جووڵانەوەی کوردە. میکانیزمی ئاکتیڤ کردن و بووژانەوەی جووڵانەوەی کورد و حیزبی دێموکرات، لە سەرەتادا پێویستی بە خەسارناسیی ئەو جووڵانەوەیە لەلایەن بەڕێز عەزیزی و دوزینەوەی رێکار بۆ دەرباز بوون لە پاسیڤیزم و قەیرانەکانە، تەنها لە وەها ئەگەرێك دایە کە لە مەسەلەی وتووێژدا دەکرێ وەکوو رکەبەرێکی خاوەن سەنگ و قورسایی لە گەمەی ئیمتیازدان و ئیمتیاز وەرگرتن بەشداریی بکرێت. ئەگەر پتانسییەلی قەیرانخولقێنی و توانای ئاڵۆزی دروست کردنت بۆ دەسەڵاتی ناوەندی هەبوو، ئەو کاتە ئەوە ناچارە بێتە گۆرەپانی دانوستان و ئەویشە کە بە لانیکەمەکان رازی دەبێ. ئەگینا هەروەك دەبینن لایەنی ڕکەبەر بە پێشوازیی وتووێژ لە سەر لانیکەمی داخوازەکانیش نایە. نابێ لە بیر بکەین کە لە سیاسەت دا هەر وتەیەك و هەر چەشنە دەسپێشخەرییەك بۆ سازدانی وتووێژ، سێگناڵ و ئیشارەتێکە بۆ واقیعێکی شاراوە و نەگوتراو رۆچنەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی پێگە و بەخودا هاتنەوە.

کۆنفرانسێک لە ژنێڤ :

# وەڵامی وەزیری دەرەوەی فەڕانسە بە پرسیار و تێبینیی د. ئاسۆ حەسەن زادە

ڕۆژی پێنج شەممە ١١ی مارسی ٢٠١٠، کۆنفرانسێک لە ناوەندی نێونەتەوەیی کۆنفرانسەکانی ژنێڤ بۆ دوکتور بێرنارد کوشنێر وەزیری دەرەوەی فەڕانسە پێک هات. ئەو کۆنفڕانسە کە بەبەشداریی سەدان کەس لە سەفیران و دیپلۆمات و ئەکادیمییەکان بەڕێوە چوو، لەسەر بانگهێشتنی بنیاتی "سێرجیۆ ڤێرا دی مێللۆ" ڕێک خرابوو. ڤێرا دی مێللۆ بەرپرسی پێشووی کۆمیسیاریای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەری ئەو ڕێکخراوە لە تیمۆری ڕۆژهەڵات و لە عیراق بوو کە ساڵی ٢٠٠٣ لە کردەوەیەکی تێرۆریستیی ئەلقاعیدەدا لە بەغدا تێرۆر کرا و ئەو بنیاتەش بە مەبەستی زیندوو ڕاگرتنی یادی ناوبراو و بۆ پەرەپێدانی ئاشتی و مافی مرۆڤ دامەزراوە.

دوکتور بێرنارد کوشنێر لەو کۆنفڕانسەدا باسێکی دەوڵەمەندی سەبارەت بە ئیدئالی ئاشتی و مافی مرۆڤ لە جیهاندا و نەخشی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جێگیر کردن و پارێزگاری لەو ئیدئالانەدا پێشکەش کرد. ناوبراو وێڕای وەبیر هێنانەوەی قۆناغە جۆربەجۆرەکانی ژیان و ئەزموونی دەیان ساڵەی خۆی چ وەک بەشەردۆستێکی مەدەنی، چ وەک وەزیری دەوڵەتێکی گەورە و چ وەک بەرپرسێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کورتە مێژووی بیرۆکەی دەخالەتی بەشەردۆستانە و هەوراز و نشێوەکانی ئەو بیرۆکەیەی خستەوە ڕوو. ناوبراو بەبێ ئەوەی ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای دەخالەتی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ پارێزگاری لە خەڵکانی لێقەوماو و سەرکوتکراو بەتایبەتی لەمپەری سەروەریی دەوڵەتان پشت گوێ بخات، دەسکەوتەکانی بیرۆکەی مافی دەستێوەردانی زەق کردەوە. ئەو بەتایبەتی خۆشحاڵیی خۆی نیشان دا کە لە حاڵێکدا کە ئەو بیرۆکەیە کاتی خۆی وەك بیرۆکەیەکی سیاسی و قسەهەڵگر چاوی لێ دەکرا، لە ساڵی ٢٠٠٥وە لە مافی نێونەتەوەیی‌دا نەهادینە بووە و لە قالبی چەمکی "بەرپرسیارێتیی پارێزگاری‌کردن"دا جێی خۆی گرتوە.

لە بەشی تەرخانکراو بۆ بەشداریی ئامادەبووان لە باسەکەدا، چوار کەس قسەیان کرد کە یەکێکیان د. ئاسۆ حەسەن زادە بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. ئاسۆ حەسەن زادە لە قسەکانی‌دا وێڕای بەرز نرخاندنی هەوڵ و هەڵوێستی بوێرانەی دوکتور کوشنێر، گوتی : " وەك دەزانین ئاشتی و مافی مرۆڤ کە لە ریزی سەرەوەی ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندان، پێوەندیی گەرمیان پێکەوە هەیە. وەک جەنابیشت ئیشارەت پێ کرد، ئەو داهێنانە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەژێر کاریگەریی کەسانی وەک ئێوەدا ئەنجامی‌دا بریتی بوو لەوە کە جیا لە حاڵەتەکانی ناکۆکی و گرژیی نێوان دەوڵەتان، ئەو وەزعییەتانەش بخرێنە بەر چاو و بەر دەستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە لەواندا دەوڵەتێک توند و تیژی لە دژی خەڵکەکەی خۆی بەکار دەبا. بەڵام دەزانین لە هێندێک مەوریدی وەك ئێراندا، نە دەرفەتی دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە هاتۆتە پێش و نە مێکانیزمەکانی پارێزگاری لە مافی مرۆڤیش بۆ ناچار کردنی دەوڵەتی پێشێلکار بە کۆتایی هێنان بە هەڵسوکەوتی دژە مرۆیی و ڕەفتاری نادێموکراتیک کاریگەر نەبوون. دەشزانین لەو جۆرە حاڵەتانەدا، کەمتر وا هەیە بەبێ هاتنە مەیدانی شوورای ئەمنییەت ئیمکانی هەنگاو هەڵێنانەوەی جیددی و چارەنووساز پێک بێ. بەڵام بەداخەوە شووڕای ئەمنییەت لە ڕادەبەدەر خۆی لە چوارچێوەی بەرتەسکی ئاسایشی نێودەوڵەتی‌دا بەستۆتەوە و هەمیشە پرسە ئەمنییەتی‌یەکانی کردۆتە بنەمای سەرەکیی بڕیارە ئیجبارییەکانی خۆی. بۆ نموونە لەپێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا ئەوەی تا ئێستا کراوە و گوتراوە زۆرتر سەبارەت بە پەروەندەی ئەتۆمی بووە کە باڵی بەسەر هەموو پرسەکانی دیکەدا و بەتایبەتی پرسی گرینگتری مافی مرۆڤدا کێشاوە. ئایا جەنابت وەک وەزیری دەرەوەی دەوڵەتێکی ئەندامی دائیمیی شوڕای ئەمنییەت پێت وا نیە کە پێویستە مافی مرۆڤ وەک خۆی بکرێتە بنەمای دژکردەوەی بەبەرهەمی شوڕای ئەمنییەت، بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ ئێران و لە کەشی پڕ لە سەرکوتی دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌دا؟"

شایانی ئیشارەیە لە کاتی خۆ ناساندنی نوێنەری حیزب بە ئامادەبوواندا، دوکتور کوشنێر بە چەپڵەلێدان خۆشحاڵیی خۆی نیشان دا و لە وڵامەکەشیدا وێڕای شی کردنەوەی بۆچوون و هەڵوێستی خۆی و حکوومەتی فەڕانسە لە پێوەندی لەگەڵ پرسیار و تێبینیی نوێنەری حیزبدا، سۆز و هاوپێوەندیی خۆی لە بەرامبەر خەباتی حیزبی دێموکڕات و کوردەکانی ئێراندا دەربڕی.

ئەوەی خوارەوە دەقی قسەکانی دوکتور کوشنێر لە وڵامی ئاسۆ حەسەن زادەدایە کە لە ڕووی زەبتکراوی قسەکانی ناوبراوەوە پیادە کراوە :

" قاسملوو، چ خەباتگێڕێکی گەورە بوو ! لە پێوەندی لەگەڵ ئەو باسەدا کە کردم شتەکان لەسەر عەرزی واقیع و لە مەیداندا لە هێندێک ڕووەوە زۆر سادەترن ئەگەرچی لە هەمان کاتیشدا بۆ مرۆڤ هەستیارتر و پڕ مەترسی‌ترن. چونکە تۆ کاتێک دەچیە نێو مەیدانی بەرەوڕووبوونەوەیەک کە لەوێدا خەڵکی بێدیفاع هێرشی دەکرێتە سەر، ئەرکی تۆ لەو پێویستییە سادەیەدا خولاسە دەبێتەوە کە دەبێ یارمەتیی خەڵکێکی لێقەوماو بدەی.

بەم جۆرە بوو کە ئەمن کاتێک لە



کوردستان بووم، لە کوردستانی ئێران و لە کوردستانی عیراق، هەستم کرد کە بەکەڵکم. بەڵام شتێک کە لە عەبدولڕەحمان قاسملووی فێر بووم - دیارە سپاست دەکەم و سڵاویش دەنێرم بۆ حیزبەکەت — لە قاسملوو فێر بووم کە بۆ گۆڕینی شتەکان هەر بەتەنیا پشتیوانی و هاوپێوەندیی بەشەردۆستانە کافی نییە. بۆ ئەوەی نۆرمەکان بگۆڕین پێویستە وەک دەڵێن تێکەڵ بە سیاسەتیش بین.

ڕاست لەبەر ڕووناکایی ئەو ئەزموونانەدا بوو کە ئەمن کاتی خۆی بڕیارم دا پێشنیاری فرانسوا میتران بۆ بەشداری لە حکومەتەکەی دا قبووڵ بکەم. ئەگەر ئەودەم ئەمن نەبووبام بە وەزیر، بەبێ شک ئەمڕۆ بڕیارنامەی ٤٣/١٣١ یشمان نەدەبوو. بۆ ئەوەی لە شورای ئەمنییەت دا بڕیارنامەیەک پێشنیار بکەی و کاری بۆ بکەی و بە پەسندی بگەیەنی، پێویستە دەوڵەت بی. بەم جۆرە بوو کە توانیمان لە ساڵی ١٩٨٨ دا بڕیارنامەیەک پەسند بکەین لەژێر سەردێڕی "ڕاگەیشتن بە قوربانییانی کارەساتە سروشتییەکان و وەزعییەتە هاوشێوەکان" کە بەڕاستی مەبەست لە وەزعییەتە هاوشێوەکان شتێک نەبوو جگە لە شەڕ و سەرکوتی نێوخۆیی بەڵام لە زمانی حقووقیی نێونەتەوەیی‌دا ئەودەم ئەو دەستەواژەیەمان بۆ دیتبۆوە. ئەوەی ئەودەم ئەمن و دۆستان و هاوکارانم وەک ماریۆ بێتاتی و بێگومان میشێل ڕۆکاریش کە ئەوسا سەرۆک وەزیری فەڕانسە بوو کردمان شتێکی کەم نەبوو. زۆر کاری گەورە کە لە سەردەمی ئێستادا لەو بوارەدا دەکرێ، لە ئەنجامی هەنگاوەکانی ئەودەم دایە.

بەڵام سەبارەت بە دژکردەوە لە بەرامبەر ڕێژیمی ئێراندا و ئەوە کە چۆن تەوژم بخرێتە سەر ئەو ڕێژیمە، هەڵبەت دەکرێ قسە لەسەر سەپاندنی سزا و جۆری سزاکان بکەین کە بێگومان نابێ خەڵکی ئێرانیان پێ سزا بدەین، بەڵام سزاگەلێک کە ڕاستەوخۆ هێندێک بواری گرینگ بۆ ڕێژیم بکەنە ئامانج. ئێمە هەر ئێستا کار بۆ ئەوە دەکەین کە تەحریم بخەینە سەر هێندێک بواری وەک گوزەرگا بانکییەکان و بیمە، و پێم وایە بەو زووانە بە ئاکامێک دەگەین ئەگەرچی چینییەکان هێشتا لەگەڵ نین. بۆ پەسند کردنی بڕیاری سەپاندنی سزاش پێویستە زۆرایەتییەك لە شووڕای ئەمنییەتدا پەیدا بکەین، زۆرایەتیی نۆ دەوڵەت کە دەکرێ لە ڕێگای موتەنیع بوونی ئەم دەوڵەت یا ئەو دەڵەتیشەوە پێی بگەین بەڵام لە هەر حاڵدا نابێ ویتۆی یەکێک لە پێنج ئەندامی دائیمیی شووڕای ئەمنییەت واتە فەرانسە، بریتانیا، ئەمریکا، چین و ڕووسیەی لەسەر بێ. دەبێ هەر پێنجان ڕازی بکەین و ئێستا فەڕانسە لەوێ کاری لەسەر دەکا. دیارە دەبێ بزانین کە لە هەموو حاڵەتێکدا و بۆ هەموو فۆرموولێک ئەکسەرییەت پەیدا نابێ، بەڵام بەهەرحاڵ ئێمە حەولی خۆمان درێژە پێ دەدەین و خۆشبینیشم کە بە زوویی بە ئاکامێک بگەین. بوونی بڕیارنامەی شووڕای ئەمنییەت زۆر گرینگە. چونکە ئەگەر ئەوە نەبێ، ئەو هوشیاری‌یە نێونەتەوەیییەی پێویستە لە پێوەندی لەگەڵ پرسێکدا شکڵ بگرێ، شکڵ ناگرێ و بەرهەمی سیاسیی دڵخواز بە دەستەوە نادا.

لە پرسیارەکەتدا ئیشارەت بە شتێک کرد و دروستیشی بۆ چووی. واتە ئەوە کە بۆچی شووڕای ئەمنییەت بۆ ئێران تەنیا لە بەرامبەر مەترسیی هەستەیی‌دا هەڵوێست دەگرێ. بەڵام بە بڕوای من مەترسیی هەستەیی تەنیا پەروەندەی پێوەندیدار بە ئێرانەوە نییە کە لە نەزەرماندایە. لانیکەم وەک خۆم و بە نوێنەرایەتیی فەڕانسەش دەتوانم ڕابگەیەنم کە ئێمە پەروەندەی مافی مرۆڤیشمان بە شێوەیەکی بایەخدار لە نەزەردایە. چ وەک خۆم و چ بە گشتی حکوومەتی فەڕانسە سەرکوتی خۆپێشاندەرانمان لە دوای هەڵبژاردنەوە زۆر بە توندی مەحکووم کردوە. بەڵام ئەوە کە ئایا پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێراندا وەک خۆی و بەتەنیا دەتوانێ ئەنجومەنی ئاسایش بێنێتە سەر ئەوە کە دژکردەوەی جیددی و کاریگەر بگرێتە بەر، ئەوە شتێکی هەستیار و شایانی تێڕامانە. دەبێ بزانین کە هەڵوێستی لەو بابەتە سەبارەت بە وڵاتێک کە لە ناوچەیەکی ئاڵۆز و و پڕ لە کەین و بەینی مەترسیدار و هاوپەیمانیی جۆربەجۆردا هەڵکەوتووە، ناتوانێ بێ تێبینی و بێ پارێز بێ.

بەهەرحاڵ ئەوەی ئێستا لەبەردەستدایە و پێویستە درێژە بدرێ فشار هێنان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی لە بواری ڕوونکاریی ئەو ڕێژیمە سەبارەت بە بەرنامەی هەستەیی‌دا و هاوکاری لەگەڵ ئاژانسی وزەی ئەتۆمی و ڕێگەدان بە پشکنەرانی ئەو ڕێکخراوەیە. بەڵام مافی مرۆڤیشمان لەبەر چاوە. ئێمە لە هەر حاڵدا لای ئەو کەسانە دەگرین لە ئێران کە لایەنگری ئازادیی ڕادەربڕین و هەڵبژاردنی ئازادن. بەڵام ئەوە خەڵکی ئێران بۆخۆیان و لە نێوخۆی وڵاتی خۆیاندان کە دەبێ بڕیار بدەن کە بە چ شێوەیەك دەیانەوێ سیاسەت و مزگەوت لێک جیا بکەنەوە".

# هەڵبژاردنەکانی عێراق و هاوپەیمانییە نوێیەکان

ن: مادێح ئەحمەدی

ڕۆژی یەکشەممە ٧ی مارسی ٢٠١٠ خەڵکی عێراق بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان لە ئاستێکی بەربڵاودا چوونە سەر سەندوقەکانی دەنگدان و بەشداریان لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی عێراق دا کرد. پاش ڕوخانی ڕێژیمی بەعس ئەمە دووەمین خولی هەڵبژاردنی پارلمانی عێراقە. لە ڕێژەی ٣٣ی میلیۆن کەس حەشیمەتی عێراقدا نزیکەی ١٩ملیۆن و ٨٠٠ هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەبوو. نزیکەی یەك میلیۆن و چوار هەزار عێراقی دیکە کە پەنابەری وڵاتانی جۆراوجۆرن توانیان لەم هەڵبژاردنانەدا بەشداری بکەن. سەرەڕای ئەو ڕێ و شوێنە ئەمنیەتییانەی کە بۆ پاراستنی بارودۆخەکە گیرا بووە بەر، لە ئاکامی چەند تەقینەوەیەکدا، بەگشتی لە چەند ناوچەی جیاوازی عێراق لە ڕۆژی هەڵبژاردندا نزیکەی ٤٠ کەس بوونە قوربانی و زیاتر لە ١١٠ کەسیش بریندار بوون. لە هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەی پارلمانی عێراقدا ٦٢٠٠ پاڵیوراوی سەربە زیاتر لە ٨٠ ڕێکخراو و حیزبی سیاسی لە چوارچێوەی هاوپەیمانی و لیستی جۆراوجۆردا بۆ وەدەستهێنانی ٣٢٥ کورسی ڕەکابەرایەتییان دەکرد.

تا حەوت ساڵ لەمەوبەر تەنیا یەك حیزب لە عێراقدا دەسەڵاتی هەبوو و ئەو حیزبەش تەنیا بەگوێرەی ویستەکانی یەك کەس هەڵدەسووڕا، ئەو کەسەش "سەدام حوسێن" بوو. بەڵام ئەمڕۆ فرە حیزبی و ڕێژەی ڕێکخراوە سیاسییەکان ئەوەندە گەشەی سەندوە کە تەنانەت جیاکردنەوەیان لە یەکدی کارێکی ئاسان نییە. ئەم فرە چەشنیەش لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا گەرموگوڕیەکی دیکەی بە کەشوهەوای سیاسیی عێراق بەخشیبوو. حیزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆر بە ئاراستەی فیکریی جیاواز لە ڕاستی ڕاستەوە بگرە تا چەپی چەپ، یا لە ئیسلامگەرای توندڕەوەوە بگرە تا کۆمۆنیست، یان بە واتایەکی دیکە لە لایەنگرانی ئەمریکاوە بگرە تا لایەنگرانی ئێران لەم خولە لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی عێراقدا بەشدار بوون.

ئەگەر چی لەم هەڵبژاردنانەدا نزیکەی ١٦ هاوپەیمانی و ٣٦ لیست ڕەکابەری یەکدی بوون، چاودێرانی سیاسی لەسەر ئەو بڕوایەن کە لەم هەڵبژاردنانەدا ٤ هاوپەیمانیی گەورە، بەختی زیاتریان هەیە بۆ ئەوەی ڕێژەیەکی زیاتر لە کورسییەکانی پارلمانی عێراق بەدەست بێنن.

**هاوپەیمانی یەکەم** "هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا"یە کە لە لایەن "نوری المالکی"، سەررۆك وەزیرانی ئێستای عێراقەوە سەرۆکایەتی دەکرێ. ئەم هاوپەیمانییە لە دەوری حیزبی"دەعوەی ئیسلامی" پێك هاتووە کە کەسایەتی و گرووپ و ڕێکخراوی سیاسیی جۆراوجۆری لەخۆ کۆکردۆتەوە.

نووری مالکی پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ ئێران هەیە و لەو ماوەیەدا کە پۆستی سەرۆك وەزیرانی لە ئەستۆ بووە، چەندین جار سەردانی ئێرانی کردوە و لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئەو وڵاتە کۆ بووەتەوە. سەرەڕای ئەوەی مالکی پێی‌خۆشە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئێران هەبێ، بەڵام بە هۆی پێویستی بە ئەمریکا و کێشەی فیکری و پێکهاتەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، وادیارە ئەم جارە بۆ گوشارەکانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کۆڵی نەداوە.

**دووهەمین هاوپەیمانیی گەورە**، "هاوپەیمانی العراقیە"یە کە لە لایەن "ئەیاد عەلاوی"، سیاسەتوانی سیکۆلار و سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی کاتیی عێراق پاش ڕووخانی سیستمی بەعس سەرۆکایەتی دەکرێ. لەم هاوپەیمانییەدا جگە لە "ئەیاد عەلاوی"و حیزبەکەی، "بەرەی دیالۆگی نیشتمانی عێراق" کە لە لایەن سالح مۆتڵەکەوە سەرۆکایەتی دەکرێ و "تاریق هاشمی"، جێگری سەرکۆمار و چەند حیزب و لایەنی دیکە کە بە پێچەوانەی "هاپەیمانیی نیشتمانی" بە دژبەرانی ئێران ناسراون، بەشدارن.

**سێهەمین هاوپەیمانیی گەورە**،"هاوپەیمانیی کوردستانی"یە کە لە دوو حیزبی سەرەکیی باشووری کوردستان واتە "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان" و "پارتی دیموکراتی کوردستان" و ١١ حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی دیکە پێك هاتوە. ئەگەرچی لیستی "گۆڕان" بە سەرۆکایەتیی بەڕێز"نەوشیروان مستەفا" وەك ڕکەبەری سەرەکیی هاوپەیمانیی کوردستانی دێتە ئەژمار، بەڵام سەرەڕای ئەمەش لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بەختی زیاتری هەیە بۆ ئەوەی زۆربەی دەنگەکانی خەڵکی کوردستان بەدەست بێنێ.

**چوارەمین هاوپەیمانیی گەورە**،"هاوپەیمانیی نیشتمانی"یە کە لە لایەن "مەجلیسی ئەعلا" و "عەمار حکیم"ەوە سەرۆکایەتی دەکرێ. گرووپی "موقتەدا سەدر"، ڕەوتی تازە دامەزراوی "چاکسازی نەتەوەیی" بە سەرۆکایەتیی "ئیبراهیم جەعفەری" و "کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق" بە سەرۆکایەتیی "ئەحمەد چەلەپی" لەم هاوپەیمانییەدان. هەر وەك دیارە لەم هاوپەیمانییەدا سیاسەتمەدارێکی کۆنەکار و سیکۆلار وەك ئەحمەد چەلەپی و ڕەوتێکی توندڕەوی شیعەش وەك ڕەوتی سەدر بەشدارن. دیارە ئەمە تەنیا خاڵی جیاواز و پارادۆکسیکاڵی نێو ئەم هاوپەیمانییە نییە. ئەگەر بگەڕێینەوە دواوە ئەو کاتەی کە بارودۆخی ئەمنیەتیی عێراق زۆر نالەبار بوو، "مەجلیسی ئەعلای ئیسلامیی عێراق " بە سەرۆکایەتیی بنەماڵەی "حەکیم" بۆ ئەوەی ناوچە شیعە نشینەکانی باشووری عێراق بخاتە ژێر ڕکیفی خۆیەوە بە توندی لەگەڵ "ڕەوتی سەدر" بەرەوڕوو بۆوە. بە جۆرێك کە نووسینگەو نوێنەرایەتییەکانی مەجلیسی ئەعلا لە شارە شیعە نشینەکان لە لایەن لایەنگرانی موقتەدا سەدرەوە ئاگریان تێ بەردرا و هێرشیان کرایە سەر. لە ململانێی نێوان مەجلیسی ئەعلا و ڕەوتی سەدر دا تیرۆر و وەلانانی یەکدی، کاریگەرترین ئامراز بوو کە دژی یەکتر بەکاریان دەهێنا، بەڵام ئێستا وادیار هەوڵە بێوچانەکانی ئێران بۆ نزیکردنەوەی ئەم دوو لایەنە بە ئاکام گەیشتوە. هەروەك ئاماژەی پێکرا کەسایەتییەکی دیاری ئەم هاوپەیمانیە، "ئیبراهیم جەعفەری"، سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراقە کە پێشتر لە کەسە نزیکەکانی نووری مالکی بوو و دواتر بە هۆی ئەوەی کامیان ببنە سەرۆکی حیزبی دەعوەی ئیسلامی تووشی کێشە بوون و لە یەکتر جیابوونەوەو ئێستا لە هاپەیمانیی نیشتمانیدا کەوتۆتە بەرانبەر هاوخەباتی پێشوویەوە. "ئەحمەد چەلەپی"یش پێشتر نێوانێکی باشی لەگەڵ ئەمریکا هەبووەو لە هەموو ڕوویەکەوە کاری بۆ دەکردن، بەڵام پاش ئەوەی

ل ١٠

# روانینێك بۆ خەباتی ژنان لە كوردستانی ئێران

گوڵرۆخ قوبادی
(بەشی دووەم)
وەرگێڕان بۆ کوردی: ئازاد خەلیفەزادە



**دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی:**

لەگەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی و دەرکردنی یەکەم فەرمانی خومەینی لە پێوەندیی لەگەڵ "حجاب اجباری"دا، ژنانی کوردستان هاوڕێ لەگەڵ ژنانی ئێران لە دژی ئەم فەرمانە، خۆپیشاندانێکی بەربڵاویان وەڕێخست. لەم خۆپیشاندانانە داو بۆ یەکەم جار دوای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە ڕێبەریی خومەینی، دروشمی "نە روسری نە توسری" و مردن بۆ دیکتاتۆری‌یان دا. چەند ڕۆژ زیاتر لە دەسەڵاتداریی ئەم ڕێژیمە تێنەپەڕیبوو کە یەکەم شەڕی کوردستان لە شاری سنە دەستی پێکرد. بە دەستپێکردنی ئەم شەڕە ژنان لە نەخۆشخانەکان و هاوکارییان لە بەرەکانی شەڕو دابین کردنی پێداویستییەکانی خەڵك، لە ڕێگەی بنکەکان (ڕێکخستنەکانی گەڕەك) ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی.

**شووڕای ژنان**

یەکەم دەسکەوتی ژنان لەم قۆناغەدا ڕێکخستنە ئاشکراکانی ژنان لە ژێر ناوی شووڕای ژنان یا یەکیەتیی ژنان و ڕێکخستنی ژنان (کۆڕی ئافرەتان)، لە زۆربەی شارەکانی کوردستان بوو. ئەم ڕێکخستنانە لە پێوەندی لەگەڵ یەکتر کاری هاوبەشیان بەڕێوە دەبرد. ئامانجی ئەوان ئامادەکردنی ژنانی ڕووناکبیر بۆ گەشەپێدانی زانیاری خەڵك و ڕێکخستنی ژنان لە دێهات و دەوروبەری شارەکان، کارگەکانی فەڕش چنین و ... لە پێناو خەبات بۆ وەدیهێنانی مافە کۆمەڵایەتییەکان بوو.

**هێرش بۆ سەر دەسکەوتەکانی خەڵك**

هاوکات لەگەڵ هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر شارەکان لە کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ و هاتنی جەللادی کۆماری ئیسلامی، واتە "خەڵخاڵی" و زەوتی ئازادییەکانی خەڵك و هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان و بە نایاسایی لەقەڵەمدانی چالاکیی ڕێکخراوەکان و حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان شەڕو کوشتارو ئێعدام دەستی پێکرد. زۆر لە لاوانی زۆر لە کوردستان ڕاپێچی بەندیخانەکان کران و لە ماوەیەکی کورتدا حوکمی ئێعدامیان بە بێ دادگایی دەرکراو بەڕێوەچوو. لە تەواوی ئەم ماوەیەدا ژنان بە مانگرتن و خۆپیشاندان لە سەر شەقامەکان و ڕێپێوان، کۆڵەکەی خۆڕاگری خەبات لە دژی ئەم ئێعدامانە بوون. بەڵام جەللادانی زەمان بە هیچ دایك و ڕۆڵەیەك ڕەحمیان نەکردو. هێزی پێشمەرگە بۆ بەربەرکانی لەگەڵ حکوومەت و بەرگری لە دەسکەوتەکانی پێك هات ولە شارەکان هاتنە دەرەوەو روویان لە دێهاتەکان کرد.

هێزەکانی پیشمەرگە لە پیاوانی لاو پێك هاتن و ژنانی خەباتکار لە شارەکان تەشکیلاتە نهێنییەکانیان پێك هێناو درێژەیان بە تێکۆشانی خۆیان لە نێو خەڵکی شارو دێهاتەکان دا. هاوکات بەڕێوەبردنی ئەرکی تەشکیلاتی، وەك پێوەندی کردن لە نێوان تەشکیلاتی شارەکان، پێوەندی گرتن بە هێزی پێشمەرگە، کۆکردنەوەی یارمەتییە ماڵی و تەداروکاتییەکان، چاپ و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەو هەواڵ و ڕاپۆرتی سازمانەکان،گواستنەوەی خەباتکاران لە شارەکانی ئێران بۆ ناوچەکانی ژێر کونترۆڵی پێشمەرگەو دەیان چالاکیی دیکەیان بە ئەستۆوە بوو. لێرەدا پێویستە تێکۆشانی دایك و هاوسەری پێشمەرگەکانمان وەك خاڵێکی بەرچاو و درەوشاوە لە خەباتی ئەم قۆناغەدا لەبەر چاو بێ و ڕێزی لێ بگرین.

**هێرشی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٦٠دا**



ئەم هێرشە بە شەپۆلێکی سەرکوت و حکوومەت نیزامیی ڕانەگەیەندراو دەستی پێ کرد کە هەر جۆرە دەنگێکی لە گەروودا خنکاند. بە هێرش بۆ سەر ڕێکخراوەکان، شەپۆلی گرتن و ئێعدام سەر لە نوێ دەستی پێ کردەوە. لەم پێوەندییەدا ژنانێکی زۆر گیران و کەوتنە ژێر دڕندانەترین ئەشکەنجەکان و دەستدرێژی و زۆربەشیان ئێعدام کران. کۆمەڵێکی زۆر لەم ژنانە چوونە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگە (بەتایبەت کۆمەڵە کە زۆرترین ڕێژەی ژنانی خەباتکاریان لەگەڵدا بوو).

**خەباتی چەکداریی ژنان**

بە پێشمەرگە بوونی ژنان و پەیوەست بوونیان بە ڕیزەکانی خەباتی چەکداری لە خۆیدا پێویستی بە خەبات لە دژی پیاوسالاری و دواکەوتوویی لە کۆمەڵگادا بوو. چونکە ئەم ڕەهەندە لە خەبات تا ئەو کات لە مێژووی کورستاندا ڕەهەندێکی پیاوانە بوو و هەنگاونان لەم مەیدانەداو وەلانانی ئەم بەربەستە، خوازیاری خەباتێکی دژوار لە ئاست کۆمەڵگاو ڕیزەکانی خەباتی چەکداری بوو. ئەگەرچی بە سەرەنجدان بە مێژووی ژنانی کوردستان، ئێمە یەکەم خەباتکاری چەکداری ئەم ڕێگەیە نەبووین، بەڵام ئەم قۆناغە خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی کە ئەوە لەم مێژووە خۆی جیا دەکردەوە.

ژنان شێلگیرانەو بە وشیارییەوە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی دیکتاتۆری و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی سوسیالیست خەباتیان دەکرد. ژنان نەتەنیا وەك تاك و، بە مەبەستی هێزی یارمەتیدەری پشت بەرەکانی شەڕ کە وەك نەریت ئەرکی ژنان بوو، دەرکەوتن بەڵکوو وەك خەباتکارێکی چەکدارو بە وەئەستۆگرتنی ئەرکی یەکسان و هاوبەش لەگەڵ پیاوان خۆیان پێناسە دەکرد.

خەبات بۆ یەکسانیی مافی ژن و پیاویان لە بەرنامەی کاری خۆیان داناو بەم شێوە قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ژنان لە کوردستان دەستی پێ کرد. لە مێژووی کوردستاندا شکاندنی ئەم تابۆیە بە ناو ژنانی کۆمەڵەو کۆمەڵەوە تۆمار کرا.

کۆماری ئیسلامی هیچ کات لە کوردستان ئارامیی بەخۆوە نەبینی

ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی توانی هەر جۆرە دەنگێکی ئازادیخوازانە لە ئێراندا بە شەپۆلی گەورەی گرتن و کوشتاری دڕندانە و ئێعدام بێدەنگ بکا، بەڵام هیچ کات نەیتوانی لە کوردستاندا ڕووی ئاسوودەیی بەخۆوە ببینێ. سەرەڕای ئەوەیکە ڕێکخراوەکان لە شارەکان نەمابوون، بەڵام ژنان لە چوارچێوەی کۆبوونەوە بچووکەکاندا لە دەوری یەکتر دادەنیشتن و بە سەردان لە ناوچە ئازادکراوەکان و وەدەستهێنانی هەواڵ، هەواڵی پێشمەرگەکانیان بە یەکترو خەڵك دەگەیاند.

لە چالاکییە نیزامییەکانی پێشمەرگە لە شارەکاندا، لە بەڕێوەبردنی ئەرکی هەواڵنێری، شاردنەوەی پێشمەرگەو بریندارەکان و گەیاندنیان بە شوێنی ئەمن و تەنانەت بۆ شارەکانی دیکەی ئێران بە مەبەستی دەرمان کردنیان و دەیان جۆر لەم کارانە، هاوکاریی ڕێکخراوەکانیان دەکرد. یارمەتییە ماڵییەکانیان کۆدەکردەوەو لە لایەن ژنان بەتایبەتی دایکان دەیانگەیاندە دەست پێشمەرگە. بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەو سازمانەکانی دیکەیان دەست بە دەست بڵاو دەکردەوە. لە ژێر ناوی لەدایکبوونی منداڵەکانیان، ڕۆژە مێژووییەکانی وەك ڕۆژی جیهانیی ژنان ڕۆژی ٨ی مارس و ڕۆژی کۆمەڵەو هەروەها کۆڕو کۆبوونەوەیان بەڕێوە دەبرد. ئەم چالاکییانە لە سەردەمێکدا بەڕێوە دەچوون کە هەر جۆرە کۆبوونەوەیەك قەدەغە کرابوو. لە شارو دێهاتەکانەوە ژنان دەچوونە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگەوە. ئەمانە تەنیا نموونەیەکی بچووکن لەو چالاکییانەی کە لەم قۆناغەی خەباتی ژنان بەڕێوە دەچوون. پێویستە هەر لێرەدا لە تەواوی ژنانی دێهاتەکانی کوردستان بۆ هاوکاریی کردن وپشتیوانی لە پێشمەرگە، ڕێز بگرین. ئەم ژنە بوێرانە، کە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین یەکێك لە کۆڵەکەکانی سەرەکیی خۆڕاگری بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد بوون، بە تەواوی توانای خۆیان لە هەوڵی یارمەتی گەیاندن بە پێشمەرگە بوون و سفرەی هەژارانەیان هەمیشە بۆ پێشمەرگە ڕاخرابوو. دایم لە جموجۆڵ دا بوون کە ئەمنییەت و ئاسایشی پێشمەرگە دابین بکەن. بریندارەکانیان لە ماڵی خۆیان دەشاردەوەو، تیمەکانی پێشمەرگەیان لە شوێنی ئەمن و ئەرخەیان دەحەواندەوەو هاوکاریی دایکانەیان دەکرد لە ناردنیان بۆ لای پێشمەرگەو ڕۆڵەکانیان و هەروەها دەیان و سەدان فیداکاریی دیکە کە شایانی ڕێزلێنانن.

**ڕەوشی خەبات لە شارەکان**

دەوڵەت لە دەیەی ٦٠ بەشێکی بەرچاو لە ژنانی بە بیانووی خزمایەتی لەگەڵ پێشمەرگە (دایك، هاوسەر، خوشك) و ڕابردووی سیاسی، لە سەر کار دەرکردن. زۆربەی ئەوان لە ڕێگە کاری دیکە وەك فەڕش چنین و بەرگدووری و ... ژیانە هەژارانەی خۆیان و منداڵەکانیان بەڕێوە دەبردو کۆڵنەدەرانە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا بەرگرییان دەکردو درێژەیان بە خەباتی خۆیان دەدا. دەوڵەت بەمەشەوە نەوەستاو دەیان بنەماڵەو سەدان کەسی لە ماڵ و حاڵی خۆیان بۆ شارە دوورەکانی ئێران دوور دەخستەوە. بەڵام ئەم ژنانە لەوێش ئۆقرەیان نەگرت و بە خۆڕاگری لە بەرامبەر گوشارەکانی ڕێژیم و بانگەشە لە دژی کۆماری ئیسلامی و لەقاودانی سیاسەتەکانی، سەرنجی خەڵکی ئەو ناوچانەیان بۆ لایەنگری لە خۆیان ڕادەکێشا.

شەڕی ئێران و عێراق سەرەڕای کاریگەریی ماڵ وێرانکەر لە سەر گیان وماڵی خەڵك، بوو بە هۆی داڕمانی باری ئابووری و بێکاری لە نێوان خەڵکدا. گوشاری ئابووری بۆ سەر خەڵك و ڕووکردنی ژنان بۆ کار بە هۆی گوشارو هەژاری، بوونە هۆی ئەوە کە کۆماری ئیسلامی بە کردەوە ناچار بە پاشەکشە بێت لە بەرتەسك کردنەوەی چوارچێوە پیشەییەکانی ژنان. ڕووکردنە ژنان و کچان بۆ خوێندن لە زانکۆکان و وەدەستهێنانی پسپۆریی جۆراوجۆری زانستی و کۆمەڵایەتی، بە کردەوە وڵامێکی ددان شکێن بوو بە نیسبەت بەربەستەکانی دەوڵەت بۆ قەدەغەکردنی ١٢٤ "ڕشتە"ی زانکۆ لە ژنان و بێکار کردن و لەسەر کار وەلانانی لە پیشە جۆراوجۆرەکان و هەوڵدان بۆ خانەنشین کردنیان.

خوێندەواریی ژنان، ڕووکردن لە کارو پێویستییەکانی کۆمەڵگا بوونە هۆی هاتنە ئارای داخوازییەکانیان. نکۆڵی لە داواکارییەکانی ژنان لە لایەن دەوڵەت و دروست کردنی بەربەست و داڕشتنی یاسای دژ بە ژنان هۆکار گەلێك بوون بۆ خەباتی ژنان لە پێناو گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان کە بە دربڕینی ناڕەزایەتی لە ڕێگەی بڵاوکراوە، کتێب و ماڵپەڕە فێمێنیستی‌یەکان دەستی پێکرد. بەم شێوەیە یاساکانی دژ بە ژنان لە کۆماری ئیسلامی کەوتنە ژێر ڕەخنەو پرسیارەوە.

ژنان کۆبوونەوەو خۆپیشاندانە جۆراوجۆرەکانی وەك ڕێوڕەسمی ٨ی مارس و دەرکردنی چەند بڕیارنامە لەم پێوەندییەدا ویست و داخوازییەکانیان ڕێکخستن.

خەبات لە دژی کوشتنی ژنان لە ژێر ناوی ناموس و داب و نەریتە دواکەوتووەکان و بیری عەشیرەتی و پیاوسالاری، لە کوردستان دەستی پێ کرد. سەرەنجام ڕێکخراوی دێموکراتیك و ئاشکرا بە مەبەستی خەبات بۆ مافی ژنان دامەزرا. تەواوی ئەمانەو دەیان بابەتی دیکە نموونەیەکن لە جموجۆڵ و تێکۆشانی بزووتنەوەی ژنان، کە چالاکان و پێشڕەوانی خۆی پەروەردە کردوە.

ئەم بزووتنەوەیە وەك بەشێك لە خەباتی سەرانسەریی ئێران، و بەشێك لە بزووتنەوەی ژنان لە ئێران و هاوکات بۆ نەهێشتنی ستەمی ڕەگەزی و یاساکانی هەڵاواردنی دەوڵەت لە نێوان ژن و پیاو و دەیان یاسای لەم چەشنە خەبات دەکەن. هەروەها ژنانی کورد لە پێناو نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی و ڕەگەزی لە خەبات دان. لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ خەباتی ژنانی بەشەکانی دیکەی کوردستان هاوچارەنووسن و لەوان ئەزموونیان وەرگرتووەو کاریگەرییان لە سەر داناوەو لەم ڕێگەیەدا تێدەکۆشن.

دواکەوتوویی کۆمەڵگای کوردستان کە لە نەبوونی ناوەندە سەنعەتییەکان لە کوردستانداو کەمبوونی کار بۆ ژنانی چینی هەژاری کۆمەڵگاو نەبوونی سەربەخۆیی ئابووری بۆ ژنان لە ئاستێکی بەربڵاو و گشتیی‌داو نائاگایی توێژی ژنان لە مافی خۆیان، خەبات لە دژی بیری عەشیرەتی و پیاوسالاری، فرەژنی، پێك هێنانی ژیانی هاوبەش لە تەمەنی کەمدا، ژن بە ژن، خەتەنەی ژنان، خۆ سووتاندن، قەتڵی ناموسی‌و دەیان داب و نەریتی داوکەوتووی دیکە لەو پرس و کێشانەن کە ژنانی کورد لەگەڵیان بەرەوڕوون. لەم ساڵانەی دواییدا ژنانی خەباتکارو وشیار بە شێوەی جۆراوجۆر بۆ نەهێشتنی ئەم کێشانە خەبات دەکەن. ئەگەر ئاوڕ بدەینە سەر بوارەکانی دیکەی وەك، شێعرو ئەدەبیات و مۆسیقاو فیلمی ژنان، لە کولتووری کوردیدا جێگەیان خاڵییە. ئەگەرچی لە بواری شیعرو مۆسیقا هەنگاو نراوە بەڵام هێشتا لە دەسپێکی کار دان. لێرەدا دەبێ لە بەربەست شکێنانی ئەم بوارە ڕێز بگرین. لە بەر ئەوەی ئەوان تەنیا داهێنەرانی ئەم بوارەن، بەڵکوو خۆڕاگرانی سەرسەختی خەبات لە دژی بیروبڕوای کۆنەپەرستانەو دواکەوتوویی ئایینیشن.

---

دریژەی:

## هەڵبژاردنەكانی عێراق و هاوپەیمانییە نوێیەكان

نێوانی لەگەڵ ئەمریکا تێك چوو ناچار بوو پشت بە ئێران ببەستێ و تەنانەت گوێڕایەڵی داواکارییەکانی بەرپرسانی ئەو وڵاتە بێ. ناوبراو بە پێی ئەوەی بەرپرسی "کومیتەی وەڵامدانەوەو دادپەروەری"یە کە کاری دۆزینەوەو وەلانانی لایەنگران و هاوبیرانی "حیزبی بەعس"ـە، توانی "ساڵح مۆتڵەك" کە دژایەتییەکی توندی سیاسەتەکانی ئێران لە عێراق دەکا و بە بەعسی ناسراوە وەلا بنێ و نەهێڵێ خۆی بۆ پارلمان کاندید بکا. ساڵح مۆتڵەك لەم پەیوەندییەدا پێشتر ڕایگەیاندبوو کە وەلانانی ئەو لەسەر داواکاری کۆماری ئیسلامی و گوشارەکانی "مەحموود ئەحمەدی نژاد" بووە. بەگشتیی تایبەتمەندیی سەرەکی ئەم هاوپەیمانییە ئەوەیە کە زۆربەی ئەو کەسایەتی و هێز و لایەنانەی کە تێیی دا بەشدارن دۆستایەتی و نزیکایەتییەکی زۆریان لەگەڵ ئێران هەیە. پەیوەندیی نێوان مەجلیسی ئەعلای ئیسلامیی عێراق پەیوەندییەکی دێرینەیە و ئەمەش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ باوەڕی ڕێبەرانی ئەم پێکهاتەیە بە "وەلی فەقیە" و تەنانەت ئێستا هەندێکیان "عەلی خامنەیی"یان وەك ڕێبەری موسولمانانی جیهان قبووڵە.

لەم هەڵبژاردنانەدا جگە لە ئێران کە لە ڕێگەی شیعەکانەوە هەوڵی دەستێوەردانی دەداو پشتیوانیی لە "هاوپەیمانی نیشتمانی" دەکرد، "عەرەبستان" بە پشتیوانی کردن لە سوننەکان، سوریا بە پشتیوانی کردن لە پاشماوە و لایەنگرانی حیزبی بەعس کە ئێستا زۆربەیان لەو وڵاتە وەك پەنابەری سیاسی دەژین و تورکیا بۆ مسۆگەر کردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەوڵیان دەدا.

هەڵبژاردنەکانی ٧ی مارسی ٢٠١٠ی پارلمانی عێراق، هەڵبژاردنێکی گرنگ و هەستیار بوو بۆ عێراقییەکان و لە زۆر ڕووەو ببووە جێی سەرنجی کۆمەڵگای جیهانی و نزیکەی ١٥٠٠ چاودێری نێونەتەوەیی چاودێریی پرۆسەی هەڵبژاردنی پارلمانی عێراقیان کرد.

خاڵێکی دیکە کە لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ، ئەوەیە کە بە پێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ی پارلمانی عێراق کە هاوپەیمانییەکان زیاتر لەسەر بنەمای عەشیرەیی و مەزهەب بوو، هاوپەیمانییەکانی ئەم جارە، چەند هاوپەیمانییەکی نوێ بوو. بە جۆرێك کە ئەوانەی کە تا دوێنێ ڕەکابەر و دوژمنی یەکدی بوون، ئەم جارە لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەك و لیستێکدا بوون و ئەوانەی کە تا دوێنێ لە یەك سەنگەردا بوون، ئەم جارە بوون بە ڕەکابەری یەکدی. واتە هاوپەیمانییەکان لەم هەڵبژاردنانەدا تێکەڵاوێك لە بیرو ڕێبازی جۆراوجۆر بوون و ئەمەش دەبێ وەك فاکتەرێکی پۆزەتیف لە پێناو پێش خستن و سەقامگیر کردنی پرۆسەی دیموکراسی لە عێراقدا چاوی لێ بکرێ.

---

تێبینی: ئەم وتارە پێش ڕاگەیاندنی ئاکامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق نووسراوە.

# شنۆ، کیژۆڵەی هونەرمەند،
# شنەیەکی بیرهێنەر بۆ یادەکانی ئێمە

لە پشت هەر پیاوێکی سەرکەوتوو، ژنێک هەیە. لە پشت هەر منداڵێکی سەرکەوتووشدا دایک و بابێکی چالاک و مێهرەبان هەن.

"شنۆ"، شنەیەکی بیرهێنەر بۆ یادەکانی ئێمە، ڕەنگە بۆ زۆر کەس، ناوێکی ناسراو بێ. هەوەڵ جار لە ڕێگای ئینتێرنێتەوە "شنۆ"م ناسی، ڕۆژێک کە سەیری بەڕێوەچوونی سمینارێکم کرد، شنۆ لەو کۆڕەدا گۆرانی دەگوت. سەرەتا تۆزێک حەپەسام کە چۆن منداڵێکی بەو تەمەنە، دەتوانێ گۆرانی "هاتەوە تەیرەکەی گەرمێنێ" بڵێتەوە. لە خۆم پرسی تۆ بڵێی شنۆ لە مانای ئەو وشانە بگا.

لە سەروبەندی ڕۆژی جیهانیی ژناندا بوو کە بۆ بەشداری لە سمینارێک بە بۆنەی ٨ی مارس وێڕای هێندێک دۆستی‌تر بانگهێشت کرابووین. لە ڕیزی بەرنامەکاندا ناوی شنۆ نووسرابوو، بەس نەمدەزانی کە ئەوە هەمان کەسە کە لە ئینتێرنێتدا گوێم لێ‌گرتبوو. کاتێک نۆبەی شنو هات و بانگیان کردە سەر شانۆ، دیتم ئەو هەمان کەسە کە ئارەزوی دیتنیم دەکرد. لە کاتی پشوودانداا چوومە لای و پڕبە دڵ لە باوەشمکرد. ژمارە و ئیمایلەکەییم وەرگرت. چەند پرسیارێکم بۆ نارد. ئەوەش دەقی تێکهەڵکێشی پرسیار و وڵامەکانە:

شنۆ لە ١٩ی خاکەلێوە، لە شاری فالۆنی سەر بە پارێزگای دالارنا لە وڵاتی سوێد، چاوی بە دنیا پشکوتوە و ئێستا نۆساڵە و پۆلی سێی سەرەتاییە. لە قوتابخانە زۆر زیرەک و سەرکەوتوویە. شنۆ سێ برای هەیە بە ناوەکانی دیاکۆ، شێرکۆ و وریا.

دایکی، ئامینە سەمەدی و باوکی عومەر ئەحمەدی خەڵکی شاری شنۆ، دەڵێن: "کاتێک ئەو منالەیان لەدایک بوو، هێندە خۆشەویستیی زێدەکەیان لەلا زۆر بوو کە ناوی تاقە کچەکەیان نا شنۆ."



دایکی شنۆ دەڵێ: "باوەڕتان بێ کچەکەم دوو ساڵان بوو کە دەستی بە گۆرانی گوتن کرد." بەدڵنیاییەوە ئەو قسەیە ڕاستە. چونکە هێندێک مناڵ، لە تەمەنێکی زۆر زوودا، توانایی و بەهرەکانییان دەردەخەن.

شنۆ لە هەشت ساڵیدا بۆ هەوەڵ جار چووە سەر شانۆ و بۆ کۆمەڵێکی بەرفراوانتر لە بنەماڵە و قوتابخانە ، گۆرانیی گوت. ئامینە خانم دەڵێ: "تا ئێستا لە چەندین شوێن و کۆبوونەوەدا بەشداربووە. ساڵی ڕابردوو لە سمینارێکی یەکێتی ژنان لە وڵاتی فینلاند، دوو سێمیناری هەمان ئۆرگان لە سوئێد و ئەمساڵ لە ٦ی مارس لە زانکۆی ستۆکۆڵم لە لایەن بەڕێوەبەرانەوە بانگهێشت کرابوو. هەروەها لە جێژنی دووی ڕێبەندانی ئەوساڵ لە شاری وێستروس بەشداربوو. ڕۆژی ٢٧ی فێورییە، لە شاری ئۆرێبرو کۆنسەرتێک بۆ هونەرمەند عەدنان کەریم سازکرا و شنۆ بۆ ئەو ئاهەنگەش داوەت کرا. لەوێ شنۆ چەند گۆرانیی "عەدنان کەریم"ی گوتەوە کە بوو بە مایەی خۆشحاڵیی ئەو هونەرمەندە. شنۆ حەزی لە گۆرانیەکانی عومەر دزەیی، ناسر ڕەزازی، عەدنان کەریم و کانییە.

شنۆ تا ئێستا نەچۆتە کلاسی موسیقا لە دەرەوەی قوتابخانە و هەر لە ماڵەوە هەوڵی داوە کە لە ڕێگای گوێگرتن، گورانیی کوردی فێربێ. دایکی شنۆ دەڵێ کە بڕیارمانداوە بۆ گەشەسەندنی تواناییەکانی بچێتە کلاسی موزیک و گۆرانی، بەڵام بەداخەوە ئەو کلاسانە لە دەرەوەی ستۆکهۆڵم کەمن.

شنۆ لە قوتابخانە بە سویدی و ئینگلیزی گۆرانی دەڵێ و لە کێبەرکێیەکانی قوتابخانەدا یەکەم هاتۆتەوە. بە یارمەتیی ماموستاکانی لە قوتابخانە، کلیپێکیان بە زمانی ئینگلیزی بۆ تۆمارکردوە. "

لە قوتابخانەدا یەکەم هاتۆتەوە. بە یارمەتیی ماموستاکانی لە قوتابخانە، کلیپێکیان بە زمانی ئینگلیزی بۆ تۆمارکردوە. هاوینان، شنۆ لەگەڵ دایکی دەچێتەوە کوردستان و لەوێ خەریکی فێربوونی زیاتری گۆرانیی کوردی دەبێ وهەر لەوێش تا ڕادەیەک فێری پیانۆلێدان بووە. شنۆ دەخوازێ کە هەم گۆرانی بچڕێ و هەم ساز لێ بدا و کاری موزیک بکا.

دایکی شنۆ ئاماژە بەوە دەکا کە زۆر جار شنۆ مانای وشەکانی ناو گۆرانییەکان نازانێ و لە دایک و بابی دەپرسێ و ئەوانیش بۆی شی دەکەنەوە و لە مانای گورانییەکانی دەگەیێن. شایانی باسە کە ئامینە خانم، زۆر کاتی بۆ شنۆ داناوە و یارمەتی دەکا، گۆرانی لەگەڵ دەڵێ و دەقی گۆرانییەکانی فێردەکا، لەگەڵی دەچێتە بۆنەکان و هاودەم و هاوسەفەری شنۆیە. شنۆ هەست بە خۆشەویستی دەکا و دەزانێ کە خەڵک خۆشیان دەوێ. هەر ئەوەش دڵگەرم و شادی دەکا و هانی داوە کە بەردەوام بێ لە چالاکیی هونەریدا. دایک و بابی شنۆ دەڵێن کە ئەوان سپاسی ئەو کەسانە دەکەن کە پشتیوانی کچەکەیانن و هانی دەدەن کە بەردەوام بێ لە چالاکیی هونەریدا. هەروەها زۆر سپاسی ماموستای کوردیی شنۆ دەکەن کە بۆ زیاتر فێربوونی کوردی، یارمەتیی شنۆ دەدا.

منیش دەڵێم: سپاس بۆ ئەو دایک و بابانە کە پشتیوانی منالەکانیانن. سپاس بۆ ئێوە کە ڕێگا بۆ شنۆ خۆش‌دەکەن کە وەک باڵندەیەک ئازاد بفڕێ.

شەهلا دەباغی

٢٠١٠-٠٣-١٢ ستۆکهۆڵم

وەرگیراو لە ماڵپەڕی "ڕۆژهەلات تایمز"

---

# مزگین



مزگین ل دل بوویە بهار گول پشکڤی دەرکەت ژ خار،

بلبل ب گول رە بوو هەڤال دل نوو ژ خەو بوویە شیار.

گاڤا مە مزگین دایە دل تێدە نەمانە دەردو کول،

رابوو ژ خەو هات پێشی گول پێچان ل خوە چارو خومار.

سەد ئافەرین بۆ ڤی دلی ئێریش برە دێمێ گولی

چارک ل بەژنێ هەربلی هاتن سەما بسک و گوهار.

بسک و گوهار هاتن سەما ئەپری ل سەر زولفا نەما

دلبەر ژ بەر من هەر وە ما دنیا ل من بوو دۆست و یار.

سەد ئاه ژ وان چاڤێن د رەش بسکێن سیاه دێمێن د گەش،

وان گۆتنێن شێرین و خوەش شەربەت ژ لێڤان، من ڤەخوار.

شەربەت ژ لێڤان من مژی هە تا کو دل ژێ بوو تژی،

ڤەت ئاگرێ دل ناکوژی پێتی ل دل دان، بوو هەوار.

من دێم و گەردەن گەز کرن خالان ب تالان من برن،

دەستان مەمک تالانکرن، ماچان ژ هەر دەر پێ ژمار.

پێشی ب رەمز و نازنا جەنگ بوو ب کولم و بازنا،

پاشێ ب لاڤ و گازنا وەک روستەم و ئەسفەندیار.

ماچەک ژ لێڤان من ستاند دەردێ ل دل من پێ رەڤاند،

دەستێ مە گرت و نوو هەژاند، گۆ: سەرسەرا ئەی شەهسوار.

رابوومە پێ خاتر مە خوەست، قۆلان و کەمبەر زوو ڤەبەست،

ئەم هەردوو گەردەنخوار و مەست پێتا د دل دە نابە سار.

ڤەهوا شێرین لێڤێن شەکر دا من، ل من دەرگەهـ ڤەکر،

دەردێ دلێ من زێدەکر دیسا جەگەرخوین مایە ژار.

جگەر خوێن

---

# کۆچی دوایی پرۆفیسۆری کوردناس لازاریۆڤ



پرۆفیسۆر میخایل سیمونویچ لازاریۆف، دوکتورای زانستی مێژوو و سەرۆکی لقی کوردناسیی ئەنیستیتۆی رۆژهەلاتناسیی ئەکادیمیای زانستەکانی رووسیە، رۆژی ٧ی مارس لە تەمەنی ٨٠ سالی دا لە شاری مۆسکۆ کۆچی دوایی کرد.

لازاریۆف، لێکۆلەرێکی کورد دۆست بوو.

سالی ١٩٣٠ لە مۆسکۆ لە دایك ببوو. سالی ١٩٥٢ لە زانستگەی دەولەتیی لۆمۆنۆسف لە مۆسکۆ خوێندنی لە بواری مێژوودا تەواو کرد. سالی ١٩٥٦ لە ئەنیستیتوی رۆژهەلاتناسیی ئاکادیمیای زانستەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت دەست بەکار بوو.

لازاریۆف زیاتر لە ٢٠٠ ریسالەو، وتاری بە نرخی لە بارەی مێژووی هاوچەرخی کوردستان، ئێران، تورکیە و ولاتانی عەرەبی نووسیوە کە ٦ یان وەك کتێب بلاو بوونەوە.کتێب و نووسینەکانی وەرگێڕدراونە سەر زمانەکانی کوردی، عەرەبی و فارسی. ئۆگرانی مێژووی کورد بە هۆی وەرگێڕانی کتێبەکانی "مێژووی کوردستان" و "کوردستانی هاوچەرخ، پرسەکانی بزووتنەوەی کورد" بۆ سەر زمانی فارسی کە بە هاوکاریی کوردناسان و رۆژهەلاتناسی بە ناوبانگی یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ وێنە مەحوی، حەسرەتیان، ژیگالینا، واسیلیەوا، باقرۆف و لازاریۆف نووسراون، لەگەل هێندێك لە نووسینە بەنرخەکانی ئاشنا بوون. کتێبەکانی کێشەی کورد ١٩١٧ ـ ١٨٩١، کوردستان و کێشەی کورد لە سالانی ٩٠ی سەدەی نۆزدەیەمـ ١٩١٧، کوردستان و کێشەی کورد ( ١٩٤٥ ـ ١٩٢٣ )، ئیمپریالیزم و پرسی کورد ١٩٢٣ ـ ١٩١٧، تێکرووخانی فەرمانرەوایی تورکیە لە رۆژهەلاتی عەرەبی (١٩١٨ ـ ١٩١٤) لە بەرهەمە زانستییە نەمرەکانی پرۆفیسۆر لازاریۆفن.

**"کوردستان" بەڕێزەوە یادی خزمەتە بە نرخەکانی ئەم زانا کورد دۆستە دەکاتەوە و بە بۆنەی کۆچی دوایی لازاریۆف، سەرەخۆشی لە بنەمالە و سەرجەم ئۆگرانی دەکا.**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No. 531 20 Mar 2010

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 - MHZ: 11604 -
Polarization: Horizental - S R: 27500 - FEC: 5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# خەڵاتەکانی ئۆسکاری ٢٠١٠

فیلمی سینەمایی " The hurt locker" لە دەرهێنانی "کاترین بیگلۆ" بە وەدەستهێنانی شەش خەڵات وەکوو براوەی سەرەکیی ٨٢ یەمین خولی ڕێورەسمی ئۆسکار دەستنیشان کرا.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە فیلمی " The hurt locker" کاتێک توانی خەڵاتی ئۆسکاری باشترین فیلم بەدەست بێنێ کە دەرهێنەرەکەشی " کاترین بیگلۆ" خەڵاتی باشترین دەرهێنەری ئەو ڕێوڕەسمەی پێشکەش کرا.

هەروەها پێشکەش کردنی خەڵاتی ئۆسکاری باشترین دەرهێنەر بۆ "کاترین بیگلۆ" یەکەم خەڵاتی مێژووی ئۆسکارە کە دەدرێ بە دەرهێنەرێکی ئافرەت.

براوەکانی دیکەی ئۆسکار بریتین لە:

باشترین ئەکتەری پیاو: "جێف بریجز" لە فیلمی "دڵی شێت"

باشترین ئەکتەری ژن: "ساندرا بولاك " لە فیلمی "the blind side "

باشترین ئەکتەری دوویەمی پیاو: "کریستۆف بالتز" لە فیلمی ( inglourios basterds)

باشترین ئەکتەری دوویەمی ژن: : "مۆنیك" لە فیلمی (گرانبەها)

باشترین گۆرانی: گۆرانی فیلمی "دڵی شێت"

باشترین سیناریۆ: "مارك بۆل" سیناریوی فیلمی"the hurt locker"

باشترین ئەنیمەیشنی ساڵ: ئەنیمەیشنی "باڵا" بەرهەمی "والت دیزنی"و "پیکسار"

باشترین فیلمی دەرەکی: فیلمی نهێنی "چاوەکانی ئەوان" بەرهەمی وڵاتی ئارژانتین

هەروەها فیلمی "ئاڤار" کە ڕکابەری سەرەکیی فیلمی (the hurt locker) بوو توانی خەڵاتی باشترین دیزانێر و کاریگەرییە تایبەتییەکان و باشترین وێنە گرتن بە دەست بێنێ.

# بەڕێوەچوونی فیستیڤاڵی شێعری هاوچەرخی کوردی لە پیرانشار



فیستیڤاڵی شێعری هاوچەرخی کوردی ڕێکەوتی ١١ و ١٢ مارس لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی ئەدەبی چرای پیرانشار لە هۆڵی شانۆی ئیدارەی فەرهەنگی ئەم شارە بەڕێوەچوو.

ئەم فستیڤاڵە بە بەشداریی سەدان شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی شێعری هاوچەرخی کوردی و هەروەها ڕێز گرتن لە یادی شەهیدانی سەقیلی ١٧ی ڕەشەممەی پیرانشار بەڕێوە چوو.

هەر لەم فیستیڤاڵەدا میزگردێك بۆ پسپۆڕانی بواری شێعر ڕێكخراو لە نێوئاخنی دانیشتنەکاندا گرووپی موزیکی شەونم چەند پارچە مووزیك و گۆرانییەکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

لە کۆتایی فیستیڤاڵەکەدا شاعیران "عوبید سورخابی، لەیلا سالمی، کەماڵ ئەمینی، ڕەسوڵ سۆفی سوڵتانی، ئازاد محەممەدیانی و کەریم خزری بوونە خاوەن خەڵاتی شێوەی باڵاتری فیستیڤاڵ و هەروەها خەڵاتی بەردەنگانی فیستیڤاڵ بە کەریم (افعی بەخشرا و شێعری شاعیران "سەید سمایل سەید شوکری، حامید ئەمین عەشایری و هەرمان وەتمانی" کە تایبەت بوون بە شەهیدانی ١٧ی ڕەشەممەی پیرانشار خەڵات کران.

# ئێوارە کۆنسێرتێک لە پێشوازی٢۴ی ڕەشەممەدا



یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان ئێوارەی ڕۆژی چوارشەمە، ١٩ ی ڕەشەمەی ٨٨ ی هەتاوی لە پێشوازیی ٢٤ ی ڕەشەمە، ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان کۆنسێرتێکی بۆ چەند هونەرمەندێکی دەنگخۆش بەڕێوە برد.

لەو کۆنسێرتەدا کە بە بەشداریی سەدان کەس لە ژنان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سالۆنی بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی حدک دا بەڕێوەچوو، هونەرمەندان سابات حەمید، ساوێن حەمید، تۆڵە و بەرهەم حەمید کۆمەڵە بەرهەمێکی هونەریی خۆیان پێشکێش کرد کە لە لایەن ئامادە بووانەوە بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا.

# ڕۆژژمێری 1389 چاپ و بڵاو کرایەوە




ڕۆژنامەی "کوردستان" ئەمساڵیش وەك ساڵانی ڕابردوو، لە پێشوازی نەورۆز و بەهار و ساڵی نوێدا، ڕۆژژمێری "کوردستان" تایبەت بە ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوی ئامادە کردوەو لە چاپێکی جوان دا خستوویەتە بەرچاوی ئۆگران.

بە ڕۆژژمێری "کوردستان" ماڵەکانتان و شوێنی کارتان بڕازێننەوە.

# ڕووخانی دیواری شوێنەوارێکی مێژوویی لە سنە

بە هۆی کەمتەرخەمی و چاوەدێری نەکردنی پێویست دیواری یەکێك لە بینا کۆن و شوێنەوارێکی مێژووی شاری سنە داڕما.

بە گوێرەی هەواڵی "میهر نیوز" دیواری ڕاستی یەکێك لە شوێنەوارە مێژووییەکانی شاری سنە کە هەشت ساڵ لەمەوبەر لە ڕیزی شوێنەوارە مێژوویيە نەتەوەییەکان تۆمار کراوە بە هۆی کەمتەرخەمیی (میراث فرهنگی استان)ەوە بە تەواوی ڕووخا.

بینای موجتەهیدیی سنە کە ڕێکەوتی دروست کردنی دەگەڕێتەوە سەردەمی قەجەرەکان ٢٣ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٠ لە ڕیزی شوێنەوارە مێژوویيە نەتەوەییەکان تۆمار کراوە کە دەکەوێتە سەر رووبارو شەقامە سەرەکییەکانی سنە کە لە باری ئەندازیاریی و ئەو دارانەی پێی ساز کراوە بە یەکێك لە شوێنەوارە تایبەتەکانی پارێزگای سنە دەژمێردرێ.

# خەڵاتی "هاووڵاتیی ئینتێرنێتی" بە وێبلاگ نووسێکی کوردی ئێرانی درا




هەواڵنێرانی بێ سنوور و گوگل، خەڵاتی "هاووڵاتیی ئینتێرنێتی" بە ماڵپەڕی "گوڕان لە پێناو یەکسانی (تغییر برای برابری) وێبلاگی داکۆکیکەری مافی ژنان پێشکەش کرد.

پەروین ئەردەڵان یەکێك لە ئەندامانی ماڵپەڕی "گۆڕان لە پێناو یەکسانی" کە لە نووسینگە گوگل لە شاری پاریس ئەو خەڵاتەی وەرگرت وتی: بزووتنەوەی ژنانی ئێرانی بەردەوام خوڕاگر بووە و ئێستاش ئەو بزاڤە، ئەزموون و مێتۆدەکانی خۆی لە چالاکییە دێموکراتیکەکان دەگوازێتەوە فەزای ئۆبژێکتیڤ.

هاووڵاتیی ئینتێرنێتی خەڵاتی هاوبەشی گوگل، چاوەدێری فەڕەنسی مافی ڕاگەیەنەکان و هەواڵنێرانی بێ سنوور بۆ داکۆکی لە ئازادیی دەربڕینە.

بە گوێرەی ڕاگەیەنراوی گوگل و هەواڵنێرانی بێ سنوور، ئەو سایتە کە ساڵی ٢٠٠٦ وەڕێ خراوە بۆتە سەرچاوەیەکی زانیارییەکانی بواری مافی ژنان و ژنانی ڕۆژنامەنووسی ئینتێرنێتی، ڕووداوەکان و زەبرو زەنگی دەوڵەتیان لەم چەند مانگ دوایی دا کە بە گشتی داوێنگری خەڵکی ئێران بوو، بە جیهان نیشان داوە.

# یەکەمین کێبەرکێی خوێندنەوەی شانۆنامە لە سنە



یەکەمین خولی فیستیڤاڵی کێبەرکێی شانۆنامە خوێندنەوەی پارێزگەی سنە لە ژێر ناوی "وتار" لە هۆڵی پلاتۆی ئەنجومەنی شانۆی شاری سنە لە ڕۆژی ١٤ی مارس بەڕێوەچوو. لەم کێبەرکێیەدا لە ٢٥ دەقی شانۆنامەی وەرگیراو ٦ بەرهەم و دەقی شانۆیی گەیشتنە بەشی کۆتایی ئەو فێستیڤاڵە کە لە ئاستی شارەکانی پارێزگای سنەدا بەڕێوەچوو.

هەروەها هاوکات لەگەڵ ئەم فستیڤاڵەدا "WORK SHOP" ێکی پسپۆڕانەی هونەری شانۆنامە خوێندنەوە بە بەشداریی شانۆکاری ئێرانی "نەسروڵلا قادری " بە مەبەستی بردنە سەری ئاستی زانستی هونەرمەندانی بواری شانۆ و گرووپەکانی بەشدار بووی یەکەمین فیستیڤاڵی شانۆنامە خوێندنەوەی "وتار" ساز کرا.

پێویستە بوترێ ئەم فیستیڤاڵە بە پاڵپشتی حەوزەی هونەری پارێزگای سنە بە مەبەستی پتەو کردنی لایەنە سەربەخۆکانی هونەری شانۆنامە خوێندنەوە و هەروەها بەهێز کردنی بنەما فەرهەنگییەکانی هونەری پارێزگای سنەو زیاتر ناساندنی و هەڵسەنگاندنی تواناکانی هونەرمەندان لە چوارچێوەی تەکنیکی ئاخاوتن لە شاری سنە بەڕێوەچوو.




بەر لەماڵاوایی

# کوردستان و ساڵێک پیشێلکرانی سیستماتیکی مافی مرۆڤ

ئا: عەلی بداغی

**سەرەتا دریژەی پیشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە ٣ مانگی زستاندا:**

ماشینی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی و پیشێلکاریی سیستماتیکی مافی مرۆڤی کورد لە کوردستان لە لایەن ڕێژیمەوە لە ماوەی ٣ مانگی زستانی ئەو ساڵ دا زیاتر لە ١٧٩ قوربانیی وەرگرتوە.

لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا هێزە ئەمنییەتی و ئینتزامییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ٢٥ کەس لە خەڵکی بێتاوان و بێدەرەتانی کوردستانیان کوشتوە، کە ٢١ کەس لەو کوژراوانە خەڵکی کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون کە ڕاستەوخۆ لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراونەتە بەر دەسرێژ و هەر لە ئاکامی ئەو زەبرو زەنگە و تەقەکردنی سەرەڕۆیانەی هێزەکانی ڕێژیم لە کاسبکارانی کورد ١٣ کەس بریندار بوون.

فشاری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بۆ سەر کاسبکارانی کورد هەر بە کوژران و بریندار بوونی ئەو ٣٧ کەسە لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا کورت ناکرێتەوە. لەو ماوەیەدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە کەمین دانانەوە لە سەر ڕێی کاسبکاران و تەقەکردن لە کاروانی کاسبکاران زیاتر لە ١٤٠ سەر وڵاغی کاسبکارانیان کوشتوە، کە زیاتر لە ١٠٠ سەری ئەو وڵاغانە بە تەقە لێکردن لە مەودای چەند میترییەوە کوژراون و مەبەستی هێزەکانی ڕێژیم لەو کارەش زەرەر پێگەیاندن بەو کاسبکارانە بووە لە ماڵ و سامانی دنیا هەر ئەو وڵاغانەیان شک بردوە تا بە بار کێشان پێیان بژیوی ماڵ و منداڵیانی پێ دابین بکەن.

جیا لەوەش هێزەکانی ڕێژیم لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا دەستیان بە سەر سەدان باری کاسبکاران دا داگرتوە کە بە پێی بەراوردێکی سەرەتایی کاسبکاران خۆیان بایی زیاتر لە ٤٠٠ میلیۆن تمەن بووە.

هەر بە پێی ئەو هەواڵ و زانیاریانەی بە ناوەندی هەواڵی " کوردستان و کورد نیوز" گەیشتوون، لە ماوەی ٣ مانگی زستانی ئەو ساڵ دا ١٤١ چالاکی مەدەنی و هاونیشتمانی کورد لە کوردستان لە لایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی قۆڵبەست کراون و لە نێو ئەو ١٤١ کەسە دا ٢٨ کەسیان دادگایی و حوکمی ٦ ساڵ زیندان تا ٢٢ مانگ زیندانیان بە سەردا سەپاوە.

سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی خوێندکارانی کوردیشی هەڵ نەبواردوە. لە ماوەی ٣ مانگی زستان دا زیاتر لە ١١٠ خوێندکاری کورد لە زانکۆکانی ئێران بۆ کومیتەی ئینزباتیی زانکۆکان و حیراسەتی ئەو زانکۆیانە بانگ کراون و لە نێو ئەو ١١٠ خوێندکارەدا ٢٢ کەسیان سزای چەند تێرم بێبەش بوون لە خوێندن و دەرکران لە زانکۆیان بەسەردا سەپاوە. هەر لە ماوەی ئەو سێ مانگەی زستان دا هێزە ئیتلاعاتی و ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی ٢٧ خوێندکاری کوردیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی یان بە تاوانی بەشداری لە چالاکییەکانی نارەزایەتی دەربڕین لە هەڵسوکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی قۆڵبەست کردوە و لە بەندیخانەیان پەستاوتوون.

شایانی باسە ئەو ئامارانە بە پێێ ئەو زانیارییانە کۆ کراونەتەوە کە ڕاستەوخۆ بە ناوەندی هەوالی "کوردستان و کورد نیوز" گەیشتوون، ئەگینا بە دڵنیاییەوە ئاماری ورد و ڕوونی پیشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان زۆر لەوە زیاترە کە لێرەدا باسی کراوە.

بە کۆبەندییەک لە ئاماری پێشیلکارییەکانی مافی مرۆڤی کورد لە کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە و بە پێی زانیارییەکانی ٤ ڕاپۆرتی وەرزانەی ناوەندی هەواڵی" کوردستان و کورد نیوز" کورتە دیمەنێک لە پیشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە ماوەی ساڵی ١٣٨٨ ی هەتاوی بەم شێوەیە:

- ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ساڵی ٨٨ ی هەتاویش دا لە کار نەوەستا. لەو ساڵدا " ئیحسان فەتاحیان"، " فەسیح یاسەمەنی" و " ئەردەشیر کشاوەرز" بە تاوانی چالاکیی سیاسی و هاوکاری لە گەڵ حیزبە نەیارەکانی کۆماری ئیسلامی لە سێدارە دران و لە لایەن دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامییەوە حوکمی ئێعدام بە سەر کۆمەڵێکی دیکەش لە چالاکانی کورد سەپێندرا.
- لە ماوەی ئەو ساڵ دا ١٣٣ کەس لە خەڵکی بێتاوان و سڤیلی کوردستان ڕاستەوخۆ بە هۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە کوژراون.
- لە ساڵی ١٣٨٨ ی هەتاوی دا ٨٦ کەس لە خەڵکی کاسبکاری کورد لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بریندار بوون.
- لە ساڵی ١٣٨٨ دا٣٨٥ چالاکی مەدەنی، خوێندکاری و خەڵکی سڤیل و مەدەنیی کوردستان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لە لایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە قۆڵبەست کران، لە نێو ئەو کەسانەدا ١٢٦ کەسیان لە دادگاکانی شۆڕش دا دادگایی کراون و سزاگەلیکی وەک ئێعدام و زیندانیی ١١ ساڵ تا ٢٢ مانگ زیندان و دوورخرانەوەیان بە سەردا سەپێندراوە. لە نێو ئەو کەسانەدا کۆمەڵێک کەسیان بە بارمتەی قورس تا کاتی دادگایی کردنەکانیان ئازاد کراون و ژمارەیەکی زۆریشیان ئێستاش لە دەسبەسەرگەکانی دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ژێر ئەشکەنجە و لێپێچینەوەدان.
- خوێندکارانی کورد لە زانکۆکان ساڵێکی پڕ چالاکی و لە هەمان حاڵدا سەخت و دژواریان تێپەڕ کرد. لە ساڵی ٨٨ ی هەتاوی دا زیاتر لە ٢٧٠ خوێندکاری کورد و زۆربەیان لە ڕەوتی ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٢ ی جۆزەردان دا بۆ کومیتە ئینزباتییەکانی زانکۆکانی ئێران بانگ کران و لە نێویان دا ٥٤ خوێندکاری کورد لە گەڵ سزای زیندان، دەرکران لە زانکۆ و بێبەشبوون لە خویندن، هەڵپەسێرانی یەک تێرم یا دوو تێرمی خوێندن بەرەوڕوو بوونەوە.
- هەروەها ئێستا کۆمەڵێک گیراوی سیاسی ومەدەنیی کورد لە لایەن دەزگای قەزایی ڕێژیمەوە حوکمی ئێعدامیان بە سەردا سەپێندراوە هێندێک لەو لاوە بە ئێعدام مەحکووم کراوانە لە بەندیخانەدا بریتین لە:

فەرزاد کەمانگەر، عەلی حەیدەریان، فەرهاد وەکیڵی، شیرین عەلەم هوویی، شێرکۆ مەعارفی، زەینەب جەلالیان، ڕەمەزان ئەحمەد، فەرهاد چالش، ڕوستەم ئەرکیا، حەبیبوڵڵا لەتیفی، حوسێن خزری